# پەیامی ریفۆرمی پەروەردەیی

نووسینی

فوئاد قەرەداغی

# دەستپێک

دەستپێکی ئەم کتێبەم ، وەک باوە ، بەپێشەکییەک دەربارەی ناوەرۆکەکەی نابێت ، چونکە زۆربەیم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوکردۆتەوەو ، بەشێوەیەکی زۆر روون و سادەو ساکار بابەتەکان داڕێژراون و خوێنەر راستەوخۆ لەمەبەستەکان دەگات و پێوەی **ماندوو نابێت** .

لەم دەستپێکەدا لەسەر پەیوەندی خۆم و پەروەردەو فێربوون . دەنووسم ، لەسەردەمی منداڵیمەوە تا ئەمڕۆ ، بۆ دۆکیۆمێنتکردنی ئەم بەشە لە ژیانم و وەڵامدانەوە بەو پرسیارانەی زۆرجار سەبارەت بە خولیای کارکردنم لەم بوارەدا لێمدەکرێت .

هێشتا تەمەنم لەخوار پێنج سالانەوەبوو ، ناردمیانە بەر خوێندن لە حوجرەکەی ( مەلا جەبار ) لە بەرخانەقای مەولانا خالید . خوێندنەکەمان بریتیبوو لەفێربوونی قورئان بە رێگەی حنجە . دوای ماوەیەک دەریانهێنام چونکە تەنها وشەی ( **الحمد** ) لە سورەتی ( **الفاتحة** ) فێربووم ، دواتر لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەدا ناردمیان بۆ( قوتابخانەی زەهراء ) ی کچان و وەک گوێگر لەپۆلی یەکەم دانیشتم . ماوەیەک مامەوە ، بەڵام رۆژێک کەوتمە حەوزی قوتابخانەکەوەو بردمیانەوە بۆ ماڵەوە و ئیتر نەچوومەوە بۆ قوتابخانە . لە قوتابخانەی زەهراش تەنها یەک گۆرانی فێربوولەم ئەویش بە سەروگوێلاک شکاوی .

ساڵی خوێندنی **١٩٥٠ – ١٩٥١** تەمەنم پێنج ساڵ و نیو بوو ، باوکم بۆ چەند قوتابخانەی بردم هیچیان وەریاننەگرتم ، بۆیە مامم ( شێخ عەبدولرەحمان ) بردمی و وەک گوێگر لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ( ئەییوبییە ) دایانام ، هەر خۆشی رابەری پۆلەکەمان بوو و لەسەردەستی ئەودا فێری ئەلفبێی کوردی و عەرەبی بووم ، دیارە ئاستێکی باشم هەبوو بۆیە لەکۆتایی ساڵدا بە ئاگاداریی بەڕێوەبەری قوتابخانە مامۆستا ( عەزیز ساڵح ) **، مامم و** مامۆستا ( **عوسمان** ) پێکەوە لە هەردوو ئەلفبێی کوردی و عەرەبی و بیرکاری ( **حسب** ) تاقییانکردمەوە . لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرچووم ، کارتی دەرچوونیاندامێ و ئەو ساڵەم بەساڵی چوونە قوتابخانە بۆ دانراو لە تۆمارگەی پۆلی یەکەمدا ناونووسکرام .

ساڵی دوایی **١٩٥١ – ١٩٥٢** بردمیانە ( قوتابخانەی خالیدییە )و لە پۆلی دووەمەوە تا دەرچوونم لە پۆلی شەشەمم لەم قوتابخانەیەدا خوێند .

تا ئێرەو ، لەم قۆناغە بنەڕەتییەی ژیانمدا یادەوەریی ناخۆشم لەگەڵ خوێندندا نەبوو . لە حوجرە زۆر منداڵ بووم ، لەبەرئەوە لێپرسینەوەم نەبوو ، مامۆستاکەشمان بەهۆی ناسیاوییەوە زۆر ئاگادارمبوو ، بەوپێیەش دیسان لە قوتابخانەی زەهراء بەڕێوەبەری قوتابخانە ناسیاوی مامم بوو ، رۆژانە چاودێریی دەکردم و ، هەر قوتابییەک ئازاری بدامایە ، سزایدەدا ، بۆیە ئەو ماوە کەمەی لێیبووم هیچ گرفتێکم نەبوو ، بەیانیان بە خۆشییەوە **دەچووم** بۆ قوتابخانە . لە قوتابخانەی ئەییوبییەش هەم مامم ئاگادارمبوو ، هەم بەڕێوەبەریش کە پورزای ئامۆزاکانی باوکم بوو ، بەدرێژایی ساڵەکەش مامم و مامۆستا عەزیز عارەبانەیەکیان بۆ هاتووچۆ بەکرێ گرتبوو ، من و هەڵگوردی کوڕی مامۆستا عەزیز لەگەڵیاندا هاتوچۆی قوتابخانەمان دەکرد .

ئەوکاتەی لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرچووم ، یەک ناوەندی و یەک دواناوەندیی کوڕان لە سلێمانیدا هەبوو ، ناوەندییەکە لەماڵەوەمان نزیک بوو ، بۆیە لەوێ ناونووسیانکردم . زۆربەی قوتابییانی پۆلەکەمان لە قوتابخانەی خالیدییەو عەبدولئیلاه و سەرشەقامەوە هاتبوون ، ، لە پۆلەکانی دوو و سێشدا چەند خزم و دراوسێ و ناسیاوی لێبوو ، بۆیە هەستم بە نامۆیی نەدەکرد . خوێندنی ناوەندییمان بە زمانی عەرەبی بوو ، قوتابییان و مامۆستاکانیش بەدەستییەوە ماندوو بوون ، بەڵام حاڵی من لەوان باشتر بوو چونکە لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە ، هاوینان لە مزگەوت رێزمانی عەرەبیم دەخوێند تا ئەو هاوینەشی

لەپۆلی یەکەمی ناوەندی دەرچووم بەردەوام بووم ، سەرەتا لەلای مامۆستا شێخ مستەفای ئامۆزای باوکم لە مزگەوتی باپیرە گەورەمان ( شێخ مەعروفی قەرەداغی ) و دواتر یەک یان دوو هاوین لەلای مامم ( شێخ بابەعەلی ) کە ئەو کاتە لە مزگەوتی ( بنتەبەق ) مەلا بوو.

پۆلی یەکەم و دووەم لەم ناوەندییە بەسەرکەوتوویی بڕی و دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ ، ساڵی خوێندنی ١٩٥٩ – ١٩٦٠ ناوەندیی ( شۆڕش ) کرایەوە و خۆم بۆ ئەوێ گواستەوە ، یەکێک لە ساڵە خۆشەکانی خوێندنم تێدا بەسەربرد ، چونکە زۆرینەیەکی قوتابییەکانم دەناسی ، لەلایەک بەهۆی ئەوەی لەیەک گەڕەکدا بووین و ، لەلایەکیدیکەوە بەهۆی سیاسەتەوە ، کە دوای شۆڕش ، هەریەکەمانی بۆ ناو یەکێک لە دوو ڕێکخراوەکەی قوتابیان : ( یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ) پەلکێش کردبوو .

پۆلی سێیەمم لە ناوەندیی شۆڕش تەواوکرد . بۆ ساڵی نوێ دوو هەڵبژاردەمان لەبەردەمدا بوو ئەوانیش : خوێندن بەنیازی چونە زانکۆ لە بەغدا و تەواوکردنی لە دواناوەندیی سلێمانی ، یان جوون بۆ خانەی مامۆستایان و هەڵبژارنی پیشەی مامۆستایی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا .

سەرەتا خۆم بۆ خوێندن لە دواناوەندیی دانابوو ، ئارەزووی ئەوەم نەبوو ببمە مامۆستا ، هاوڕێکانم ، ئەوانەی نمرەی بەرزمان لە بەکالۆریدا هێنابوو ، ئاستێکی باشی خوێندنمان هەبوو ، هەموویان چوونە دواناوەندیی ، بەڵام من لە ماڵەوە ڕێگرم بوون ، بارو ئاستی ژیانمان گونجاو نەبوو ، باوکم لەلایەک دەستیکورتبوو ، لەلایەکیدیکەوە نەخۆشیی ماندوویکردبوو . بۆیە بەناچاریی چوومە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی .

لە خانەی مامۆستایاندا بەرەوڕووی هیچ گرفتێک نەبوومەوە ، وەک ئاستی خوێندن لە قوتابییە باشەکان دەژمێردرام ، بەهۆی کاری سیاسیشەوە ، وەک هەڵسووڕاوێکی چالاکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ، ڕێزێکی تایبەتیم لە نێو قوتابییەکاندا لێدەگیرا ، چەند مامۆستایەکیش چ بە شەخسی و چ ناڕاستەوخۆ بەهۆی سیاسەتەوە دەیانناسیم و ، بۆ هەندێک کارو گرفتی قوتابیان پەیوەندیمان هەبوو . ئەم فەزاکراوەیەی خانەی مامۆستایان بەرە بەرە روانگەمی بەرامبەر پێشەی مامۆستایەتی بە ئەرێیانە گۆڕی و هانیدەدام بۆ کۆشش و هەستکردنی زیاتر بە لێپرسراوێتی چ بەرامبەر دواڕۆژ بەگشتی وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و ، چ بەرامبەر خوشک و براکانم و هەڵگرتنی ئەرکیان دوای دەرچوونم .

ساڵی ١٩٦٣ خانەی مامۆستایانی سلێمانیم بە پلەی یەکەم بڕی ، لەبەر ئەوەی قوتابخانەکانی لادێ زۆربەیان بەهۆی شۆڕشی ئەیلولەوە داخرابوون و دەورەی پێش ئێمەش ، دەرچووانی ساڵی ١٩٦٢ ی خانەی مامۆستایان لە هەولێر دامەزرابوون ، ئێمەش هەر ئەوەمان بۆ خۆمان پێشبینی دەکرد کە بۆ هەولێر یان پارێزگایەکیدیکەمان بنێرن ، ئەوەبوو لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا فەرمانی دامەزراندنمان بۆ هەولێرو موسڵ دەرچوو. من بەر هەولێر کەوتم .

بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر بەسەر قوتابخانەکاندا دابەشی کردین ، من وەک یەکەمی دەورەکە لەنێو شاری هەولێر بۆ قوتابخانەی خالیدییە دانرام و ئەوانیدیکەش بۆ قەزاو ناحییەو گوندەکان .

لە هەولێر سێ ساڵ مامەوە ، سێ ساڵی پڕ چالاکیمبوو ، لەلایەک ماندووبوونێکی زۆرم کێشا بۆ وتنەوەی وانەکان و دەرچوون بە ئاستێکی باش ، لەلایەکیدیکەوە سیاسەت هەموو کاتمی داگیرکردبوو، لە ڕێکخستنەکانی پارتی و یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوان و یەکێتیی مامۆستایاندا کارمدەکردو رۆڵی بەرپرسیارێتیم لە هەموویاندا هەبوو . ئەم سەرەتایەی ژیانی مامۆستایەتیم کاریگەریی لەسەرم دانا ،بۆیە دەتوانم بڵێم : بە هەمان ئاست و چالاکییەوەو ، بلشتر ، تا دوایین ساڵەکانی مامۆستایەتیم بەردەوام بووم .

تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆدا وەکوو هاوڕێکانم بۆ چەندین ساڵ گرێی دەروونیی بۆ دروستکردبووم بۆیە بۆ دەرفەتێک دەگەڕام ئەو گرێیە بکەمەوەو ژیانم بە رەوتی ئاسایی خۆیدا بڕوات ، تا لەساڵی ١٩٧٣ دا ئەو دەرفەتەم بۆ رەخساو لە زانکۆی (المستنصرية) ی ئێواران ، لەکۆلیژی ( ئاداب ) بەشی ( پەروەردەو سایکۆلۆژیی ) وەرگیرام ، لە پۆلی سێیەمیشەوە چوومە لقی ( ئیدارەو سەرپەرشتیی پەروەردەیی ) . بەم جۆرە چوار ساڵ بەڕۆژ مامۆستا و بەشەو خوێندکار بووم ، سەرەنجام ساڵی ١٩٧٧ بە پلەی دووەم زانکۆم تەواوکردو گەڕامەوە بۆ پەروەردەی سلێمانی .

لەڕاستیدا تەواوکردنی زانکۆو پسپۆڕێتیم لە بواری پەروەردەو سایکۆلۆژیی بەگشتی و ( ئیدارەو سەرپەرشتیی پەروەردەیی ) بەتایبەتی جۆرێک جێگیربوونی بە ژیانم دا ، مامۆستایەتی و بابەتە سایکۆلۆژیی و پەروەردەییەکان واتایەکیدیکەی لەبیرکردنەوەمدا دروستکرد ، بۆیە کەداوایان لێکردم لە ( یەکەی راهێنان ) ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی کار بکەم ، پەسەندمکرد . لە ( یەکەی راهێنان ) کە دواتر بووە ( بەڕێوەبەرێتیی ئامادەکردن و راهێنان ) بۆ ماوەی پازدە ساڵ مامەوەو کارێکی زۆر جیددیم بەجێدەگەیاند ، جگە لە کارە ئیدارییەکان ، بەڕێوەبەری دەیان کۆرسی مامۆستایان بووم ، وەک موحازیرێکیش وانە سایکۆلۆژیی و پەروەردەییەکانم لە سەدوبیست کۆرس زێتردا بە مامۆستایانی باخچەی ساوایان و هەرسێ قۆناغەکە ( سەرەتایی ، ناوەندی و ئامادەیی ) دەگوتەوە .

ئێستا دوای خانەنشینیی ئەو پەیامە پەروەردەییەم فەرامۆش نەکردووە ، گرنگیی بوارەکەو ، بەرپرسیارێتی بەرامبەر نەوەکانی ئەمڕۆو دوارۆژ ، بەردەوام هانمدەدن ، سۆراخی پرسی خوێندن و پرۆسەی پەروەردەی ئەم سەردەمەبکەم ، لە کاریگەرێتیی گۆڕانکارییەکانی جیهان لەسەر ئەم رەوتە پەروەردەییە بکۆڵمەوەو ، لە پرۆسەو ئەرکی هوشیاریی پەروەردەییدا بەشداربم .

ئەم کتێبە کۆبەندی کۆمەڵێک وتارو لێکۆڵینەوەو دیمانەی پەروەردەییە ، یەک لێکۆڵینەوەی لێدەرچێت ، ئەوانیدیکەیم لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە نووسیوە ، لەئینتەرنێتدا بڵاومکردوونەتەوە . تا دەرفەتی چاپکردنیم دەبێت ، بەم شێوەیە دەمێنێتەوە . هیوادارم خزمەتێکی مامۆستایان و پەروەردەکاران و پرۆسەی پەروەردەو خوێندنم لە کوردستاندا کردبێت ، داواکارم لە هەڵەو کەموکووڕییەکانی خۆشنەبن ، بەڵکو بە سەرنج و تێبینی و رەخنەکانتان پڕیان بکەنەوەو تێگەیشتنی منیش بۆ ئەم پرسە دەوڵەمەند بکەن .

فوئاد قەرەداغی

نیسانی ٢٠١٥

# پڕۆژەی بەرنامەیەک بۆ کاری گرووپێکی پەروەردەیی

## پێناسەیەک بۆ ئەم بەرنامەیە و گرووپی پەروەردەو فێرکردن :

ماوەیەک لەمەوبەر لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک گرووپێک بە ناوی ( پەروەردەو فێرکردن ) لە لایەن مامۆستا حەسەن ساڵح قەرەداخییەوە ڕاگەیەندرا . سەرەتا چەند مامۆستایەک ئەندامی ئەم گرووپە بوون ، بەڵام دوای ئاڵوگۆڕی بیروڕا و ، لەپێگەی بایەخی گرووپێکی وەهاو کاریگەرێتیی لەسەر بردنەپێشەوەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا ، بەپێویستزانرا دەرگای بوونە ئەندام بۆ هەموو هاووڵاتییەک ئاوەڵا بێت ، سەبارەت بەوەی پرسی پەروەردەو فێرکردن ، پرسی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە ، پرسێکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دواڕۆژی منداڵان و هەرزەکارانەوە هەیە ، پرسێکە کاریگەرێتیی لەسەر ئایندەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی هەیە .
دیارە پێکهێنانی گرووپ ، هەر گرووپێک ، مەبەستی لە دواوەیە . ئەم مەبەستە لە پێداویستییەکەوە سەرچاوەدەگرێت ، بۆیە ناکرێت بەبێ ئاڕاستە بمێنێتەوە بەڵکو سروشتی گرووپ وەها دەخوازێت ئامانجی دیاریکراوی هەبێت ، ئامانجیش دەبێت لە بەرنامەیەکدا دابڕێژرێت و شێوازی کاریش لەبەردەم ئەندامانی گرووپەکەدا ڕوون بێت . ئەم گرووپە کە پێداویستیی گەشەکردنی خوێندن و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا سەرچاوەی پێکهێنانێتی ، دەبێت لەپێناوی سەرکەوتنیدا خۆی ڕێکبخات و بزانێت چی دەوێت و چی دەکات ؛ ئەوەیش بە دیاریکردنی ئامانجەکان و شێوەی کارکردنی بۆ بەدیهێنانیان دەبێت .
ئەم دوولایەنە : ( ئامانج و شێوازی کار ) پێویستییان بە بەرنامەیەکی ڕوون هەیە کە ئەندامانی گرووپەکە پەسەندی بکەن و بە هەڵوێستێکی هەرەوەزییەوە بتوانن کاری بۆ بکەن ، بۆیە ئێمەش لەم گۆشەنیگایەوە ئەم بەرنامەیە ڕادەگەیەنین ، سەرەتا بۆ موناقەشەو تاووتوێکردنی هەموو لایەنەکانی ، دواتریش بۆ بڕیاردانی دوا صیغەی گونجاو و پراکتیزەکردنی . هەر لێرەدا پێویستە ئەوە ڕابگەیەنین کە ئەم گرووپە بێلایەنەو پەیوەندی بە هیچ حزب و لایەنێکی سیاسییەوە نییە ، تەنها گرووپێکی ئینتەرنێتییەو بەدیلی هیچ سەندیکاو یەکێتی و گرووپ و کۆمەڵەیەکی مامۆستایان نییە .

( پەروەردەو فێرکردن ) ، گرووپێکی ڕەخنەگرانەی پەروەردەیی کراوەیە بۆ هەر هاووڵاتییەک کە گۆڕانکاریی ڕیشەیی پەروەردەو پێشکەوتنی پرۆسەی خوێندنی لە کوردستاندا مەبەست بێت . گرووپێکە هەموو هاووڵاتییەکی کورد بە جیاوازیی ڕەگەزو ئایین و بیروباوەڕو لایەنداریی سیاسییەوە وەردەگرێت و ، تەنها مەرجێکی پەسەندکردنی ئەم بەرنامەیەو پشتگیریکردنێتی. شێوازی کاری ئەم گرووپە چاودێری و ڕەخنەگرتنی بەردەوامە لەو هەڵەو لادان و کەموکووڕییانەی لە سیستمی پەروەردەدا بەدیدەکات . بەپێی ئەو پرنسیپانەی خەباتی بۆ دەکات ، هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرکردنیان دەدات و ، لەڕێی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و سایتەکانی ئینتەرنێت و فەیسبوک و تویتەرەوە ، بە نووسین و پرۆژەو ڕاپۆرت و کۆمێنتی ڕەخنەگرانە بەشداریی پێکهێنانی ڕایەکی گشتیی و هوشیارییەکی جەماوەریی فراوان بۆ پەروەردەیەکی نوێ دەکات و ، هەڵوێستێکی فیکری و پەروەردەیی ئەرێنیانەی هاوچەرخ بەرامبەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا وەردەگرێت .

ئێمە ( ئەندامانی گرووپی پەروەردەو فێرکردن ) ، لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم پرنسیپانەدا کۆبووینەتەوەو ، ، بە گیانی هەستکردن بە لێپرسراوێتییەوە ، تواناکانمان دەخەینە خزمەتی گەشەکردنی پەروەردەو فێرکردنەوە .

بۆ ئەوەی ڕێوشوێن و جێی هەنگاوەکانیشمان دیار بێت ئەم بەرنامەیە لەم خاڵە سەرەکییانەدا ڕادەگەیەنین :

1 ) ( منداڵان لەپێشترن ) بە تەوەرەی سەرەکی و ئامانجی ستراتیژی و کاری پراکتیکیی پەروەردەو فێرکردن دەزانین .

2 ) هێنانەدی پەروەردەیەکی سیکولار لە کوردستاندا .

3 ) مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵ دوو پایەی سەرەکیی دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنن ، چ وەک شێوازی بەڕێوەبردن و ، چ وەک ڕەنگدانەوەی لە بەرنامەکانی خوێندنداو ، چ وەک پەیوەندییەکان لە هەموو ئاستێکدا .

4 ) پەروەردەکردنی زانستییانەی منداڵان بە پشتبەستن بە زانست و بیرکردنەوەو میتۆدی زانستی و ، بیناکردنی کەسایەتییان لەسەر ئەو بنچینەیەو ، دروستکردنی گیانێکی ڕەخنەگرانە تیایاندا ، بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەڵگەی ( گەورەسالاریی ، باوکسالاریی ، پیاوسالاریی ) ڕەتبکەنەوەو ، مل بۆ هیچ جۆرە کاریزماو پیرۆزاندنێک دانەنەوێنن .

5 ) پەیڕەوکردنی پرنسیپی یەکسانی و ڕەخساندنی هەلی چوونیەک بۆ فێربوونی هاووڵاتییان بە جیاوازی ڕەگەزو ئایین و بیروباوەڕی سیاسی و جێوڕێی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانەوە .

6 ) پەیڕەوکردنی شێوازەکانی فێرکردن لەسەر بنەماکانی : کارو چالاکیی خودیانەی فێرخوازان ، پەروەردەکردن بۆ ژیان ، ئاوێتەکردنی خوێندنی تیۆری و کاری پراکتیکی ، پەروەردەی هەمەلایەنەی منداڵ لەڕووی جەستەیی و ئەقڵی و زمانەوانی و ویژدانی و کۆمەڵایەتی و ئاکاریی ... هتد ، بەسوودوەرگرتن لە دوا داهێنانەکانی زانست و تەکنەلۆژیا و ، ئاڕاستەکردنی فێربوون لەسەر بنەمای تێگەیشتن و پرنسیپی پەیوەندیی هۆکارو ئەنجام .

7 ) بەرەوڕووبوونەوەی گیروگرفتە پەروەردەییەکان لەڕێی پەنابردنە بەر شێوازی لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکرنی زانستی و پەیڕەوکردنی شێوە جۆراوجۆرەکانی تۆژینەوەی مەیدانییەوە .

8 ) هەوڵدان بۆ بەرنامەڕێژکردنی پرۆسەی خوێندن و دانانی پلانی درێژماوە لەلایەن دەزگاکانی پەروەردەوە ، بەمەبەستی گۆڕانکاریی هاوچەرخانە لە هەموو قۆناغەکان و کایەکانی ئەم پرۆسەیەدا .

# خوێندنەوەیەکی بەرایی بۆ " پەروەردەو گرفتەکانی "

ئەم کتێبە : " پەروەردەو گرفتەکانی " ، کۆبەندی کۆمەڵێک وتاری مامۆستا ( عومەر محەمەد ئەمین ) ە ، دەربارەی " گرفتە هەنووکەییەکانی سیستمی پەروەردە لە کوردستاندا دوای بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی ( ٢٢ – ٢٤ ) ئایاری ٢٠٠٧ " ، ئەو کۆنگرەیەی چەند دەستکارییەکی ریفۆرمیستانەی سیستمی خوێندنی بەعسی کردو ، ئەوە پێنج ساڵە پڕاکتیک دەکرێت .

ئەم کتێبە لە پێشەکییەک و ٢٣ بابەتی پەروەردەیی جیاجیا پێکدێت ، تێیاندا گرفتەکان لەباری سەرنجی کەسێکی پەروەردەیی و شارەزاوە دەخرێنەڕوو ، کە بۆ خۆی داکۆکیکارێکی ئەو " سیستمە نوێیە "یەو ، رەخنەکانیشی بە نیازی پڕکردنەوەی کەموکووڕیەکان و بەرەوپێشەوەبردنی ئەو "سیستمە " ئاڕاستەکردووە ، وەک خۆی بەم شێوەیە لەپێشەکییەکەیدا دەریدەبڕێت : " ئەم پەڕتووکەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە پێویستە لە کوردستاندا بەبەردەوامی لەهەوڵ و کۆششدا بین بۆ گۆڕانکاری و بنیاتنانی پەروەردەیەکی مۆدێرن کە بە خواستی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت و گەڕانەوە نەبێت بۆ دواوە ، سیستمی نوێ هەرچەندە کێشەو گرفتی هەبێت و ، هەرچەندە پێویستی بە کاتی زیاتر هەبێت ، بەڵام هەنگاوێکە بۆ گۆڕانکاری بە دیدی نوێ " ، ئەم ئامانجەشی لەسەر ئەو رایەی بنیاتناوە کە ئەم سیستمە ، سیستمێکی شمولیی " کۆنی ( ٨٠ ) ساڵەی رژێمێکی دیکتاتۆری بەعس " ی هەڵوەشاندۆتەوە " کە سەرلەبەری لە خزمەتی تاک حزبیدا بووە " ، بۆیە پێیوایە پشتگیری و پشتنەگرتنی ئەو دەستکاریانە خاڵی ململانێی دوو بەرەن و ، بەرەکانیش بە کۆن و نوێ لە بواری پەروەردەدا ، ناوزەد دەکات .

لەم خوێندنەوە تایبەتەدا ناچینە ناو وردەکارییەکانی بیروڕا جیاوازەکان ، چ لە شیکردنەوەی چەمکە گشتییەکان و چ لە خوێندنەوەی چەمکە پەروەردەییەکاندا بێت ، چونکە دەبێت ئەو دیالۆگە بۆ دوای چاپ و پەخشی کتێبەکە دوابخرێت ، بۆیە زێتر ئەو لایەنە ئەرێیانە دەخەینەڕوو کە نووسەر توانیویەتی سەرکەوتوانە نمایشیان بکات و ، لەدیدێکی کارگێریی و پەروەردەییەوە ، پێزێکی ئەوتۆیان تێدایە ، سەرنجی خوێنەرانی بۆ رابکێشێت .

<u>گرفتەکانی پەروەردە</u>

نووسەر وەک کەسێکی تەواو شارەزا ، کە ساڵانێکی بەرچاوی تەمەنی لە کاری مامۆستایەتی و بەڕێوەبردنی قوتابخانەی سەرەتایی بەسەربردووەو چەند ساڵێکیشە پەروەردەی قەزایەک بەڕێوەدەبات ، گرفتە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆی پەروەردەی دیاریکردووە . گرفتەکان بریتین لە : " گۆڕینی سیستمی نوێ ، گۆڕانی بەردەوام و ناجێگیر ، تێکەڵکردنی سیاسەت و دین ، مانگرتنی خوێندکاران ، گەندەڵی ، دابەزینی رێژەی دەرچوون ، تێکچوونی کلتوری پەروەردە ، نەبوونی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا ، بایکۆتکردنی خوێندن ، کەمی میلاک و گرفتی راهێنانی مامۆستایان ، گرفتی دامەزراندن ، زیادبوونی دانیشتوان و زۆریی خوێندکاران ، خوێندنی ئێواران ، قوتابخانەو خوێندنگای

نموونەیی ، نەبوونی کادیری شارەزا ، گۆڕینی کابینەی حکومەت ، بەدوادانەچوونی گرفتەکان ، بودجە ، تاقیگە ، بینای قوتابخانە ، مووچەو دەرماڵەی مامۆستایان ، گواستنەوەی مامۆستایان ، کێشەی تاقیکردنەوەکان و ترسەکانی قوتابیان ، نمرەکانی قۆناغی ئامادەیی و . . . هتد " . هەروەها چەند گرفتێکیدیکە دەخاتەڕوو کە کاریگەرێتییان لەسەر گرفتەکانی سەرەوە هەیە وەک : " گواستنەوەی مامۆستایان ، تێکچوونی خشتەی وانەکان ، کێشەی نەمانی ئەوەلییاتی مامۆستایان و فەرمانبەران لە راپەڕیندا ، نەبوونی زمانێکی سادە لە نێوان دایکان و باوکان و مامۆستایاندا ، گرفتی پیری و پەککەوتەیی مامۆستایان و فەرمانبەران و خانەنشین نەبونیان " . ئەو راستییەش ناشارێتەوە کە : " تا کێشەیەک چارەسەر دەکرێت دەیان کێشەی تر سەرهەڵدەدەن " .

چارەسەری گرفتەکان

نووسەر هەر تەنها گرفتەکانی دەستنیشان نەکردووە ، بەڵکو چەند رێگا چارەیەکیشی دیاریکردووە . بۆچوونی ئەو بۆ چۆنایەتی چارەسەرکردنەکان پشت بە تێروانینی واقیعیانەیان دەبەستێت .

نووسەر یەکێک لەو راستییانە بەیاندەکات و دەڵێت : " گۆڕانکاریی لە خودی مرۆڤەکاندا کاری پەروەردەیە " ، کەواتە دەبێت ئاراستەی چارەسەرکردنی گرفتەکان و تەواوی " سیستم " ە کە بۆ بنیاتنانی مرۆڤ و گۆڕانکارییەک بێت کە مرۆڤەکان لەم سەردەمەدا پێویستیانە . دیارە ئەم بیرکردنەوەیە ، ئا بەو شێوە روون و پەروەردەییە ، تەواو دروستەو ، ئەگەر میکانیزمێکی گونجاوی بۆ پەیڕەوبکرێت ، بەرەنجامی ئەرێیانەی لێدەکەوێتەوە .

پەیوەند بەو راستییەی سەرەوە ، نووسەر راستییەکی بەرچاوی واقیعەکە دەخاتەڕوو ئەویش " گەندەڵییە وەک گەورەترین گرفتی پەروەردە " ، کە لێرەشدا راستیی پێکاوەو کۆسپێکی دیاری سەرەڕێگای هەموو جۆرە پێشکەوتنێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێری و پەروەردەیی و . . . هتد دیاریکردووەو ، وەک هۆکارو سەرچاوەی گرفتەکانیش ئاماژەپێداوە .

یەکێکیتر لەو خاڵانەی سەرنج رادەکێشن ، داواکردنی توێژینەوەی زانستییە لەلایەن نووسەرەوە . ئەم داوایە نیشانەی هەستێکی زانستی و پەروەردەییەو ، بەپێچەوانەی شێوازو رووکاری کارکردنی ئەمڕۆی دەسگاکانی پەروەردەیە لە کوردستاندا ، کە زێتر بڕیاردانە کارگێری و پەروەردەییەکان سەرپێیی و فەردین و بەپێی میزاجی لێپرسراوەکان گۆڕانیان بەسەردادێت ، تەنانەت کۆنگرە پەروەردەییەکانیش ئەم شێوازە پەیڕەوناکەن و لە بری گەڕانەوە بۆ ئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەکان ، تەنها پشت بە بیروبۆچوونی ئەو لێژنانە دەبەستن کە بەر لە کۆنگرەکان پێکدەهێنرێن ، دواتریش بەر لە ئەزموونکردنی بڕیارەکان گشتیدەکرێنەوەو بەسەر واقیعە پەروەردەییەکەیدا دەسەپێنن ؛ بەپێچەوانەی رێڕەوە جیهانییەکەی گۆڕانکاریی کە بەرنامەو گۆڕانکارییەکانی هەر سیستمێک یان بەشێکی سیستمەکە بێ ئەزموونکردنیان گشتیناکرێنەوە ، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە پێشنیازی نووسەر بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی بەشەخسی نەکرێت و لەڕێگای کۆنگرەی پەروەردەییەوە بێت تەواو دروستە ، دەبێت ئەوەی بخرێتەسەر کە کۆنگرەش دەبێت لەسەر بنەمای توێژینەوە زانستی و سایکۆلۆژی و پەروەردەییەکان بڕیارەکانی بدات و لە بەرنامەکانی گۆڕانکاریدا فۆرمەڵەیان بکات .

بابەتە پسپۆڕییەکان

نووسەر بەشێکی کتێبەکەی بۆ لێکۆڵینەوەو باسکردنی هەندێ بابەتی پسپۆڕیی لە بواری کارگێری و پەروەردەییدا تەرخانکردووە ، بەشێک لەو وتارانە پەیوەندییان بە گرفتەکانەوە هەیە وەک :

- گرفتی پەروەردە لە مێژوودا .
- گرفتەکانی ترس .

بەشەکەیتر پەیوەندییان بە تیۆری و بۆچوونە کارگێری و پەروەردەییەکانەوە هەیە وەک :

- ڕاهێنانی مامۆستایان .
- پلانی ساڵانەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان .
- وانەی نموونەیی .
- پێشوازی لە منداڵانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە ڕۆژی یەکەمی خوێندندا .
- بیروبۆچوونی فەیلەسووف و زاناکان لەسەر کرداری پەروەردە.
- پڕۆژەی تایبەت بە بوژاندنەوەی ژێرخانی پەروەردە .
- مەرجەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە .
- یەکەی سەرپەرشتیاریی گونجاو بۆ سیستەمی خوێندن لە کوردستاندا .

دەکرا ئەم بابەتانە وەک بابەتی سەربەخۆ لە کتێبێکیتردا چاپ و پەخش بکرێن و تێکەڵ بە گرفتە تایبەتی و هەنووکەییەکانی "سیستەمی " پەروەردەی ئەمڕۆی کوردستان نەکرانایە .

بایەخ و گرنگیی کتێبی پەروەردەیی

یەکێک لەو دیاردانەی بە بەرچاوەوەیە کەمی کتێبی پەروەردەییە لە کتێبخانەی کوردیدا ، لایەنێکی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بایەخنەدان بەم بوارە گرنگە یان نەبوونی هوشیاریی سەبارەت بە گرنگیی پەروەردەو فێرکردن لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست و پێشکەوتوودا ، بەتایبەتی لەسەردەمێکدا کە ئەرکی یەکەم و لەپێشتر ، گۆڕانکاریی بێت لە کەسایەتیی شێویندراوی مرۆڤەکاندا ؛ لایەنێکیدیکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزی و ئاستەنگە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەرێتی لەسەر تەواوی ژیانی کۆمەڵگا بەگشتی و تاکەکانی بەتایبەتی دادەنێن ، بۆیە خۆماندووکردنی نووسەران بەم لایەنە گرنگە شایانی دەستخۆشییە ، جا لەسەر بیروبۆچوونەکان کۆک بین لەگەڵ نووسەرەکاندا یان بیروڕای جیاوازمان هەبێت ، چونکە لەهەر وتارێکدا ، لەهەر لێکۆڵینەوەیەکدا ، لە خستنەڕووی هەر بابەتێکدا لەهەردوو جەمسەریەوە سوودمەند دەبین ، هەڵسەنگاندنی ئەرێیانە بەڵگەی سوودوەرگرتنی ڕاستەوخۆمان دەداتێ و ، هەڵسەنگاندنی نەرێیانەش دەرگای دیالۆگێک ئاوەڵادەکات کە ئەویش سەرەنجام بە چەند ڕاستییەک دەگات و لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا سوودەکان نوێدەکەنەوە .

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە دەستخۆشی ئەم بەرهەمە پەروەردەییە لە مامۆستا عومەر دەکەم ، هیوادارم لەم چاپەی ئێستادا ، یان لەچاپەکانی داهاتوودا ، هەندێک بۆشایی نێو ئەم وتارانە پڕبکاتەوە بەتایبەتی لەڕووی :

- پشتبەستن بەسەرچاوەو ئاماژەپێکردنیان لە لێکۆڵینەوەو باسکردنی بابەتە پەروەردەیی و سایکۆلۆژی و کارگێڕیکاندا .
- یەکلاییکردنەوەی ڕاشکاوانەی هەڵوێست لەسەر جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و پەروەردەوفێرکردن .
- ڕوونکردنەوەیەکی ئەکادیمیانەی "سیستمە نوێیەکە " ، واتە : ئەوەی لە پەروەردەی کوردستاندا دەگوزەرێت گۆڕانکاریی ڕیشەیی سیستەمی پەروەردەیە یان ریفۆرم و دەستکارییەکی سنوورداری سیستەمەکەیە بەبێ هەڵتەکاندنی کلتورو بنەما سەرەکییەکانی پەروەردەی بەعس .
- ئایا پەروەردە لە کوردستاندا فەلسەفەی دیاریکراوی هەیە ؟ ئەو فەلسەفەیە کامەیە ، ناوی چییەو چۆن پراکتیک دەکرێت؟

- ئایا پرەنسیپی دیموکراسی ( بەبێ خۆنیشاندان ، مانگرتن ، بایکۆتکردن ، گوێگرتن لە خوێندکاران و کەسوکاریان ، هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرو لێپرسراوە پەروەردەییەکان نەک دانانیان لەلایەن حزبی دەسەڵاتدارەوە ) هیچ مانایەک دەبەخشێت ؟

لە کۆتاییدا دڵنیام ئەم کتێبەی نووسەر سەرەتای تەمەنێکی بەبڕشتی نووسینی دەبێت لە کایەی پەروەردەدا ، خۆشەویستی نووسەر بۆ کارەکەی و سروشتی چالاکانەی ئەو کە زێتر لە دەساڵە ئاگاداریم ، چ لە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا و چ لە کارە پیشەییەکەیدا ، ئەو دڵنیاییەم پێدەبەخشی ، بۆیە چاوەڕوانی دوارۆژێکی باشی لێدەکەم لە خزمەتی پەروەردەو فێرکردنداو هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم .

نیسانی ٢٠١٢

## یەکێتیی مامۆستایان و ریفۆرمی پەروەردەیی لە دیمانەیەکدا

**ئامانج** : بەڕای جەنابتان پەروەردە لەم سەردەمەدا لەچ ئاستێکدا خۆی بینیوەتەوە ، بەبەراورد بە پەروەردەی جاران ؟

قەرەداغی : پەروەردەی سەردەم ، پەروەردەی جیهانگیریی و سەرکەوتنی مۆدێلی سەرمایەداریی بازاڕی ئازادو هەروەسهێنانی ئەو مۆدێلە سەرمایەدارییەیە کە پێیاندەگوت " سۆسیالیزم " .

بەگشتی و لە ئاستی جیهانیدا ، پەروەردەی سەردەم لە خزمەتی سیستمی سەرمایەداری و پێگەیاندنی کۆیلەکانی کاردایە .

**جاران** ( ئەگەر مەبەست پێش سەردەمی جیهانگیریی بێت ) ، بەرهەڵستی وتێکۆشانی بزووتنەوەکانی رزگاریی نیشتمانی لە وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتیندا و ، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریی وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریی ، بەربەستێکی بەرچاویان ، بۆ سەپاندن و گشتیکردنەوەی ئەو پەروەردەیەی ژێر سایەی سەرمایە ، دروستکردبوو . ئەو دوو بزووتنەوە جیهانییە بەدیلی پەروەردەیی خۆیان هەبوو ، کە لەبەر تیشکی ئەو فەلسەفە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەدا دارێژرابوون کە ئاراستەی بزووتنەوەکانی دەکردن . بەڵام ئیمڕۆ هێرشی سەرمایە بەربەستێکی کاریگەری نییە ، بۆیە هەڕەشەی تایبەتیکردن ( خصخصة ) ی پەروەردەو ، وەبارهێنانی منداڵان و هەرزەکاران بەپێی خواستەکانی دابەشکردنی کاری جیهانی لە ئارادایە ؛ ئەمە جگە لەوەی ئاسنامەی

نەتەوایەتی لەژێر سایەی سیستمی جیهانگیریی سەرمایەدا هەڕەشەی تێداچوون و هەڵوەشاندنەوەی سیمای تایبەتی خۆی و سڕینەوەی هەیە .

پەروەردەی سەردەم لە بەرژەوەندی جیهانێکی باشترو خۆشگوزەراندا نییە ، بەڵکو ئامرازی سیستمە باوەکەی جیهانە بۆ هەرچی زێتر چەسپاندنی کۆیلەیەتی بەشەرییەت و ، دەمانەن و خۆشکردنی کوورەی بازاڕی کاری جیهانی ، بۆ پتر کەڵەکەکردنی سەرمایە لە بەرژەوەندی سیستمە جیهانگیرە باڵادەستەکەی ئیمڕۆدا .

**ئامانج :** بەڕێزت یەکێک بوویت لەوانەی کە لە پێش وەزارەتەکەی دکتۆر ( دڵشاد عەبدولڕەحمان ) هەوڵی گۆڕینی پەروەردەتان دا ، بەڵام ساڵی ( 2007 ) گۆڕانکاری بەسەر پڕۆسەی پەروەردەدا هات ، رات لەسەر ئەم سیستمە نوێیەی خوێندن چییە؟

**قەرەداغی :** هەر لە رۆژانی بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی ( 22 – 24 ی ئایاری 2007 ) دا ، بە چەند نووسینێکی رەخنەگرانە لە ئینتەرنێتداو ، دواتریش لە چەند چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا رای خۆم بە راشکاوی راگەیاندووە . لە هەموو ئەو نووسینانەدا جەختم لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەوەی روودەدات گۆڕانکاریی نییە بەڵکو دەستکاریکردن ، یان لە باشترین حاڵەتدا ریفۆرمێکی رووکەشە . بڕیارەکانی یەکخستنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی ، هەڵوەشاندنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشەمی سەرەتایی ، سیستمی تاقیکردنەوەو نمرەدانان ، وانەگوتنەوە بەشێوەی گرووپ و لاسایی و شێواندنی شێوازی ( Team Teaching ) لەڕێی ناردنی دوو مامۆستا پێکەوە بۆ وانەگوتنەوە لە پۆلێکدا ، دەستکاریی رووکەشانەیان پێوەدیارە .

لەم پڕۆسەیەدا ، کە بە هەڵە ناوی گۆڕانکاریی یان سیستمی نوێی لێدەنێن ، گرنگترین و بنەڕەتیترین فاکتەرەکانی گۆڕانکاریی جێوڕێیەکیان نەبوو ؛ نە فەلسەفەی پەروەردەیی گۆڕانکاریی بەسەرداهات و ، نە بڕیارێکی بوێرانە بۆ پەروەردەیەکی سکۆلار ( عەلمانی ) درا . وەک شێوازی کارکردنیش بۆ گۆڕانکاریی ، نە کۆمەڵێک تۆژینەوەی زانستی پێش دەستکردن بە پڕۆسەکە کەوت ، نە رێوشوێنی پراکتیکی زانستیانە لەڕێی کۆکردنەوەو پوختەکردن و هەڵهێنجانی ئەزموونێکی چەند ساڵە لەسەر نموونەیەک پەیڕەوکرا ، نە لە رووی ئەو هۆکارە کاریگەرانەشی یارمەتی گۆڕانکاریی دەدەن هەنگاوێکی بەرچاو نرا وەک : ئامادەکردنی رای گشتی ( بەتایبەتی مامۆستایان و کەسوکاری قوتابیان ) ، ئامادەکردنی بینای قوتابخانەی گونجاو ، راهێنانی مامۆستایان ، گۆڕانی ریشەیی بەرنامەکانی خوێندن و ، دیموکراتیزەکردنی سەرتاپای سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا .

**ئامانج :** جیاوازی لە نێوان سیستمی کۆن و نویدا چییە؟

**قەرەداغی :** پێموایە وەڵامی ئەم پرسیارەتانم لە خاڵی پێشوودا دایەوە . من کۆن و نوێ لە زەمەندا نابینم . واتە پێوەری زەمەن کۆن و نوێ بڕیار نادا ، بەڵکو شێوازو ئەنجامی گۆڕانکاریی لە رەوتی بەرەوپێشچووندا بۆ ئەم مەبەستە پێوەرن . لەبەر ئەوەیە گۆڕانێک بەرەو پێشەوە ( نوێبوونەوە ) لە واقیعە پەروەردەییەکەدا نابینم . هێشتا سیستمی پەروەردەیی کوردستان لە ( کۆن ) دا پێکوتەیەتی .

**ئامانج :** بنەمایەکی سیستمی نوێ تێکەڵاوکردنی کوڕان و کچانە لە ناوەندەکانی خوێندندا ، خوێندنەوەت بۆ ئەو بنەمایە چییە؟

**قەرەداغی :** جیاکردنەوەی کچان و کوڕان لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا ، یان جیاکردنەوەی ژنان و پیاوان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ، کارێکە دژ بە ژیانی سروشتیی مرۆڤ ، سەبارەت بەوەی کۆڵەکەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەسەر پەیوەندی نێوان ئەو دوو رەگەزە راوەستاوە . سروشتیترین پەیوەندی لە کۆمەڵدا ئەم پەیوەندییەیە . بۆیە تێکەڵاوکردنی کوڕان و کچان لە قوتابخانەکاندا مەرجێکی گرنگی نوێگەری ( حداثة ) یەو دەبێت هەرچی زووترە بکرێت و بەهیچ پاساوێک بەربەستی لەبەردەمدا دانەنرێت .

ئەم بنەما کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە دروستە ، دوو ڕێگری سەرەکیی لە پێشە کە دەبێت کار بۆ ڕاماڵینیان بکرێت . :

1 ) ڕێگرێکی دەستووری کە خۆی لە ملدان بە دەستووری عەرەبی – ئیسلامی عێراقدا دەنوێنێ و لە پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا دووپاتکراوەتەوە .

2 ) ڕێگرێکی کۆمەڵایەتی کە تێکەڵاوکردنی کوڕان و کچانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بە پاساوی مەترسیی ئەخلاقی ڕەتدەکاتەوە ، ئەو ڕاستییە فەرامۆش دەکات کە ئەوەی لێی دەترسن لە دەرەوەی قوتابخانەشدا ڕوودەدات و ، چاکتر وایە پەیوەندییە شەخسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو ڕەگەزە ئاسایی وەربگیرێن و لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی دامەزراوەی پەروەردەییدا بن .

**ئامانج** : هەموومان باسی پێشکەوتن دەکەین ، کەچی هەر پێشناکەوین بە پەروەردەشەوە ، پەروەردە بەجی پێشدەکەوێ ، بەچ شتێک دەگەینە وڵاتانی پێشکەوتوو؟

**قەرەداغی** : پێشکەوتن ، وەک چەمک و واقیع ، کۆمەڵێک بنەمای سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە . پێشکەوتن بە پەروەردە دەستپێناکات ، بەڵام دەشێت پەروەردە فاکتەرێکی زۆر ئەکتیڤی پێشکەوتنی سیاسی – کۆمەڵایەتی بێت .

پەروەردەی ئێمە ، لەڕووی بونیادەوە ، پڕاوپڕی کەموکووڕییە . پەروەردە چ لەسەردەمی بەعس و چ لەسەردەمی حکومەتی خۆماڵیی کوردیشدا ، ئاڕاستەیەکی شێواو کراوە . ئەم ئاڕاستەیە کەلێنی گەورەی لە جەستەی سیستمەکەدا دروستکردووە ؛ بۆیە لە سایەی ئەم پەروەردەیەی ئێستادا ناتوانرێت هەنگاوی گەورە بۆ پێشکەوتن بهاوێژرێت . ئەوە ڕاستییەکی بێ چەندوچوونە کە بەبێ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە سیستمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ، سیستمی پەروەردە گەشەناکات و هەوڵی گۆڕانکاریش سنووردار دەبێت و بەرەوڕووی ناکامی دەبێتەوە .

سیستمی سیاسی لە کوردستاندا ، هەتا ئێستا ، گوتارێکی پەروەردەیی ڕۆشنی نییە . پەروەردە سیمایەکی فەلسەفیی دیارو ئاشکرای نییە . پەروەردە زێتر کاریگەرێتی میزاجی شەخسی و ڕادەی ڕۆشنبیریی پەروەردەیی وەزیرەکانی پەروەردەی بەسەرەوەیە و دەستی نەشارەزایی پەروەردەیی حزبیشی لە پشتەوەیە ، بۆیە بێسەروبەری لە ئیجرائاتە پەروەردەییەکاندا بەدیدەکرێت و ، بۆتە مایەی پاشاگەردانی و ، هەتا دێت مەودای بینینی پەروەردەییمان کەمدەکاتەوە ، بەو پێیەش ئاسۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی بەرتەسککردۆتەوە .

**ئامانج** : جەنابتان ماوەیەک سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایان بوون ، بەڵام لە پێش و لە دوای ئێوەش و لە کاتی ئێوەشدا ئەم ڕێکخراوە بەقەدەر پێویست نەبۆتە ڕێکخراوێکی ڕاستەقینەی مامۆستایان ، هۆکارەکانی چین ؟ چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی سەرجەم مامۆستایان ئەم ڕێکخراوە بە هی خۆیان بزانن و پێشبکەوێت ؟

**قەرەداغی** : ڕاستە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان نە پێش من و نە ئەو کاتەی سەرۆکی بووم و نە دوای ئەوەش هەتا ئێستا نەبۆتە ڕێکخراوێک مامۆستایان لێیڕازیبن و بە هی خۆیانی بزانن . پێموایە لەمەودواش هەتا ئەم یەکێتییە بەم شێوەیە بمێنێتەوە نابێتە ڕێکخراوی " ڕاستەقینە " ی مامۆستایانی کوردستان . دیارە هۆکارەکان زۆرن کە ئەم سیمایەیان بە یەکێتیی مامۆستایان داوە . ئەو هۆکارانە بونیادین و سەرەتاکەی لە دامەزراندنیەوە دەستپێدەکات ، ئەو کاتەی بە فەرمانێکی حزبی دروستبوو نەک لە ئەنجامی خەباتێکی جەماوەریی مامۆستایان بۆ خۆکۆکردنەوەو ڕێکخراوبوون ، بە نیازی بەرگری لە مافەکانیان .

بە درێژایی مێژووی نیو سەدە حزب بەسەر سەری ئەم ڕێکخراوەو بووەو بواری جەماهیریبوونەوەی نەداوە . یەکێتیی مامۆستایان لە ململانێ حزبییەکاندا بەشداریکردووە . هەمیشە لە سیاسەتی ڕۆژانەیدا وابەستەی حزب بووەو نەیتوانیوە ڕێکخراوێک بێت تەعبیر

لە بزووتنەوەی سەربەخۆی مامۆستایان بکات ، هەر لەبەر ئەوەشە دوای نزیکەی نیو سەدە لە ژیانی ئەم ڕێکخراوە ، هێشتا بزووتنەوەیەکی مامۆستایان لەگۆڕێدا نییە . بزووتنەوەیەکی ئاوەها پێویستیی بە فەزای سەربەخۆیی و ئازادیی ڕێکخراوەیی هەیە ، کە لە هەرێمی کوردستاندا بە تەشریعێکی پەرلەمانی کوردستان ( یاسای یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ) چواچێوەی بۆ دانراوە.

ئەمڕۆ بۆ داهاتووش ، گەشەکردنی بزووتنەوەی مامۆستایان لەگرەوی ئازادیی ڕێکخراوبووندایە . دەبێت مامۆستایان بە جیاوازی فیکرو لایەنداریی سیاسییانەوە ، ئازادیی خۆڕێکخراوکردنی سەربەخۆیان هەبێت . ئاخر ناکرێت مامۆستایانی ( پارتی ، یەکێتی ، یەکگرتوو ، بزووتنەوەی ئیسلامی ، کۆمەڵ ، پارێزگاران ، شیوعی ، کۆمۆنیستی کرێکاری ، زەحمەتکێشان ، سۆسیالدیموکرات ... هتد ) ، یان مامۆستایانی زانکۆو مامۆستایانی ئامادەیی و پیشەیی و مامۆستایانی باخچەی ساوایان و سەرەتایی لە بۆتەی یەک ڕێکخراو ، بە یەک بەرنامەی سیاسی و پەروەردەیی و پیشەیی ، کۆبکرێنەوە. ڕاستر وەهایە ئەوانەو هەر گرووپێک مامۆستایدیکە کە فیکرو ئیتیجاهی جیاوازیان هەبێت ، بە جیاو سەربەخۆ خۆیان ڕێکبخەن و دوایی لە کۆنفدراسیۆنێکدا لەسەر بەرنامەیەکی لانیکەم یەکبگرن . دەشێت یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ئەو چواچێوە کۆنفدرالییە بێت . هەروەها دەشێت یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان فراوانتریش بکرێتەوەو ، ڕێکخراوەکانی مامۆستایان لە بەشەکانیدیکەی کوردستاندا ئەندامی بن و هەر یەکەیان سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی لە دەستی خۆیدا بێت . دەبێت بزووتنەوەی مامۆستایان سەر ئەم ڕەوڕەوەیە بخرێت هەتا مامۆستایان بە هی خۆیانی بزانن و پێشبکەوێت .

ئامانج : ئێوە بە کەسێکی پاک و ڕێزدار ناسراون لە ناو مامۆستایان و کۆمەڵگادا . هۆکاری چی بوو کە وازت لە ڕێکخراوی مامۆستایان هێناو خۆت هەڵنەبژاردەوە؟

قەرەداغی : ئەم باسە لە چەند دێڕێکدا کورتناکرێتەوە چونکە لانیکەم پێویستی بە نووسینی نامیلکەیەک هەیە . لە کاتی خۆیدا ئەوەم نەکردو ئێستاش هەڵدانەوەی وردو درشتی ئەو لاپەڕانە مەبەست و سوودێکی ئیجابی بەرچاو بەدەستەوە نادات . لەگەڵ ئەوەشدا بە پێویستی دەزانم بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەتان و ئەو مامۆستایانەی لە خەمخۆرییانەوە گلەیی ئەو هەڵوێستەم لێدەکەن ، ئاماژەیەک بە یەک دوو هۆکاری بنەڕەتی ئەوە بدەم .

لەسەرەتادا من وێنایەکی تایبەتیم بۆ کاری ڕێکخراوەیی ، بۆ چۆنیەتی خزمەتی مامۆستایان و بزووتنەوەی ڕێکخراوەییان ، بۆ پشتگیریی حکومەتی هەرێم ، بۆ ئازادی بیروباوەڕو ( چەپکەگوڵ ) هەبوو . بەڵام هەر زوو تێگەیشتم کە وێناکانم ناتەواوو شێواون و بەو جۆرە نین کە بیرملێدەکردنەوە . بۆیە هەستم بە کەلێنێکی گەورە کرد لە نێوان خەتەسوورەکانی خۆم و بیروڕا میسالییەکانم ( بە چەمکە ئاساییەکەی نەک چەمکە فەلسەفییەکەی ) و ئەو واقیعەی تێیکەوتبووم .

من تاکە کەسێک بووم لەو دەزگایەی مامۆستایاندا حزبی نەبووم . لە هەڵسوکەوت و ئاخاوتن و هەڵوێستدا لە برادەرەکانم ئازادتر بووم . بەڵام ئالییەتی کاری ڕێکخراوەکەو پەیوەندییەکانی خەریکبوو لوولم بدات و وردە وردە ئازادیی شەخسی و فیکری و سیاسی خۆم لەدەستبدەم ، ئازادییەک کە هەمیشە پارێزگاریم لێکردبوو ، ئازادی و سەربەخۆییەک کە لایەنێکی پێکهاتەی کەسایەتی منی پێکدەهێنا ( بە لایەنە ئەرێیانەو نەرێیەکانیشیەوە ) .

بە کورتی هەستمکرد ئەو بەرنامەیەی بۆ خۆمم داڕشتبوو ، بە تایبەتی باشکردنی گوزەرانی مامۆستایان و ئەکتیڤکردنی بزووتنەوەکەیان توانای بەدیهاتنی لەو بارودۆخەدا نییە .

من لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایاندا ئەوەم ڕاگەیاندو ئەندامانی ئەنجومەنیش هاوڕابوون کە ، ئەگەر هەتا شەش مانگ لە دەستبەکاربوونمان دەستکەوتێکی گەورە بۆ مامۆستایان بەدەستنەهێنین ، ئەوا دەست لە کار بکێشینەوەو چیتر ئەو مەسئولییەتە هەڵنەگرین . ئەو کاتە جگە لەدەست لە کار کێشانەوە چارەسەرێکی دیکە

لەبەرئەوەی نەبوو چونکە لەبەر تیشکی واقیعەکەو ئەو فەزا حزبییەدا ، خۆپیشاندان یان مانگرتنم لە مامۆستایان رانەدەدیت تا فشارێک بخەنە سەر حکومەت و مافەکانی خۆشگوزەرانییان بەدیبهێنن و ، سەرەنجامی خەباتی خۆیان بۆیان دابین بکرێت .

هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو دوای شەش مانگەکە بەماوەیەکی کەم ، سەرەتا بە دەم و دوایی بە یاداشت داوای بەستنی خولی دووەمی دەیەم کۆنگرەم کرد ، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی و یاسایی بکشێمەوەو زیانیش بە رێکخراوەکە نەگات . سەرەنجام لە پایزی ساڵی 2001 دا مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان و مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رەزامەندییان لەسەر بەستنی خولی دووەمی کۆنگرە نیشانداو ، لە 2002/2/2 دا کۆنگرە بەستراو تیادا خۆم هەڵنەبژاردەوە .

**ئامانج** : وەک دەزانین جەنابتان نووسەرن ، چەندان بەرهەمی نووسینت بڵاوکردۆتەوە ، ئەگەر بکرێت ئاماژە بە بەرهەمەچاپکراوو نووسینەکانت بدەیت و هۆکاری چییە ئێستا کەم دەنووسیت ؟

**قەرەداغی** : لەڕاستیدا بەرهەمە چاپکراوەکانم لەچاو نووسینەکانمدا زۆر کەمن ، لە کاتێکدا سەدان وتارو لێکۆڵینەوەی سیاسی و ئەدەبی و پەروەردەیی و رۆشنبیریی گشتیم لە گۆڤارو رۆژنامەکانی نیو سەدەی رابردوودا بڵاوکردۆتەوە ، بەڵام تەنها چوار بەرهەمی چاپکراوم هەیە کە ئەمە ناونیشانەکانیانە :

1 - گۆڕانکاریی پەروەردەیی و پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن .
2 - بابەتەکانی پەروەردەی نوێ .
3 - بەرەو گوتارێکی پەروەردەیی نوێ .
4 - نیشتمانی ماسی ( کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە ) لە عەرەبییەوە وەرمگێڕاون .

- هەموو ئەو نوسراوو بەیاننامەو نامیلکانەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیش کە لە 2000/9/1 وە هەتا 2002/2/2 نوسراون و چاپکراون ، من نووسیومن ، کە ئەمە ناونیشانیانە :

1 ) یاداشتەکانی مامۆستایانی کوردستان .
2 ) رابەری کار .
3 ) وشەو هەڵوێست .
4 ) بەرنامەی ساڵی ( 2001 – 2002 ) .
5 ) بەرنامەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ( بڕیاردراوی خولی دووەمی کۆنگرەی دەیەم ) کە تەنها چەند بڕگەیەکی لە کۆنگرەدا دەستکاریکراوە .
6 ) پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ( بڕیاردراوی خولی دووەمی کۆنگرەی دەیەم ) کە چەند خاڵێکی لە کۆنگرەدا گۆڕاون .

- ئەو نووسینانەی دیکەش کە وەک نامیلکە چاپنەکراون و لەلای خۆم ماونەتەوە ئەمانەن :

1 - ئاڕاستەی کار ( رێنماییەکانی کاروباری رۆژانەیە لە سکرتارییەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوە بۆ لقەکانی یەکێتی ) لە 2000/9/1 وە بۆ 2002/2/2 .
2 - راپۆرتی گشتی بۆ خولی دووەمی کۆنگرەی دەیەم .
3 - پڕۆژەی سەندووقی دەستەبەریی مامۆستایان ( 1 ) بۆ خولی دووەمی کۆنگرەی دەیەم .
4 - پڕۆژەی سەندووقی دەستەبەریی مامۆستایان ( 2 ) بۆ خولی دووەمی کۆنگرەی دەیەم .
هەردوو پڕۆژەکە خرایەلاوە ، ئەو لیژنەیەی کۆنگرە بۆ ئەو مەبەستە داینا پڕۆژەیەکی دیکەی پێشنیازکردو ، کۆنگرە بڕیاری لەسەردا .
5 - دەربارەی یاسای یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان .

6 - گوتاری سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە کردنەوەی خولی دووەمی دەیەمین کۆنگرەدا ( 2002/2/2 ) .
7 - وتاری مەکتەبی سکرتارییەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە سێیەمین کۆنگرەی وەزارەتی پەروەردەدا لە سلێمانی ( 2001/10/23 ) .

- جگە لەو نووسینانەی ناومبردن ، گەلاڵەی زێتر لە دە بەرهەمی سیاسی و ئەدەبی و پەروەردەیی و رۆشنبیریی دیکەم هەیە کە بوارم بۆ نەڕەخساوە دەستێکیان پێدابهێنمەوە بەچاپیان بگەیەنم .
- سەبارەت بە هۆکاری ئەوەی ئێستا کەم دەنووسم ، زێتر پەیوەندی بە باری تەندروستی و وەزعی خراپی چاومەوە هەیە کە تا رادەیەکی زۆر کاریگەرییان لەسەر چالاکیم داناوە ؛ ئەگەرچی بە تەواوەتی رانەوەستاوم و ئێستا خەریکی پەخشکردنی نووسینە کۆن و نوێیەکانم لە ئینتەرنێتدا .
- خوێندنەوەو نووسین بۆ من ، پەیامێکی وجودو سەرچاوەیەکی سەرەکییە ، وزەی ژیانیان لێوەردەگرم و مەگەر مەرگ بۆ ئێجگارەکی پەکیانبخات .

**ئامانج** : دوا وتەت ئەگەر شتێک مابێت باسی بکەیت ؟
**قەرەداغی** : لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا خوازیاری پێشکەوتنی رۆژنامەی ( ئامانج ) م ، هیوادارم تەمەنی درێژ و ژیانی بەردەوام بێت ، هەروەها هیوادارم پتر بایەخ بە مامۆستایان بدات و ، هەموو ناوچەکانی کوردستان و گشت قوتابخانەو خوێندنگاکان وجودیان تیایدا هەبێت و ، کەمتر بەلای بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتن و تەصریح و فەرمووده‌ی کاربەدەستە باڵاکانی دەزگای پەروەردەو فێرکردنەوە بچێت ، بۆ ئەوەی بتوانێت بەڕاستی دەنگی داواکاری و مافەکانی مامۆستایانی کوردستان و زمانی رێکخراوێکی راستەقینەی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت .
رۆژنامەی ( ئامانج ) ئۆرگانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان
ژمارە ( 98 ) پێنجشەممە 15ی تەموزی 2010

# دیمانەیەک دەربارەی ریفۆرمی پەروەردەیی رۆژنامەی ( رۆژنامە )

رۆژنامە :چ کاتێک پێویست دەکات پەروەردە ریفۆرمی تێدابکرێت ؟
قەرەداغی : کاتێک تووشی ئاستەنگێکی پەروەردەیی دەبیت ، پێویستە بەدوای چارەسەردا بگەڕێیت ، چارەسەریش دوو جۆرە : جۆرێکیان چارەسەری بنەڕەتییە کە لە رەگوڕیشەوە سیستمەکە بە سیستمێکی نوێ دەگۆڕێت ، ئەویدیشیان ریفۆرمە کە زیاتر پێداچوونەوەو چاکسازییە لە چوارچێوەی هەمان سیستمە کۆنەکەدا . لە ریفۆرمدا ، هەندێک دەستکاری لە سیستمەکەدا دەکرێت ، هەندێک جار دەستکارییەکان رووکەش دەبن یان تەنها پینەوپەڕۆی چەند لایەنێک لە سیستمەکەدا دەبێت کە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ گۆڕانکاریی ریشەییدا هەیە .
بێگومان بوونی ریفۆرم لە نەبوونی باشترە ئەگەرچی چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکان ناکات . دەشێت هەندێک جار هەمان سیستم لە بارێکەوە بۆ بارێکیدیکە بگوازێتەوە ، ئەگەر بتوانێت ناوەرۆکی ریفۆرمەکە لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا بگونجێنێت کە سیستمی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە دەیەوێت پێیانبگات .
رۆژنامە : ریفۆرم لە چییەوە دەستپێبکات ؟

قەرەداغی : پێکهاتەی سیستمی پەروەردە خۆی لە دوو توخمدا دەبینێتەوە ، ئەوانیش : توخمە مادییەکان و توخمە بەشەرییەکانن . پێویستە ریفۆرم لە هەردوو توخمەکەدا بکرێت ، چونکە هەردووکیان پێکەوە ژینگەی پەروەردەیی پێکدەهێنن .

توخمە ماددییەکان بریتین لە بەرنامەکانی خوێندن ، هۆیەکانی فێرکردن ، رێگاکانی وانەگوتنەوە ، شێوازی تاقیکردنەوەکان ، ژوورەکانی پۆل و تاقیگەو کتێبخانەو هۆڵ و گۆڕەپانی وەرزش و شانۆو هۆڵی نیگارکێشان و ... هتد ، واتە بینای قوتابخانە بە سەرجەمی بەشەکانیەوە .

بینای قوتابخانە ، یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی سیستمی پەروەردە کە رۆڵی بەرچاوی لە راکێشانی ئارەزووی منداڵدا بۆ خوێندن و فێربوون هەیە ؛ ئەگەر بینای قوتابخانە چاک ، گەورەو پاک و خاوێن و گونجاو نەبێت ، هەموو مەرجە سەرەکییەکانی فێربوونی تێدا نەبێت ، ئەوا ، هەرچەندە بڕیاری ریفۆرم لەچەند بەشێکی سیستمەکەدا بدرێت ، هیچ سوودێکی نابێت و سەرکەوتن بەدەستناهێنێت ، تۆ واقیعیانە بڕوانە : چۆن دەتوانی لە بینای ئەم قوتابخانانەدا وانەی کۆمپیوتەر بە منداڵان بڵێیتەوەو وەک وانەیەکی سەربەخۆ بیخەیتە نێو بەرنامەکانی خوێندنەوە ، یان چۆن لە پۆلەکانی ئێستای قوتابخانەکاندا رێگای وانەگوتنەوە بە گروپ جێبەجێدەکەیت ؟! کە ئێستا دەویسترێت بەسەر قوتابخانەکاندا بسەپێنرێت . پۆلەکانی ئێستا لەگەڵ بەرنامەکانی خوێندنی ئێستادا کە پێیدەگوترێت (( بەرنامەی ماددە جیاجیاکان )) گونجاوە کە تێیدا قوتابییەکان لە پۆلدا بەڕیز پشتیان لەیەکترەو مامۆستا وەک سەرکردەی پۆل لەبەردەمیاندا بە پێوە راوەستاوە . سیستمی گروپ کە وەک ئەلتەرناتیڤێکی وانەگوتنەوە (ریفۆرم ) داوای دەکات ، دەبێت کۆمەڵێک پێداویستی بۆ ئامادە بکرێت لەوانە : بوونی ژووری بچوک بچوک بۆ گروپەکان ، هەروەها هێڵی ئینتەرنێت و کتێبخانە و ...هتد، بۆ چالاکی گروپەکان و بەدەستهێنانی زانیاری لە لایەن قوتابییەکانەوە .

هاوکات لەگەڵ توخمە ماددییەکاندا ، پێویستە توخمە بەشەرییەکانیش ، بە تایبەتی کادیرە پەروەردەییەکان لە ئاستی ئەو ریفۆرمەدا بن کە دەویسترێت لە چەند بەشی سیستمی مەوجوددا بکرێت . دەبێت کادیری پەروەردەیی لە ئاستی ئەو ئەرکانەدا بن کە ریفۆرمیستەکان دیارییانکردووە .

یەکێک لە توخمە بەشەرییە گرنگەکان کە بۆ خۆی تەوەرەی سەرەکیی سیستمی پەروەردەیە ، قوتابییە . سیستمی پەروەردە یان هەر گۆڕانکاریی و ریفۆرمێک مامەڵە لەگەڵ ئەم کەرتە بەشەرییەی کۆمەڵ دەکات ، واتە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤێکدا دەکات کە منداڵ و هەرزەکارن ، ئەو مرۆڤانەی کۆمەڵن کە دەبێت لە رووی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئەقڵی و ویژدانییەوە پەروەردە بکرێن و گەشەبکەن ؛ هەڵبەت دەبێت ئەو سیستمە جیاوازبێت لەوەی کۆمەڵگابە ئاسایی و خودبەخودی ، منداڵان و هەرزەکارانی لەسەر پەروەردە دەکات.

یەکێکیتر لە توخمە بەشەرییەکان مامۆستایە کە سەرەکیترین توخمی جێبەجێکارە لە سیستمەکەدا ، بۆیە پێویستە لەگەڵ ریفۆرمەکەدا گۆڕانکاریی بەسەر ئەویشدا بێت . هەر ریفۆرمێک یان گۆڕانکارییەک مامۆستایان بڕوایان پێی نەبێت ، بەسەریاندا بسەپێنرێت و لە هەموو روویەکەوە بۆی ئامادە نەکرابن ، سەرکەوتوو نابێت ؛ لەوانەیە بۆ ماوەیەک بە رواڵەت سەرگەرمی جێبەجێکردنی ببن بەڵام دوائەنجام بە شکست کۆتایی دێت .

جگە لە مامۆستا ، ئیدارەی قوتابخانەو سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و کارمەندە پسپۆڕییەکانی نێو دەزگای پەروەردە ، هەموویان ، لە توخمە بەشەرییەکانی دەزگاو سیستمی پەروەردەن کە پێویستە لە زۆر رووەوە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت و هەوڵی بەرەوپێشەوەبردنیان بدرێت .

رۆژنامە : چەندین جار لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوەگوێبیستی ئەوە بووین کە ئەو سیستمەی لە کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی 2008 – 2009 پەیڕەوەکرێت نموونەیەکە لە سیستمی

پەروەردەی سوید ، دەکرێت سیستمی پەروەردەی وڵاتێکی ئەوروپی لە کوردستان سەرکەوتووبێت ؟

قەرەداغی : پێموایە خواستنی کتومتی سیستمێکی پەروەردە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر کارێکی دروست نییە . ئەگەر بویستریێت سیستمی پەروەردەو فێرکردن گۆڕانکاریی بەسەردابێت ، دەبێت هەلومەرجی وڵاتەکەی خۆت لەکایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە شیبکەیتەوە بەپێی ئاستی راستەقینەو واقیعەکەی ستراتیژو شێوازی گۆڕانکاریی یان ریفۆرم دەستنیشان بکەیت و لەبەر تیشکی ئەوەدا دەستکاری ریفۆرمیستانە یان گۆڕانکاریی ریشەیی و سیستمێکی نوێ دابڕێژیت؛ نەک ئەوەی لاسایی سیستمی وڵاتێک بکەیتەوە کە چەند قۆناخ لە هەموو کایەکانی ژیاندا لە پێشمانەوەبن و بۆ خۆیان سیستمێکی پەروەردەیی توندوتۆڵیان دارشتبێت . دیارە من ئەوە رەتناکەمەوە کە دەبێت سوود لە هەموو ئەزموونە جیاوازەکان وەربگیرێت ، بەتایبەتی ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک سوید یان وڵاتەکانی ئەوروپاو ئەمریکا یان ئەزموونی پەروەردەو فێرکردن لە وڵاتە سۆسیالیستەکانی جاراندا ؛ نەخێر .. دەکرێت سوودیان لێوەربگیرێت بەڵام بە مەرجێک سەرجەم لایەنەکانی ژیان لە وڵاتەکەی خۆتدا شیبکەیتەوەو پێداویستییەکانی گۆڕان و گەشەکردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆت بناسیت و سیستم و بەرنامە چاکسازییەکانی لەگەڵدا بگونجێنیت ، چونکە ئەگەر بەبێ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی واقیعەکە کار بۆ جێبەجێکردنی سیستمێکی نامۆ بکەیت ، خراپ بەسەر سیستمە پەروەردەییەکەتدا دەشکێتەوەو لە بازنەی لاساییکرنەوەو ، لە باشترین حاڵەتدا ، لە چواچێوەی نیازپاکییەکی بێ بنەما دەرناچێت و منداڵی خەڵکی باجەکەی دەدات . دیارە دەتوانیت لە راگەیاندنەکاندا بەشان و باڵی ریفۆرمدا هەڵبدەیت و سەرکەوتنی وەهمی بۆ خۆت تۆمار بکەیت – کە لە بواری پەروەردەوفێرکردندا دوای چەندین ساڵ دەتوانیت بە دڵنیاییەوە ئەوە بکەیت و خەڵک لێتوەربگرێت – بەڵام هەمیشە واقیع بە راستگۆیی وەڵامەکان دەداتەوە .

رۆژنامە : کەمی بینای قوتابخانە یەکێکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم گۆڕان لە سیستمی قوتابخانەدا ، ئایاسیستمی ئەوروپا لە قوتابخانەیەکی سێ دەوامیدا سەرکەوتوو دەبێت ؟

قەرەداغی : بێگومان نەخێر . لێرە منداڵ سێ بۆ چوار سەعات لە قوتابخانەیە چونکە قوتابخانەکان دوو یان سێ دەوامیان تێدایە ، ئەوەش رێگە بۆ منداڵ خۆشدەکات کاتێکی زۆر لە دەرەوەی قوتابخانە بێت ، واتە کاتی خۆی لە ماڵەوە یان لە لە کۆڵان و بازار و شوێنە جیاجیاکانیتر بەسەربەرێت . ئێمە ( مەبەستم ئەو نەوەیەیە کە لە تەمەنی منداڵ ) لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا لەقوتابخانەی سەرەتایی بووین ، بەیانیان لە سەعات هەشتەوە دەچووین بۆ قوتابخانە ، دوای خوێندنی چوار وانە دەچووینەوە بۆ ماڵەوەو سەعات دوو بۆ چواری دوای نیوەڕۆ دەوامەان دەکردەوە ، واتە زۆربەی کاتی رۆژەکەمان لەقوتابخانە بەسەردەبرد ، بەڵام منداڵی ئێستا کەمترین کات لە قوتابخانەیە ، ئەمەش وادەکات لە چوونە کۆڵان و تێکەڵاوی لە دەرەوەی پۆل و قوتابخانەدا فێری چەندەها خووی نابەجێ و شتی ناشیرین ببێت ، بۆیە دەوامی نیوەناچڵ لە قوتابخانەدا هەرگیز لەگەڵ سیستمێکی نوێ و پەروەردەو فێرکردنێکی مۆدێرندا یەکناگرێتەوە .

رۆژنامە : بنەماکانی دامەزراندنی کادیری پەروەردەیی دەبێت چی بێت ؟

قەرەداغی : لەم بارەیەوە ئەزموونێکی زۆرهەیە لە وڵاتاندا پەیڕەوەکرێت و دەشێت سوودیان لێوەرگیرێت و ئەوەی گونجاوە کاری پێبکرێت ، دیارە زۆربەشیان لەسەر بنەمایەکی زانستی دانراون و بۆ دامەزراندن و پێگەیاندنی کادیری پەروەردەیی بەکاردەهێنرێن ؛ بەڵام لە کوردستاندا هێشتا ئەو بنەمایانەی بەعس لەبەرچاوی گرتبوون لە ئارادایەو پێوەری ئینتیما بۆ حزبی دەسەڵاتدار پەیڕەوەکرێت کە لەگەڵ ئەزموونی هیچ یەکێک لە وڵاتانی جیهانی پێشکەوتووتر لە وڵاتی ئێمە نایەتەوە ، بەو وڵاتانەشەوە کە بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان نموونەیین . لەبەر ئەوە دانانی لێپرسراوانی حکومەتی و لەوانەش

پەروەردە لە کوردستاندا لەسەر بنەمای ئینتیمای حزبییە ، ئەمە شێوازو میراتێکی نێگەتیڤە بۆمان ماوەتەوەو لەسەداسەد هەڵەیە ، کە دەبوایە دوای ڕاپەڕین کاڵبکرێتەوە نەک بەم شێوەیە تۆخبکرێتەوە .
کاری کادیری پەروەردەیی ، کارێکی سایکۆلۆژی و مەعریفی و پەروەردەییە ، ئەنجامی ئەم کارە پەروەردەکردنی نەوە لەدوا نەوەی منداڵەکانی میللەتە . ئەم کارە بە خەڵکی پسپۆر دەکرێت کە بەتایبەتی بۆ ئەم کارە پەروەردەییە ڕاهێنرابن ، بۆیە دەبێت لایەنە زانستی و پەروەردەیی و سایکۆلۆژی و مەعریفییەکە بۆ دانان و ئەرک پێسپاردنیان لەبەرچاوبگیرێت ، بەم پێیە هەر پێوەرێکیتر بۆ دانانی ئەم کادیرە پەروەردەییانە هەبێت ، دەبێتە مایەی ئەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سیستەمە پەروەردەییەکە بەرەودواوە بەرێت و بەقوربانی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاو کێشەکانیانی بکات .
ڕۆژنامە : کەواتە چۆن بتوانین دەستێوەردانی حزب لە پەروەردە دووربخەینەوە ؟
قەرەداغی : لەڕاستیدا ئەوە گرێکوێرەیەکە من پڕۆژیەکی چارەسەرکردنی دەمودەستم بۆی نییە . ئێستاو لە هەلومەرجی ئیمڕۆدا ڕێگای چارەسەرکردن تەنها لەلای کەسە باڵادەستەکانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارە ، کە بە کاردانەوەی ئیجابییانە بەرامبەر کێشە پەروەردەییەکان و بوردن لە بەرژەوەندی تەسکی حزبییانە ، دەتوانن هەنگاو بەرەو گۆڕینی بنێن ، هەرچەندە ئاماژەکانی ڕابردوو و ئێستا لەوە دڵنیامان ناکات . ئەو کارە لە ململانێ و پرۆسەیەکی دژوارو کاتێکی درێژماوەدا دەکرێت . هەڵبەت جەماوەریش ڕۆڵی خۆی لەوەدا هەیەو بارودۆخە پەروەردەییەکە هەروەها نامێنێتەوە . جەماوەرێکی هوشیار کە بتوانێت کارتی هەڵبژاردن بەباشی بەکاربهێنێت و بیکاتە ئامرازێکی فشار بۆ هەڵبژاردنی کەسانێک کە نوێنەری ڕاستەقینەیان بن ، ڕۆڵیان دەبێت ، نەک هەر لە بواری گۆڕینی سیستەمی پەروەردەدا ، بەڵکو لە بڕیاردانی چارەنووسی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان و نەوەکانی دواڕۆژدا کە ئیمڕۆ لەنێو هۆڵەکانی خوێندندان .
ڕۆژنامە : بوونی ڕێکخراوە خوێندکاری و قوتابییەکان لەناو خوێندنگەکاندا ، بەتایبەتی قۆناغی بنەڕەتی ، تا چەند سوود بە پرۆسەی پەروەردە دەگەیەنێت ، دەکرێت بەدیلی هەبێت ؟
قەرەداغی : ئەگەر ئەو کارەی دەیکەن لە بەرژەوەندی و خزمەتی خوێندکاراندا بێت بە گشتی ، بێ هیچ گومانێک سوود بە پرۆسەی خوێندن دەگەیەنێت ؛ بۆ نموونە دەستگیرۆیی خوێندکارە نەدارەکان و دابینکردنی هەندێک لە پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خوێندن و سازکردنی ئاهەنگ و سەیران و گەشتی زانستی بۆ خوێندکاران ، دیارە لە بەرژەوەندییاندا دەبێت بە مەرجێک مەرجە حزبییەکان بارمتەیان نەبن ، کە ئەمە مەرجێکە تا ئێستا گرانبووەو ئەو ئەزموونەی لەمەوپێش هەیە پێچەوانەکەی دەگەیەنێت ، چونکە ئەو ڕێکخراوانە ئەوەندەی بەرژەوەندی حزبەکانیان مەبەستبووە ، ئەوەندەی هەوڵیان بۆ ڕاکێشانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ حزبەکانیان داوە ، ئەوەندە بە تەنگ خودی قوتابیان و خوێندکاران و ئاستی پەروەردەوفێرکردنەوە نەبوون . لەبەرئەوە دەکرێت ، بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانیدیکە ، بەدیلێکیتر بۆ ڕێکخستنی خوێندکاران لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا دابنرێت ، ڕێکخراوی بێلایەن و بێ ئینتیمای حزبی لەڕێی هەڵبژاردنی ئازادەوە لە مەڵبەندەکانی خوێندندا هەبن ، هەموو پۆلێک نوێنەری خۆی هەبێت و نوێنەری خوێندکارانی هەر مەڵبەندێکی خوێندن ئەندامی کارای لە بەڕێوەبردنی مەڵبەندەکەدا هەبێت ، بەمەش دەتوانێ ڕۆڵێکی ئەکتیڤ ببینێت و زۆر ئەرک لە ئەستۆی ئیدارەی خوێندنگا بکاتەوە . ڕێکخراوەکانی ئێستا ، هەریەکەیان دروستکراوی حزبێکن بۆیە کاری ڕێکخراوەیی و جەماوەرییان بە فراوانی پێناکرێت و ناتوانن وەک ڕێکخراوێکی چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵسووڕێن ، یان کاریگەرێتییان لەسەر گۆڕانکاریی پەروەردەیی هەبێت .

رۆژنامە : دانانی ژیاننامەی سەرکردەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا تا چەند رۆڵ و کاریگەریی لەسەر پەروەردەی منداڵ بەجێدەهێڵێت ؟

قەرەداغی : پەروەردەی مۆدێرن دژی هەموو شێوە شتنەوەیەکی مێشکی منداڵە . کارتێکردنی حزبییانە لە منداڵان کارێکی هەڵەیە . ئاراستەی ئایدیۆلۆژیستانەی منداڵ لەگەڵ چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسیدا ناگونجێت . پیرۆزاندن لەهەر ئاستێکدا بەرنامەڕێژیی بۆ بکرێت کارێکی نەشیاوەو پەروەردەی نوێ رەتیدەکاتەوە سەبارەت بەوەی رەخنەگرتن و بیرکرنەوەی زانستیانە و پاراستنی کەسایەتیی سەربەخۆی منداڵ ، ئەو کۆڵەکانەن کە پەروەردەوفێرکردنی مۆدێرنی لەسەر راوەستاوە . سەپاندنی بیروباوەڕی ئەم حزب یان ئەو حزب ، پیرۆزاندنی ئەم بەرنامە یان ئەو بەرنامە ، جەختکردن لەسەر سەرکردە کاریزمییەکان لە بەرنامەکانی خوێندندا پێچەوانەی ئەرکی ئیمڕۆی پەروەردەو فێرکردن و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دروست و نەوەیەکی هوشیارە کە ئەملاوئەولای بە هێڵی سوور بتەنرێت .

منداڵ ، بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتیدا لەگەشەکردنی بەردەوامدایە لەبەر ئەوە دەبێت فێری ئەوە بکرێت خۆی بڕیاری چارەنووسی فیکری و ویژدانیی خۆی بدات ، واتەنابێت هیچ شتێک بەسەریدا بپیرۆزێنرێت . دەبێت منداڵ رێگاکانی بیرکردنەوەی زانستی و مەعریفەی گشتی فێربکرێت تا بتوانێت لە گەورەبوونیدا خۆی ئازادانە هێڵی سوور بۆ رەفتارو رەوشتی هەمەلایەنەی خۆی دەستنیشان بکات . دەبێت ئەم ئاڕاستەیە بەشێکی گرنگی هەر بەرنامەڕێژییەک بێت بۆ گۆڕانکاری و تەنانەت بۆ ریفۆرمیش .

رۆژنامە : بێجگە لە هەموو ئەوانە کەموکووڕییەکانی ئەم سیستمەی بۆ پەروەردە پیادەدەکرێت چییە؟

قەرەداغی : وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستیی بە توێژینەوەی زانستی هەیە . من ناتوانم بەبێ لێکۆڵینەوە یان توێژینەوە ، هەر لە خۆمەوە ، کەموکووڕی دەستنیشان بکەم ، ئەگەرچی ئەزموونی شەخسی رۆڵی لە چاکتر ناسینی سیستمی پەروەردەیی و کێشەکانیدا هەیە . ئەوەی دەتوانین بە مەزەندەو بە تێبینی واقیعەکە هەستی پێبکەین ئەوەیە کە بە گشتی کەموکووڕی لە سیستمی ئیدارەو سیستمی پێگەیاندنی مامۆستایان و راهێنانیشیاندا هەیە ، هەروەها لە بەرنامەکانی خوێندن و رێگاکانی وانەگوتنەوەو بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن . لە هەمووشیان گرنگتر ئەو کەموکووڕییە زۆرەیە کە لە بینای قوتابخانەدا هەیە ، لەبەر ئەوە دەبێت ریفۆرم هەر لەسەرەتاوە وەک ئەولەوییەت مشووری چاکردن و زیادکرنی بینای قوتابخانە بخوات و بە مەرجێکی سەرەکی هەر هەوڵێکی ریفۆرمیستانەی بزانێت . خۆ ئەگەر نیازی گۆڕانکاریی ریشەییش هەبێت ، ئەوە سەرەتا دەبێت لە بڕیاردان و دیاریکردنی فەلسەفەی پەروەردەییەوە دەستپێبکەین .

رۆژنامەی ( رۆژنامە ) ژمارە ( 392 )
دووشەممە 26ی کانوونی دووەمی 2009

# رۆژی جیهانیی نەهێشتنی دیاردەی کارکردن بە منداڵان

ئەمڕۆ رۆژی جیهانیی نەهێشتنی دیاردەی کارکردنە بە منداڵان . رێکخراوی نێودەوڵەتی کار رۆژی 12 ی حوزەیرانی بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشانکردووە . هەر ئەمڕۆ بە دەستپێشخەری ئەم رێکخراوەو یەکێتیی جیهانیی سەندیکاکان ، کە ئێستا ( 28 ئایار – 13 حوزەیران ) نەوەدوحەوتەمین کۆنگرەی خۆی لە جنێف دەبەستێت ، دانیشتنێکی تایبەتی بەم بۆنەیەوە دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو راپۆرتەی دەربارەی دیاردەی کارکردنی منداڵان لە جیهاندا ئامادەکراوە . دوای ئەوەش خۆنیشاندانێک بۆ بەرهەم ( کۆشکی نەتەوەکان ) لە جنێف سازرەکەن تیادا ژمارەیەکی بەرچاو منداڵان و کەسایەتیی نێودەوڵەتی و سەندیکایی و سەرۆکی حکومەتی کانتۆنی جنێف و سەرۆکی شارەوانی بەشدارییدەکەن و ، لەژێر دروشمی " نابێت منداڵان کاریان پێبکرێت " دا ، لەسەر یاداشتێکی گەورە ، بۆ پشتگیریی ئەو دروشمە دەست بە ئیمزاکۆکردنەوە دەکرێت .

ئەمڕۆ شەست دەوڵەت بەڕەسمی ، لەڕێی چەندین چالاکیی جۆراوجۆرەوە بەشداریی لەم بۆنەیەدا دەکرێت ، پاشان هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ دابینکردنی کتێبی تایبەت بۆ منداڵان بەرپادەکرێت تا رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی کارو یۆنسکۆویونسیف لە بەرنامەکانی فێرکردنی منداڵاندا بەکاریبهێنن و هەوڵی رزگارکردنی منداڵان لە بازاڕی کار بدەن .

ئەم هەڵمەتە جیهانییە بۆ نەهێشتنی دیاردەی کارکردن بە منداڵان بەشێکە لە هەڵمەتێکی گشتیتر کە رێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە پێناوی یەکسانیی گشتی لە کاردا سازیدەدات ، لەڕێی زامنکردنی کاری شیاوی یەکسان بۆ هەموو کەسێک بە ژن و پیاوەوە .

ئەم بەرنامەیە دژی کارکردن بە منداڵان رادەوەستێت و ، دەیەوێت لەڕێی زامنکردنی خوێندن و هوشیارکردنەوەی کوڕان و کچانەوە دروشمی " زامنکردن لە پێناوی پێشکەوتن " دا بەدیبهێنێت .

ئەم هەنگاوە ئیجابییەی رێکخراوی نێودەوڵەتی کار دوای ئاشکراکردنی ئەو ئامارە دێت کە سەبارەت بە ژمارەی منداڵان لە بازاڕی جیهانیی کاردا بڵاوکرایەوە . بەپێی ئەو ئامارە 218 ملیۆن منداڵ کە لە تەمەنی خوێندندان کاریان پێدەکرێت .ئەم ژمارەیەش لایەنی کەمە چونکە بە مەزەندەی شارەزایانی کار ژمارەکە لە 250 ملیۆن منداڵ تێپەڕدەکات . *

ئەو منداڵانەی کاردەکەن ، لە بارودۆخێکی ئێجگار ناهەمواردا ژیان بەسەردەبەن . بەشێوەیەکی نامرۆڤانە مامەڵەیان دەکەن . هەژاری و خراپی باری گوزەرانیان ، بۆ هەرچی زیاتر چەوساندنەوەیان ، ئیستیغلال دەکەن .

لە سەرانسەری جیهاندا ، منداڵان لە کاردا پتر لە هەشت سەعات بە کرێیەکی کەم دەرەتترین . ئەو منداڵانە ، هەندێکیان لەلایەن باوک و دایکە نەدارەکانیانەوە دەنێردرێنە ئەو بازاڕە یان دەفرۆشرێن . تۆڕە نێودەوڵەتییەکانی جیهانی سەرمایەداری ، باندە مافیاییەکان ، بازرگانانی سێکس و مادده بێهۆشکەرەکان ، منداڵان وەک کەرەسەی خاوی کەڵەکەی سەرمایە بەکاردەهێنن و مەرجەکانی ژیانێکی کولەمەرگیی پڕاوپڕ چەوساندنەوەیان بەسەردا دەسەپێنن .

لەڕاستیدا ئەم هەوڵەی رێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە سنووری نیازێکی ئەخلاقی تێپەرناکات .چارەسەرکردنێک کە ئەمڕۆ لە سەرانسەری جیهاندا چالاکیی بۆ دەنوێنن ، لە سایەی سیستمی باوی جیهانیدا ، چارەسەرکردنێکی ریفۆرمیستانەی بۆرژوازییە کە مەسەلەی بنەڕەتی ئەم کێشە جیهانییە پەردەپۆشدەکات وناتوانێت لەڕیشەوە بنبڕی بکات .

کارکردن بە منداڵان ، بە پلەی یەکەم ، پەیوەندی بە بارودۆخی ژیان و گوزەرانەوە هەیە ، واتە پەیوەندی بە هەلومەرجی ئابوورییەوە هەیە ، پەیوەندی بە ماشێنی سیستمی سەرمایەو بازاڕی کارو زامنکردنی زێدەبایی و کەڵەکەی سەرمایەوە لە سایەی سەرمایەداریی جیهانگیردا هەیە . بۆیە نە ئیمزاکۆکردنەوە ، نە ڕێپێوان و خۆنیشاندان ، نە هاوبەشیکردنی ڕێکخراوەکانی وەک ( یۆنسکۆ و یونسیف ) لەڕێی بەرنامەکانی فێرکردنەوە لە هەڵمەتەکەدا ، نە پیتاک بۆ دابینکردنی کتێب بۆ منداڵان و ، نە بەرنامەکانی بەناو ڕووناکبیری ، ناتوانن منداڵان لە چەوساندنەوە بپارێزن ، ناتوانن جڵەوی ئەسپی هارو شێتی سەرمایە بەدەستەوەبگرن و ڕێگری لە کاری باندە مافیاییەکانی بازرگانییە منداڵانەوە بکەن .
رزگارکردنی منداڵان لە بێگاری و کارکردن و بەشداریی جەنگ و خۆکوژی و بازرگانی سێکس و ماددە بێهۆشکەرەکان ، تەنهاو تەنها بە هەرەسی سیستمی سەرمایەو هاتنەدی جیهانێکی بێ خاوەندارێی تایبەتی و کاری کرێگرتەوە بەستراوەتەوە . بۆیە پێویستە ، لەگەڵ بردنەپێشەوەی کارە ریفۆرمیستییەکان ، کاری ڕاگەیاندن و رووکەشی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چەواشەمان نەکات و ، ستراتیژی خەبات بۆ گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە ژیانی منداڵانی جیهاندا بزرنەکەین .
هەموو زانیارییەکانم دەربارەی ئەو ڕۆژە جیهانییە لە ( ناوەندی هەواڵ ) ی سایتی ( الحوار المتمدن ) وەرگرتووە کە بەشێوەی وتارێک بە ناونیشانی" يوم 12 حزيران هو اليوم العالمي لمكافحة تشغيل الأطفال " کە ڕۆژی ١١ – ٦ – ٢٠٠٨ بڵاوکرایەوە.

١٢ ی حوزەیرانی ٢٠٠٨

## ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانیی منداڵانە

ساڵ دێت و ساڵ دەڕوات و ، ڕۆژی جیهانیی منداڵان وەک ڕۆژێکی ئاسایی تێدەپەڕێ . دەزگاکانی سیستمی سەرمایە لە سەرانسەری جیهاندا دیماگۆگیانە لە پێشوازی لەم ڕۆژەدا دەبن . ئاهەنگ و سەیران و فێستیڤاڵ و کۆنسێرت و . . . هتد سازدەکەن ، بەڵام توخنی کێشە بنچینەییەکانی منداڵان ناکەون و هەتا دێت ، بەگشتی ، منداڵان لەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی جیهان ، بە تایبەتی منداڵانی باشووری جیهان ، مافەکانیان زیتر پێشێل دەکرێت و ، سیستمی جیهانیی سەرمایە باری گرانی چەوساندنەوەیان بەسەردا دەسەپێنێ و بۆ بەرژەوەندییەکانی ، لە نزمترین ئاستی گوزەران و بێ مافیدا ڕایاندەگرێت . سەرمایەداریی جگە لەوەی لەڕێگەی دەزگای خێزانەوە هێزی کاری بەرهەوام دابین دەکات ، لە بازارە ئازادەکەی خۆشیدا منداڵان دەکاتە کاڵاو بازرگانییان پێوەدەکات . ئەمڕۆ لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینیدا ، بازرگانیکردن بە منداڵانی کوڕو کچ بۆتە سەرچاوەی داهاتێکی بەرچاو بۆ باندەکانی لەشفرۆشی و بازرگانیی سێکس کە هەریەکەیان لە سنووری پەیوەندییە بەیەکداچووەکانی سیستمە جیهانییەکەی سەرمایەدا ڕۆڵی تایبەتی خۆی لە خزمەتی پەیوەندییە باوەکاندا وازیدەکات .

بارودۆخێک کە ئەمڕۆ منداڵانی جیهانی تێدایە ، راستەوڕاست پێچەوانەی درۆ شاخدارەکانی سیستەمی سەرمایەو چینە وابەستەکانێتی ؛ تەنانەت ئەو پەیماننامەو پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتیانەشی بە ناوی مافی منداڵ و بەرگری لە منداڵێتی دەرچوون و لە بۆنە جیاجیاکان و کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی تایبەت بە منداڵاندا ، وەک قەوانی سواولێیدەدەنەوە ، هیچی لەباری کەسایەتیی منداڵان و گوزەرانیان نەگۆڕیوە . ئەو بەڵگەنامانە تەنها وەک مەرەکەبی سەر کاغەز ماونەتەوەو لە پراکتیکدا جێبەجێناکرێن . لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ، لەوانە عێراق و کوردستانیش یاسایەک نییە کە کۆمەڵ لەبەرامبەر منداڵاندا بخاتە بەردەم لێپرسراوێتییەکی جیددییەوە . هێشتا لە بەشێکی فراوانی ئەم جیهانەدا چۆنیەتی و سنوورو مەرجەکانی لەباربردنی منداڵ دیارینەکراوە ، کوشتن و فڕێدانی منداڵانی کۆرپە بەناوی شەرعی نەبوونیانەوە دیاردەیەکی بەربەرییانەی ئەم سەردەمەیە ، لێدان و سووکایەتی و پڕجنێوکردنی منداڵان و تێکشکاندنی کەسایەتییان شێوازی باوی مامەڵەی دایکان و باوکان و گەورەکانە ، هەژاری و دەستکورتی و دابەزینی ئاستی ژیان بۆ چەند پلە خوار هێڵی هەژاری ، مەرج و زەمینەی فرۆشتنی منداڵانی لە بازاڕی رەشدا رەخساندووە ، هەروەها بواری باندە سەرمایەدارییەکانی داوە تا منداڵان بفڕێنن و بازرگانی بە پارچەکانی جەستەیانەوە بکەن ؛ هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی منداڵان بچنە بازاری کارەوەو لە تەمەنێکدا کە هێشتا بۆنی شیری خاو لەدەمیاندێ کاربکەن تا بژێوی کەسوکارە لێقەوماوو نەدارەکانیان دابین بکەن .

کۆمەڵگای گەورەسالاری و پیاوسالاری ، واتە کۆمەڵگای باوکایەتی کاریکی کردووە کە منداڵان ببنە توێژێکی هەرە دیاری چەوساوە لە کۆمەڵگاکاندا ، بە کۆمەڵگای " مۆدێرنی " سەرمایەداریشەوە . ئەمڕۆ ، هەروەکو دوێنێ ، ئیرادەیەک کە لەنێو کۆمەڵگاکاندا باوەو لەڕێی توندوتیژییەوە پەیڕەودەکرێت ، ئیرادەی باوک و سیستمی باوکایەتییە کە بوون ( وجود ) ی منداڵ و کەسایەتییان دەسڕێتەوەو کۆیلەیەتییان بەسەردا دەسەپێنێ . منداڵ تا ئەو کاتەی لەژێر رکێفی کەسوکاریایەتی توانای بڕیارو پراکتیکی ئیرادەی سەربەخۆی نییە ، لە پرۆسەیەکی راهێنان و رامکردنی کۆمەڵایەتیدا ، لەسەرشێوەی گەورەکانی کۆمەڵ لەقاڵبدەدرێن و بەپێی پرنسیپە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگا دادەڕێژرێنەوە .

منداڵ هەتا لە ماڵەوەیە ، سیستمی باوکایەتیی دەزگای خێزان ، رەفتارو رەوشت و هەڵسوکوتەکانی ئاڕاستەدەکەن و پاشان لەژێر سایەی سیستمی باوکسالاریی خوێندندا ، دار دەبێتە ئامرازی پەروەردەو فێرکردن و ، دیسان یاساو سیستم و رێنماییە ئاودراوەکان بە ئایدیای باوکسالاریی ئاوێتە بە ئایین و نەرێتە دواکەوتووەکان ، دوارۆژی چ لەڕووی کەسایەتی و چ لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە بڕیاردەدەن . ئەم حاڵەتە بەشێوەی جۆراوجۆرو بە بەرگی رەنگاوڕەنگی جیاوازەوە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی سەرمایەداریی جیهاندا بەردەوامەو لەژێر پەردەی " مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاکەکەس " ی بۆرژواییدا ، پرۆسەی بەکۆیلەکردنی مرۆڤەکان هەر لە منداڵییەوە دەستپێدەکات تا ئاکام دەستی کار بۆ چەرخاندنی چەرخی سیستمی سەرمایەو کارەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریی ، یەکبینە خۆی بەرهەمدێنێتەوە .

دەبێت ئەمڕۆ لەبەسەرکردنەوەی رۆژی جیهانیی منداڵاندا ئەو راستییانەمان لەبەرچاو بێت و ، ئەم واقیعە ببێتە مایەی تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ منداڵێتی و ، بە ئاڕاستەی خەباتێکی بێوچان لە پێناوی بەدیهێنانی بەرنامەیەکی جیهانیی نوێدا ببرێت کە منداڵانیش لەگەڵ تەواوی کۆمەڵدا لە نامۆیی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی رزگار بکات .

2008 / 6 / 1

# لە پەراوێزی کێشەی سووکایەتی بە خوێندکارانی دواناوەندیی خورماڵی کچاندا

دوابە دوای ئەو کێشەیەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو 28 ی شوبات لە دواناوەندیی خورماڵ ڕوویدا ، چەند کاردانەوەیەکی جیاجیا دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی هاتە پێشەوە . بەڕێوەبەری پەروەردەی هەڵەبجە ئەو مامۆستایانەی ناردە ماڵەوە ، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکە دانراوە ، نوێنەری خوێندکارەکان ، بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بە کاربەدەستان سەردانی جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە ، لە خورماڵ دوو خۆنیشاندان بەڕێوەچووە یەکێکیان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی سەبارەت بەو سووکایەتییەی بە کیژە خوێندکارەکان کراوە و داوای سزای توندیان بۆ ئەو مامۆستایانە کردووە کە بەو کارە دزێوە هەڵساون ، دووەمیشیان خۆنیشاندانێک بووە کەداواکاری گێڕانەوەی ئەو چوار مامۆستایە بۆ خوێندنگاکە دەکەن . لەسەر ئاستی کۆمەڵیشدا بیروڕای جیاواز بۆ چارەسەرکردنی لە ئارادایە کە زیتر بەلای ئەوەدا دەچێت بە سزادان کۆتایی بێت . لەنێو ئەو سزایانەدا گواستنەوەی ئەو مامۆستایانە بۆ خوێندنگایەکی دوور لەسەر سنوور ، یان دەرکردنیان و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراندنەکەیان بە مامۆستا ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە .

لەڕاستیدا ئەم کاردانەوانە چەند ئاماژەیەک دەبەخشن کە سەرجەمیان بە دەوری کێشەکەدا دەسووڕێنەوە و جەوهەرەکەی دەشارنەوە یان هەستی پێناکەن . هەڵوێستی ڕەسمی کە دەزگای پەروەردە دەریبڕیوە لە پێگەی یاساییەوە سەرچاوە دەگرێ و شێوەیەک سۆراخکردنی ڕۆتینییە کە دەشێت بەرامبەر هەر کێشەیەکی دیکە بگیرێتەبەر . خۆنیشاندانەکانیش بەڵگەی بوونی دوو مەیلی کۆمەڵایەتییە کە بەگشتی ناکۆکی و ململانێی واقیعی نێو کۆمەڵ دەردەبڕن .

هەڵبەت دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکە _ ئەگەر بەو شێوەیە بوو کە ڕاگەیەندراوە _ لە ڕووی یاساییەوە دەتوانرێت سزایەک دیاریبکرێت و بەسەر مامۆستاکانیدا بدەن تا ڕادەی دەرکردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو فەرمانە کارگێرییەی بۆ دامەزراندنیان دەرکراوە . بەڵام ئەوەی پرسیار دەوروژێنێ ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو سزایانە بەڕاستی چارەسەری کێشەکە دەکەن ؟ ئایا ئەم سزایانە دەبنە هۆکارێک بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کارێکی لەم چەشنە ڕوونەداتەوە ؟ ئایا دەتوانرێت سیمای باوی ( باوکسالاری و پیاوسالاری و گەورەسالاری ) لە ڕوخساری سیستمە پەروەردەییەکە بکرێتەوە و هەڵوێستی مۆدێرنانە ، لەم خاڵەوە بەرەو ئایندە ، ببێتە سیماو جەوهەری سیستمی پەروەردەیی لە کوردستاندا ؟ واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستان و سیاسەتێکی کۆنەپارێزانە کە دەربارەی ئەم جۆرە

گیروگرفتانە پیادە دەکرێت گومان دەخاتە سەر وەرچەرخاندنێکی مۆدیرن لەم بارەیەوە ، چونکە ئەو ئیجرائاتەی بیریلێدەکرێتەوە زۆر دوورن لەو رێگا بوێرانەیەی کە بە پەروەردەیەکی مۆدیرن دەگات .

سزادانی مامۆستاکان بەپێی بەندەکانی سیستمی ئیداریی دەزگای پەروەردە وەک ( سەرنجڕاکێشان ، ئاگادارکردنەوە ، سەرزەنشت ، هێنانەخوارەوەی پلەی فەرمانبەریتی و دابەزاندنی مووچە ، لەسەرکارلابردن بە دەرکردنی کاتیی یان هەمیشەیی ) ، یان گواستنەوە لەو خوێندنگایەوە بۆ خوێندنگایەکی دوورەدەستی سەر سنوور ؛ ئەگەر بیر لە گۆڕانکارییەکی ریشەیی سیستمەکە نەکرێتەوە ، هیچ یەکێکیان لە بازنەیەکی تەسکی چارەسەرێکی کاتیی بۆ ئەو گرفتە دیاریکراوە تێپەڕ ناکات. دەشێت هەر سزایەک لەوانە بەپێی یاساو سیستمی پەروەردە بەسەریاندا بدرێت ، وەک چارەسەرێک و متکردنەوەیەکی کاتی بۆ کێشەکە ، بەلام دەبێت ئەم رووداوە جارێکی دیکە هەردوو دەسەلاتی سیاسی و پەروەردەیی رابچڵەکێنێ و بەرنامەی پیادەکردنی خوێندنگایەکی مۆدیرن و سکولار دابڕێژن .

هەڵوەشاندنەوەی پەروەردە بە دارو کوتەک - بەمانا فراوانەکەی _ هەڵوێست و بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەی دەوێت کە دەبێت ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی مەیلی کۆنەپارێزی کۆمەڵیش لەبەرچاو بگیرێت و ، هەر بڕیارێک لەم بارەیەوە درا پاشەکشەو سەوداکاری و " موجامەلەی سیاسی " ی هەڵنەوەشێنێتەوە . دەتوانرێت لەم کایەیەدا :

- بڕیاری جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و پەروەردەو فێرکردن لە دەستووری هەرێمدا بدرێت . واتە پەروەردەی سکولار لەلایەن پەرلەمانەوە رابگەیەنرێ و هەر نارەزایەتییەکیش هەبوو ، دیموکراتییانە ، بە پێی پرنسیپە پەیرەوکراوەکانی نێو پەرلەمانەکانی جیهان کە دەنگدان و وەرگرتنی رای زۆربەیە ، چارەسەر بکرێت .

- دەزگا بەرپرسەکانی پەروەردە ، لەرێی کۆرس و وەرشەی پراکتیکییەوە ، سەرلەنوێ کەسایەتیی مامۆستایان بە گیانێکی دیموکرات و سکولار پەروەردەبکەنەوە ، ئەو مامۆستایانەشی لەگەڵ ئەم رەوتە مۆدێرنەدا نەگونجان و گۆڕانکارییان بەسەردا نەهات ، بۆ بواری کارێکی دیکە بگوێزرێنەوە کە پەیوەندیی بە منداڵان و هەرزەکارانەوە نەبێت . ئەرکی حکومەتە میزانییەیەکی گەورە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات و هەموو دەزگاکانی خۆی - بەتایبەتی دەزگاکانی راگەیاندن – بخاتە خزمەتی ئەم پرۆسەیەوە .

- دەسەلاتی سیاسی و پەروەردەیی ، داروەشاندن و هەموو شێوەکانی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی بەرامبەر قوتابییان و خوێندکاران قەدەغە بکات و ، لە بەرامبەریشدا رێ لە سووکایەتیکردن بە مامۆستایان بگرێت ، رێوشوێنی دیسپلینی خوێندنگا دابنێ و ، هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر کەسایەتیی قوتابییان و خوێندکاران و مامۆستایان ، لێپرسینەوەی یاسایی لەسەر هەبێت .

- دەبێت دەسەلاتی سیاسی و پەروەردەیی ئازادی هەموو تاکەکەسێک بپارێزێت و رێگە نەدات ئەم ئازادییە بە هیچ شێوەیەک پێشێل بکرێت . یەکێک لەو ئازادییانەی کە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە ئازادی پۆشینە . دەبێت هەموو کەسێک چ پیاو بێت چ ژن ئازادی خۆگۆڕین و پۆشینی جۆری جل و بەرگی دڵخوازی خۆی هەبێت . بۆ هیچ کەسێک نەبێت ، بە هیچ بیانوویەکەوە جۆرێک پۆشاک قەدەغە بکات ؛ دەبێت ئەم ئازادییە شێوەی رێکخستنی پرچ و سەروپۆتەلاکیش بگرێتەوە . دەبێت پراکتیکی ئەم ئازادییە لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا بکرێت و مەسەلەی جۆری پۆشاک و رێکخستنی پرچ یان پۆشینی حیجاب و نەپۆشینی وەک مەسەلەیەکی شەخسی بۆ خودی قوتابییان و خوێندکاران بەجێبهێڵرێت ؛ ئەگەر شێوازی یەکبەرگیش پەیرەوکرا دەبێت دەزگا بەرپرسەکان و رێکخراوەکانی قوتابییان و خوێندکاران و لاوان بە هاوئاهەنگی بڕیاری ئەوشێوە یەکبەرگییە بدەن و حکومەتیش ساڵانە ئەرکی دابینکردنی ئەو پۆشاکە یەکڕەنگە لە ئەستۆ بگرێت .

ئەم رووداوە بۆ جارێکی دیکە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی کردە ئەرکێکی ناچاریی کە ناکرێت دوابخرێت ، هەوێنی گۆڕانکاریی پەروەردەیش لەم قۆناغەدا جیاکردنەوەی ئایینە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و بنیاتنانی پەروەردەیەکی دیموکراتیی نوێی سکولارە .

3 ی مارتی 2008

## کیژانی خوێندکار لە دواناوەندیی خورماڵ سووکایەتییان پێدەکرێت

چەند رۆژێکە دەنگوباسی سووکایەتیی بە چەند کیژێکی خوێندکار لە دواناوەندیی خورماڵ بووەتە وتی وتی نێو خەڵکی . سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی ، راستیی ئەم هەواڵەی راگەیاند کە یاریدەدەری بەڕێوەبەری خوێندنگاکە لەگەڵ سێ مامۆستا کە چەند مانگێکە دامەزراون پەرچەمی حەوت خوێندکاری کچیان بە مقەست بڕیوە . ئەم خوێندکارانە بێ لەچک نەبوون ، هەموو تاوانەکەیان ، کە مایەی ئەو سووکایەتییە بووە ، ئەوە بووە کە چەند تاڵێکی قژیان لە پێشەوە لەسەر ناوچەوانیان بە دەرەوە بووە .
ئەمە یەکەم جار نییەو دواجاریش نابێت کە رەوتە کۆنەپارێزەکانی نێو دەزگای پەروەردەو فێرکردن لەم جۆرە کارە نەشیاوانە ، لە نێو قوتابخانەو خوێندنگاکاندا ، بەرامبەر کیژان دەکەن . ئەم کردەوەیە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک راستی کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن و دەزگا بەرپرسیارەکانی حکومەت و پەروەردە بەهەند وەریبگرن و بڕیارێکی بوێرانە بدەن و چاوپۆشی لێنەکەن .
1 ) دوای حەڤدە ساڵ لە راپەڕینی خەڵکی کوردستان و فەرمانڕەوایەتی هەردوو حزبە سەرەکییەکەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ، نەک ئایدیای باوی کۆمەڵ گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە ، بەڵکو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە ، هێشتا دەستی کۆنەپەرستیی بۆ دەستخستنە کاروباری شەخسیی تاکەکەس و کۆمەڵ ئاوەڵایە . ئەم حاڵەتە یەخەی کاربەدەستان دەگرێتەوە لەبەرامبەریدا بەرپرسیارن ؛ تا ئێستا لە کوردستاندا یاسایەک نییە بەربەستی ئەم دیاردانە بکات ، یان ئەم رەفتارانە لێپێچینەوەو سزادانی یاسایی لەسەر بێت . سات و سەودای سیاسی بۆ بەرژەوەندیی حزبی تەسک و رووپامایی بۆ دەروردراوسێکانی کوردستان ، فاکتەرێکی گرنگی شووڵلێهەڵکێشانی باڵی هەرە راست و کۆنەپارێزیی کۆمەڵ و بەردەوامبوونیانە لەم کارە قێزەونانەدا .
2 ) رەفتاری ئەم مامۆستایانە ئاماژە بە واقیعی سیستمی کۆمەڵایەتی کوردستان دەکات، واقیعی باوبوونی نەریتەکانی سیستمی دەرەبەگی کە توندوتیژیی شێوازێکی بنەڕەتیی پەیوەندییەکانە چ بەشێوەیەکی ستوونی بێت یان بەشێوەی ئاسۆیی . ئەم پەیوەندییانە کە

کاریگەرێتی ئەم سیستمە باوەی بەسەرەوەیە لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا تەواوی پەیوەندییە جیاجیاکانی نێو دەزگاکە دەگرێتەوە ، هەڵبەت پەیوەندی نێوان مامۆستای ( باوک ) و قوتابی ( منداڵ ) یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی ئەو پەیوەندییانە پێکدەهێنێت کە لە پراکتیکدا ئەم شێوە ڕەفتارانەی لێدەکەوێتەوە .

3 ) ئەم ڕووداوە ، کە نموونەیەکی ئەو واقیعەیە کە ڕۆژانە بەشێوەی جیاجیا لە نێو دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردندا چەندبارە دەبێتەوە ، بەڵگەو نیشانەیە بۆ فەشەلی دامەزراوەو دەزگا بەرپرسەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان ، واتە بێتوانایی خوێندنی بەر لە مامۆستایەتی دەردەخات کە پاش چەند ساڵ وانە گوتنەوە لە بوارەکانی پەروەردەو سایکۆلۆژیدا مامۆستایەک بەرهەم ناهێنێت کە لانی کەم پرنسیپە سەرەتاییەکانی هونەری مامۆستایەتی پەیڕەو بکات . ئەم واقیعەی خانەو پەیمانگاو کۆلیژەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان دەیان ساڵە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووەو ، ئەوەتا تا ئێستاش بە " فەلسەفەی " دارو کوتەک دەرچووەکانی گۆشدەکات .

ئەو سووکایەتییەی بە کچانی خوێندکار لە دواناوەندیی خورماڵ کراوە شایانی ئەوەیە دەزگا بەرپرسەکانی حکومەت و دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن رابچڵەکێنێ و نەک هەر کۆمەڵێک پرسیاریان لەلا بورووژێنێ ، بەڵکو بە پەرۆشییەوە چارەسەرکردنێکی ریشەیی بۆ رزگارکردنی پەروەردە لەو ئاستە نزمە دواکەوتووەی ئێستایدا بدۆزنەوەو چیتر چارەنووسی نەوەی ئیمڕۆو ئایندەی گەلەکەمان لە چاوەڕوانیدا رانەگرن ، بەڵکو کۆمەڵێک ئیجرائات بڕیار بدەن تا بەردی بناغەی پەروەردەیەکی نوێ دابڕێژن و ، هیچ نەبێ ئەم پڕۆسە گرنگە کەمێک لە جیهانی ئەمڕۆ نزیک بکەنەوە .

ئەم ڕووداوە جارێکی دیکە پێویستیی گۆڕانکاریی ریشەیی سەلماندەوە . کاری ریفۆرمیستی و دەستکاریی رووکەش و بڕیارێ لێرەو بڕیارێکی دیکە لەوێ پەروەردەیەکی نوێ بەرهەم ناهێنێت . سستی و خاوەخاوکردن لەم ڕووەوەو ، هێشتنەوەی پەروەردە لەم حاڵەتەی ئێستایدا یان بڕیاری گۆڕینێکی شەرمنۆکانەو ، مانەوەی سیستمەکە لە نێوان کۆن و نوێ و دواکەوتن و مەدەنییەت و میراتی باوو سیکۆلاریزم ، ڕێژەی ئەو دیاردە ئابڕووبەرانانە پتر دەکات و ، چارەنووسی پەروەردە بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوەو هەتا دێت لە کاروانی جیهانی پێشکەوتوو دوا دەکەوێت .

**2008 / 3 / 2**

## سێ بنەمای بنچینەیی بۆ پەرەپێدانی پەروەردەیی

لەگەڵ هەر وەرچەرخانێکی سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتیدا ، ئەرکی نوێ بەرەوڕووی سیستمی پەروەردەو فێرکردن دەبێتەوە . ئەو شڵەژانەی بەرئەنجامی وەرچەرخاندنەکە دەبێت ، پێویستیی بە هێورکردنەوەو ڕێکخستنێکی نوێ دەبێت ، تا هاوکێشەی نێوان لایەنە شڵەژاوەکان رابگرێت و کۆمەڵگا رەوتی ئاسایی خۆی ، بەپێی پێداویستییەکانی ئەو وەرچەرخاندنە ، دەستپێبکاتەوە . لەبەر ئەوە پێداویستیی نوێکردنەوەی سیستمی پەروەردەو فێرکردن دەبێتە ئەرکی سەرەتاو بنچینەیی بۆ سەرکەوتن و بە ئەنجامگەیشتنی گۆڕانکاریی لە تەواوی سیستمە سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتییەکەدا . کەواتە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی گۆڕانکاریی ، سیستمی کۆمەڵایەتی و سیستمی پەروەردەو فێرکردن پێکەوە گرێدەدات و ، بەبێ گۆڕانکاریی پەروەردەیی ، گۆڕانکارییەکانی دیکە جێوڕێی خۆیان ناگرن .

پەرەپێدانی پەروەردەیی یەکێک لە شێوازەکانی گۆڕانکارییە ، کردارێکە پێویستیی بە تیۆرییەکی دیاریکراوو میتۆدێکی گونجاو لەگەڵ ئەو تیۆرییەدا هەیە . واتە کاری پەرەپێدان ئەوەندە سانا نییە بە بڕیارێک ، جا ئەو بڕیارە لە هەر ئاستێکی دەسەڵاتەوە بدرێت ، رووبدات . پەرەپێدانی پەروەردەیی ، ئەگەرچی سەرەتا بڕیارێکی سیاسی دەوێت کە لە لوتکەی دەسەڵاتەوە دەرچێت و لەسەرانسەری پڕۆسەکەدا پشتگیریی لە دەزگاکانی جێبەجێکردن بکات ، بەڵام خودی پەرەپێدانی سیستمە پەروەردەییەکەو گۆڕانکارییەک کە کۆمەڵگا دوای وەرچەرخاندنەکە بخاتەوە سەرپێ ، پێویستیی بە پەیڕەوکردنی چەند بنەمایەکی بنەڕەتیی هەیە . ئەو بنەمایانە چوونەپێشەوەی پڕۆسەکە لە خاوەخاوو هەڵەشەییش دەپارێزێ و بەرەنجامێکی گونجاوو جێگیرو سەرکەوتووی لێدەکەوێتەوە . بەبێ ریزبەندی ئەو بنەمایانەو بەرنامەڕێژیی بەپێی یەکەمێتییەکان ( أولويات ) ، بڕیارەکانی پەیوەند بە گۆڕانکاریی بڕناکەن و ، بەو هۆیەوە ، تواناو کات و هەوڵ و خەرجییەکی زۆر بەفیڕۆ دەچێت .

پەرەپێدانی پەروەردەیی پرنسیپێکی گۆڕانکارییە . ئەگەر بە راستی ئەم پرنسیپە وەرنەگیرێ و بایەخی تەواوی پێنەدرێ ، یان تەنها بۆ چەواشەکردن و مەبەستێکی تایبەتی رابگەیەندرێت ، ئەوا درەنگ یان زوو کاریگەرێتی نەرێیانەی لەسەر پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکەوێتەڕوو یان بە کردەوە تووشی بنبەستی دەکات . بۆیە دەبێت ئەو بنەمایانە کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین ، لەبەرچاو بگیرێن و لەهەر پلانێکی پەرەپێداندا فەرامۆش نەکرێن .

<u>1 ) تۆژینەوەی زانستی :</u>

تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی پشتبەستوو بە زانست ، یەکەم بنەماو گرنگترینیانە کە لەبەر تیشکی ئەنجامەکانیدا ، پەرەپێدان بەرچاوڕوون دەبێت و جۆرو مەوداو ئاڕاستەکانی گۆڕانکاریی دەستنیشان دەکات . تۆژینەوەی زانستی ، کە راستی مەبەستێتی و بۆ خۆی کردارێکە مەوزووعییەت یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی و لەنێویدا هەڵوێستی خودی ( ذاتی ) جێنابێتەوە ، پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە بڕیاری سەرپێیی و ویستی تاکەکەس و ئارەزووی ئەم لایەن و ئەو لایەن – خۆماڵی بن یان بیانی – دەپارێزێت . پەیڕەوکردنی ئەم پرنسیپە بۆ هەر هەنگاوێکی گۆڕانکاریی ، مەرجێکی بنچینەیی بڕیارە دروستەکانەو ، هەر بڕیارێک لەسەر ئەم بنەمایە نەدرێت ، ئەگەر بە حوکمی فەرمانی ئیداریش بەسەر سیستمەکەدا بسەپێندرێت ، ئەوا لەدوائەنجامدا شکست دێنێت .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ناتوانرێت هەموو تۆژینەوەیەکیش بەهەند وەربگیرێت و بناوانی بڕیارەکانی پەرەپێدان و گۆڕانکاریی بێت . تۆژینەوەی هەر بابەتێک مەرجی تایبەتی خۆی هەیەو بە جۆری بابەتەکەوە پەیوەستە . هەر بابەتێک جۆرە تۆژینەوەیەک هەڵدەگرێت . گۆڕانکاریی لەم نێوەدا لە راڤەکردن جیاوازە . ئەگەر تۆژینەوەی هەندێ بابەتی پەروەردەیی ، بۆ نموونە وەک ( مێژووی پەروەردەو سیستمەکانی )

پێویستیی بە توێژینەوەیەک هەبێت کە راڤەکردن تێیدا ئامرازی سەرەکی بێت ، ئەوا پەرەپێدانی پەروەرەیی یان گۆڕانکاریی ، کە دەبێت حاڵەتێکی کۆن و بەسەرچوو تێبپەڕێنێت و حاڵەتێکی نوێ لە شوێنیدا دابنێت ، پێویستیی بە شرۆڤەکردنێکی رەخنەگرانە هەیە کە لەسەر بنەمای وردترین زانیاری بنیادنرابێت . بۆیە سەرەتاییترین پرنسیپ لە پرۆسەی گۆڕانکاریدا توێژینەوەی مەیدانی و کۆکردنەوەی زانیاری و پشتبەستن بە ئامارێکی ورده لەسەر سیستمەکە .

بە کورتی ، ناسین و زانینی واقیعی مەوجوودی سیستمەکە دەبێتە پێگەیەک بۆ گۆڕانکاریی و هێنانەکایەی واقیعێکی نوێ کە لەگەڵ پێداویستییەکانی بارودۆخە نوێیەکەدا بگونجێ ؛ بەواتایەکی دیکە ، رەچەتەی ئامادەکراو لەتوێی کتێبەکاندا یان گواستنەوەی ئەزموونی وڵاتێکی دیکە ، چەندە لە بواری پەروەردەو فێرکردندا پێشکەوتووش بێت ، بەبێ رەچاوکردنی ئاستی کۆمەڵگاو واقیعی پەروەردەی خۆماڵی و پێداویستییەکانی ، سیستمەکە تووشی گێژاوێک دەکات ، کە لانی کەم نازانرێت سەرەنجامەکەی بە کوێ دەگات .

## 2 ) ئەزموون و پراکتیک :

ئەزموون و پراکتیک هەنگاوێکە دەکەوێتە نێوان دوو قۆناغی بریاری گۆڕانکارییەوە . دەبێت بڕیاردانی هەر گۆڕانکارییەک لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بە دوو قۆناغدا تێبپەڕێت : یەکەمیان بڕیاری چۆنایەتی گۆڕانکارییە لەبەر تیشکی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەی زانستی بەدەستییەوە دەدات .سنوورو ماوەی جێبەجێکردنی دیاریکراوو تایبەت دەبێت ، لەوسنوورو ماوەیەدا بڕیارەکە بەر ئەزموون دەخرێت و لەو بوارەی بڕیارەکە دەیگرێتەوە پراکتیک دەکرێت ؛ دووەمیشیان بڕیاری ئێجگارەکییە کەسنوورو ماوەی پێشوو تێدەپەڕێنێ و گشتیدەبێتەوە ، واتە تەواوی سیستمەکە دەگرێتەوەو بۆ ماوەیەکی کراوە ( تا جارێکی دیکەو لە هەلومەرجێکی دیکەدا گۆڕانکاریی پێویست دەبێت ) جێبەجێ دەکرێت .

ئەم شێوازە بۆ گۆڕانکاریی ، لەبەر ئەوەی کاتێکی زۆری دەوێت ، سست و خاو دێتە پێشچاو ، بەڵام گۆڕانکارییەکی چەسپاوو تۆکمەو جێگیر دەهێنێتەکایەوە . ئەزموون و پراکتیک مەرجی بڕیاری ئێجگارەکییەو ، هەر بڕیاردانێک بەبێ ئەوەی بەم قۆناغەدا بڕوات گشتیبکرێتەوە ، بە رێژەیەکی بەرچاو ئەگەری بەهەڵەچوونی تێدایەو ، راستەوڕاست بە پێچەوانەی میتۆدی زانستییە لە بواری گۆڕانکارییەکاندا ؛ بۆ نموونە : ئەگەر بڕیاردرا کتێبی مادەیەک یان شێوازێکی وانەگوتنەوە یان شێوازێکی ئیداری یان سیستمی قۆناغێکی خوێندن بە کتێب و رێگاو شێوازو سیستمێکی دیکە ، واتە بەو ئەڵتەرناتیڤەی بۆی دانراوە ، بگۆڕدرێت ، دەبێت سەرەتا لە سنوورێکی دیاریکراودا ( چەند قوتابخانەیەک ) و ماوەیەکی دیاریکراودا ( ساڵێک یان دووان یان زیاتر ) ئەزموون و پراکتیک بکرێت و ، ئەگەر توێژینەوە مەیدانییەکان لەکۆتایی ماوەی جێبەجێکردنیدا سەرکەوتنیان دەرخست ، ئەو کاتە دەشێت بڕیاری ئێجگارەکی لێبدرێت و بەسەر هەموو قوتابخانەو خوێندنگاکاندا گشتیبکرێتەوە .

دەبێت ئەزموون و پراکتیکی پرۆژەکانی گۆڕانکاریی لەسنوورو ماوە تایبەتییەکەدا سەرکەوتوو بن تا لایەنی بەرنامەڕێژیکردن بتوانێت بە دڵنیاییەوە لە گشتیکردنەویدا سەرکەوتنی زامن بکات .

## 3 ) ئامانجەکانی گۆڕانکاریی :

دیارە هیچ گۆڕانکارییەکی پەروەردەیی بەبێ ئامانج نییەو نابێت . خودی گۆڕانکاریی کارێکی پەیوەست بە ئامانجەوەیە . گۆڕانکاریش بەوە دێتەدی کە ئامانجی نوێ بەدەستبهێنێت . دەبێت ئامانجەکانیش وەلام بە دوو رەهەندی جیهانی و ناوخۆیی بدەنەوە . مەبەست لە رەهەندی یەکەمیان گونجاندنی گۆڕانکارییەکانی سیستمی پەروەردەیە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لەم سەرەمەدا سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە ، کە لەم بوارەدا داهێنانەکانی زانست و تەکنەلۆژیا دەبنە خاڵی مەبەستی گۆڕانکاریی سیستمەکە . بە زمانێکی

ساڵەتر ، میتۆدو بەرنامەو شێوازی پەرەپێدانە پەروەردەییەکە لە مەوداو کاتێکی دیاریکراودا ، گەیشتن یان لانی کەم نزیکبوونەوە لەو گەشەسەندنە جیهانییەی لەئارادایە زامن بکات . کاتێک گۆڕانکاریی لە سیستمەکەدا دەچێتە سەر راستەڕێگای ئەو کاروانە جیهانییەی زانست و تەکنەلۆژیاو ، لەم ڕێیەوە بە جیهانەوە پەیوەستەبێتەوەو لێیدانابڕێ ، ئەوا پرۆسەی پەیوەستبوونەوەکە دەبێتە بەڵگەیەکی سەلمێنراوی گۆڕانکارییەکەو ، پێوەرێک دەبێت بۆ راستگۆیی یان چەواشەکاریی دەزگای بەرپرسی پەرەپێدانە پەروەردەییەکە .

رەهەندی دووەمیان پەیوەندی بەو بەیەکداچوونە ئۆرگانیکییەوە هەیە کە لە نێوان بەرنامەکانی پەروەردەو ئامانجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادایە . بە مانایەکی دیکە پەیوەندی بە رادەی کاریگەرێتی نێوان بەرنامەکانی سیستمی پەروەردەیی و پرۆسەی گەشەکردنەوە هەیە . سیستمی پەروەردە تاچ رادەیەک دەتوانێت لە پرۆسەی پەرەپێداندا پێداویستییەکانی گەشەکردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دابین بکات ، ئەوە لایەنێکی دیکەی گۆڕانکارییەو دیسان پێوەرێکە بۆ راستگۆیی یان چەواشەکاریی دەزگا بەرپرسەکانی پەرەپێدانی پەروەردەیی .

ئەگەر راپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ساڵی 1991 دا بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ دابنێین و ، ئەوە بسەلمێنین کە قۆناغی نوێ پێویستیی بە دابڕانێکی تەواوە لە قۆناغی پێشوو کە قۆناغی ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی بێئەندازەو جینۆسایدی گەلەکەمان بوو ، ئەوا دەبێت دیسان پێداویستیی گۆڕانکاریی لە هەردوو رەهەندەکەدا بسەلمێنین و بەبێ بەرنامەڕێژیی زانستییانەی بەدیهێنانی هەردوو رەهەندە جیهانی و خۆماڵییەکە ، بە ئیددیعاکانی ریفۆرم و پەرەپێدان و گۆڕانکاریی پشتیلێنەکەینەوە .

لێرەدا پێوەری پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و بنیاتنانی ئەقڵیمرۆڤی سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیادەبێتە پێوەری سەرکەوتنی سیستمی پەروەردەوفێرکردن . دیارە بنیاتنانی ئەو ئەقڵە ماوەی چەندین ساڵی دەوێت ، بەڵام ئاماژەکانی ئەو بنیاتنانە لە بەرنامەکان و رێگاکانی وانەگوتنەوەو ئاراستەکردنی زانستییانەی دژ بە خەرافیات و ئەقڵی رووتەخت و نەفامی باوی کۆمەڵگاکانی پێش پیشەسازیدا دەردەکەوێت . واتە بنیاتنانی رۆژبەڕۆژی ئەقڵی رەخنەگرانەو شەیدای تۆژینەوەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی وردی پشتبەستوو بە زانستی سەردەم ، دەبێتە پێوەرێکی سەرەتایی بۆ دڵنیابوون لە دروستیی ئەو رێگەیەی سیستمی پەروەردەو فێرکردن دەیگرێتەبەر .

پێویستە دەزگا باڵاکانی بەرپرس لە سیستمی پەروەردەو فێرکردن ئەو رێوشوێنانەپەیڕەوبکات کە ئەو مەبەستە بەدیدەهێنێت . هەروەها بەرپرسە لەوەی مەڵبەندەکانی خوێندن ئاراستەی بەشداریکردن لە گۆڕانکاریی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بکات ؛ چونکە سیاسەت و ئابووری و رۆشنبیریی نوێی دوای وەرچەرخاندنە مێژووییەکان دەکەونە بازنەی ئەرکەکانی دەزگا باڵاکانی بەرپرسی پەروەردەوە کە دەبێت بۆ هەر بوارێکیان کادیری پێویست پێبگەیەنێت ، دەبێت ئەو کادیرانەش لە مەڵبەندەکانی خوێندندا پێبگەیەنرێن و بەردەوام هێزی گەشەکردن و نۆژەنبوونەوەی بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی سازو ئامادەکراوبن بۆ وەرچەرخان و گۆڕانکارییە نوێیەکانی دوارۆژ .

# دەربارەی بڕیارەکانی چاکسازیی لە سیستمی پەروەردەیی کوردستاندا

## ڕۆژنامەی ( ڕۆژنامە )

ڕۆژنامە : ئەمساڵ کۆمەڵێك گۆڕانکاریی لە سیستمی پەروەردەدا ئەنجامدرا، بەڕای تۆ ئەو گۆڕانکارییانە تا چەند لە ئاستی پێویستدان؟

قەرەداغی : سەرەتا لە وشەی گۆڕانکارییەوە دەستپێدەکەم . لە ڕاستیدا گۆڕانکاریی بریتییە لە کردارێکی ڕیشەیی یاخود بنەڕەتیی کە بمانەوێت لە بوارێکی ژیاندا بیکەین، بەڵام پێموایە ئەوەی لە بواری پەروەردەدا کراوە گۆڕانکاری نییە، بەڵکو ریفۆرمێکە چەند لایەنێکی پەروەردەیی گرتووەتەوە.

دیارە گۆڕانکاریی جیاوازە لە ریفۆرم، چونکە گۆڕانکاریی کارێکی گشتگیرترە.

ریفۆرم چەند لایەنێکی کەموکووڕی لە سیستمەکەدا دەگرێتەوەو جۆرێك لە پینەو پەڕۆکردنە ، بەڵام گۆڕانکاریی سەرتاپای سیستمەکە دەگرێتەوەو تەواوی سیستمەکە لە بارێکەوە دەگۆڕێت بۆ بارێکی تر، بەو مانایەی گۆڕانکارییەکە هەموو لایەنەکانی سیستمەکە دەگرێتەوەو واز لە سیستمە کۆنەکە دەهێنێتو لەجێی ئەو سیستمێکی نوێ دەهێنێتەکایەوە.

لەبەرئەوە پێموایە ئەوکارەی کۆنگرەی مانگی ئایاری ڕابردووو ، ریفۆرمێکی پەروەردەیی بوو؛ هەرچەندە ریفۆرمیش لە هەندێك قۆناغدا پێویستەو نابێت دوابخرێت، بەڵام ئەوە ناکاتە گۆڕانکاریی، گۆڕانکاریی مەسەلەیەکی ترە کە لەو کۆنگرەیەدا نەتوانرا بڕیاری جێبەجێکردنی وەربگیرێت .

ڕۆژنامە : ئایا کەموکووڕییەکانی سیستمی پەروەردەی ئێمە لە ئاستێکدایە کە بە ریفۆرم چارەسەر بکرێت، یاخود پێویستە گۆڕانکاریی تێدابکرێت؟

قەرەداغی : کۆمەڵگای ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە پێویستیی بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی هەیە، سەرەتا لەڕووی سیاسییەوە پێویستمان بە گۆڕانی سیستمی سیاسی هەیە، پاشان لایەنەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەییو بوارەکانی دیکە پێکەوە پێویستییان بە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی هەیە، چونکە ئەو لایەنانە هەموویان بەیەکەوە بەستراونو ناکرێت گۆڕانکاریی بەسەر لایەنێکیاندا بێتو لایەنەکانی ترەوەك خۆیان بمێننەوە.

ئێستا کورد لە بارودۆخێکدایە کە پێویستیی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە بواری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ، ڕۆشنبیری و پەروەردەییدا هەیە ، کە تا ئێستا ئەو گۆڕانکارییە

نەکراوەو هەر لە نێو بازنەی سیستمە کۆنەکەدا خولاوەتەوە.
رۆژنامە : ئەو سیستمە پەروەردەییەی تا ئێستا پەیڕەو کراوە، چەندێك توانیویەتی تاکی تەندروست پێبگەیەنێت؟
قەرەداغی : کەسایەتی مرۆڤ لەسەر چەند کۆڵەکەیەك راوەستاوە، یەکەم لە رووی کامڵبوونی جەستەیی‌و نەبوونی کەموکووڕی لە جەستەیدا، دووەم کامڵبوون لە رووی عەقڵەوە، پاشان لە رووی لایەنی ویژدانی‌و کۆمەڵایەتی و رەوشتییەوە، ئەمانە کۆمەڵێك بەردی بناغەی کەسایەتی مرۆڤن‌و لە ئاوێتەبوونی کەسایەتیدا دەردەکەوێت و دەبێت بەشێوەیەکی هارمۆنی گەشە بکەن، ئەگەر بەوشێوەیەش گەشەی کرد دەتوانین بڵێین کەسایەتییەکی لەگەڵ خۆ تەبا دروست دەبێت. کەسایەتیی لەگەڵ خۆدا تەبا ، کەسایەتییەکە ململانێکانی ناوەوەی خۆی زۆر کەم بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی تاکێکی دەروونتەندروست؛
بەڵام قوتابخانەکانی ئێمە هەر لە کۆنەوە نەیانتوانیوە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن، چونکە لە هیچ روویەکەوە : ( جەستەیی ، ئەقڵی ، ویژدانی ، کۆمەڵایەتی ...هتد ) بینای تاکەکەسی کوردیان نەکردووە ، بۆ نموونە لە ڕووی جەستەییەوە نەیانتوانیوە مرۆڤی تەندروست دروست بکەن، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە بەرنامەکانی وەرزش‌و ئاراستەکردنی خوێندکار بۆ پاراستنی جەستەی ، لە قوتابخانەکاندا زۆر ناکامڵن و وەرزش بەشێوەیەکی لاوەکی سەیرکراوە.
هەروەها لەڕووی عەقڵیشەوە هیچ خوێندکارێکی ئێمە سوود لە دوا مەودای توانایییەکانی عەقڵی وەرناگرێت، لە کاتێکدا هەموو مرۆڤێک بەپێی ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دروستبووە ، یاخود بەپێی ئەو جینە بۆماوەییانەی لە دایک و باوکییەوە بۆیدەمێنێتەوە ، مەودایەکی عەقڵی خۆی هەیە . قوتابخانەکانی ئێمە لە دانانی پرۆگرام‌و شێوازەکانی وانەوتنەوەدا ئەو راستییە زانستیانەی لەبەر چاو نەگرتووە ، تا لەم رێگایەوە بتوانرێت منداڵی کورد ، لەڕووی عەقڵییەوە ، گەشەی پێبدرێت.
لەڕووی ویژدانی‌و کۆمەڵایەتیشەوە بەهەمان شێوەیەو ، دیارە هۆکارەکانی زۆرترن‌و تەنها بۆ سیستمی پەروەردە ناگەڕێتەوە، بەڵکو سیستمی کۆمەڵایەتیشمان لە دروستنەبوونی تاکێکی دەروونتەندروستدا رۆڵی هەبووە .
رۆژنامە : رۆڵی مامۆستا چییە لە پەیڕەوکردنی سیستمی پەروەردەدا؟ پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی مامۆستایان ئامادە بکرێن بۆ جێبەجێکردنی‌سیستمەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو؟
قەرەداغی : واتێدەگەم ئەم دەستکاریکردنەی چەند لایەنێکی سیستمی پەروەردە کارێکی خودی ( ذاتی ) سەرەوەیەو بۆ خوارەوە دابەزیوە ، شتێکە لە سەرەوە کراوەو ئیرادەو ویستی خوارەوەی تێکەڵ نەبووە . دەستکاریکردنی سیستمەکە تەنها لەچەند لایەنێکدایە ، خواستێکی ئیرادەگەرییانە لە سەرەوە سەپاندوویەتی بەسەر قوتابخانەو مامۆستایاندا، بۆ ئەمە پرسێك بە مامۆستایان یاخود خوێندکاران‌و کەسوکاریان نەکراوە، یاخود هەڵمەتی راگەیاندن لە رۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندندا نەکراوە بۆ ئەوەی خەڵکی بە گشتی بۆچوونی خۆیان دەربڕن، واتە رای گشتی بۆ سازو ئامادە نەکراوە .
ئەمە گۆڕینێکە یاخود دەستکاریکردنێکە لەسەرەوە هاتووە نەك لە قوتابخانەکانداو لای مامۆستایان‌و کەسوکاری خوێندکاران زەمینەی بۆ خۆش کرابێت .
بۆیە ئەوەی کە دەیبینم کاردانەوەیەکی سەلبی لەناو خوێندکاران‌و مامۆستایان‌و کەسوکاری خوێندکاراندا دروستکردووە ،ئەوان نازانن و تێناگەن پاساوی ئەم بڕیارانە چییە ، ئەگەرچی بەشێک لەو بڕیارانە دروستن و هەنگاوێکی باشن . بۆ نموونە یەکخستنی قۆناغی

سەرەتایی و ناوەندی بۆ یەك قۆناغ كارێكی باشە، بەڵام دەبوو پێش بریارێكی وەها پێداویستییەكانیشی بۆ ئامادە بكرایە ،
یەكێك لەو پێداویستییانە بوونی بینای تایبەتە بە قوتابخانەكان، هەروەها ئامادەكردنی مامۆستا بوو بۆ ئەم شێوە قوتابخانانە ، كە ئەمە كارێكە لەم كاتەدا رەنگە نەتوانرێت جێبەجێ بكرێت، بۆیە پێشبینی دەكەم بریاری ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەكی نیوەناچڵ جێبەجێ ببێت و سەرنەكەوتنیشی بە دوور نازانم ،
لەبەر ئەوە كاتێك خەڵك لەسەر ئەم ریفۆرمە رازی نەبێت و ئامادە نەبێت وەریبگرێت ، پێموانیە ئەگەری سەركەوتنی هەبێت ، بەتایبەتی كە توخمی سەرەكیی ناو پرۆسەكە مامۆستایە . مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردەدا رۆڵێكی سەرەكی هەیە لە گۆڕانكارییەكاندا، هەر كارێك كە مامۆستا تیایدا بە جیددی یاخود بە باوەڕەوە كاری بۆ نەكات جێبەجێ نابێت، چونكە ناتوانرێت بەسەریدا بسەپێنرێت ؛ تەنها وەك بریارێكی ئیداری وشك و رەق دەخرێتە قوتابخانەكانەوە بەسەر مامۆستایاندا دەسەپێندرێت، بەڵام ئەم سەپاندنە مانای ئەوە نییە كە گۆڕانەكە سەركەوتووە، چونكە كەمترین هەلیان بۆ هەڵكەوێت یان چاودێری پرۆسەكە خاوبێتەوە سستی تیدا دەكەن یاخود جێبەجێی ناكەن.
رۆژنامە : لابردنی تاقیكردنەوەكانی نیوەی ساڵ لە سیستمی نوێدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟
قەرەداغی : بەڕای من كارێكی باشە تاقیكردنەوەی تایبەتی دەرەوەی پرۆسەی وانەگوتنەوە هەڵوەشاوەتەوە ، من چەندساڵێك لەمەو پێش ، لە نووسینەكانمدا سەبارەت بە پەروەردە ، ئەوەم وتووە كە تاقیكردنەوەكان بەوشێوەیەی كە پەیرەوەدەكرێن ، فشارێكی گەورەیان لەسەر لایەنی دەروونی خوێندكار دروست كردووە ، بەتایبەتی ، زۆربەی ئەو مامۆستایانەی چەند دە ساڵێك لەمەوپێش دەرچوون و هێشتا لە قوتابخانەكاندا ماون ، ماددەیەكی تایبەتییان لە بارەی پرسیار دانانەوە نەخوێندووە ، ئەوانەشی لەم ساڵانەی دواییدا خانەی مامۆستایانو پەیمانگاكانی مامۆستایانیان تەواو كردووە، شتێكی كەمیان لەو بارەیەوە خوێندووەو لەرووی پراكتیكەوە شتێكی ئەوتۆیان پێ نەوتراوە، ئەمەش وایكردووە كە تاقیكردنەوە بە گەلێ كەموكوڕییەوە لە قوتابخانەكاندا جێبەجێ بكرێ و بۆتە جۆرێك لە گوشار بۆسەر قوتابی، بۆیە نەدەتوانراو ناتوانرێت پشت بەو تاقیكردنەوانە ببەسترێ بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابییەكان، بۆ نموونە : هەندێ جار قوتابی هەبووە لە وانەكانیدا زۆر باش بووە، بەڵام بەهۆی كەمشارەزایی لە شێوازی دانانی پرسیاری تاقیكردنەوەكان نمرەیەكی نزمی هێناوە، هەندێ جاریش قوتابی زۆر ئاستی نزم بووە، بەڵام لە تاقیكردنەوەدا ئاستێكی باش یان مامناوەندی هێناوەو ، هەتا ئێستاش ئەم حاڵەتە بەردەوامە.
هەروەها لە قۆناغی سەرەتاییدا پێویستمان بە تاقیكردنەوەی سەربەخۆ لە وانەگوتنەوە نییە، چونكە ئەم قۆناغە لە هەموو دنیادا پێی دەوترێ قۆناغی فێركردنی گشتی، واتە شتی زۆر گشتیو سەرەتایی دەدرێت بە منداڵ، كە لە توانایدا هەیە بەبێ تاقیكردنەوەفێر ببێ.
رۆژنامە : شێوازی دروستكردنی بینا چ كاریگەرییەكی هەیە لەسەر سیستمی پەروەردە، بینای قوتابخانەكانی ئێمە تا چەند گونجاون بۆ پەیرەوكردنی ئەم سیستمەنوێیە؟
قەرەداغی : دروست كردنی بینا پەیوەندی بە چۆنیەتی وانە وتنەوەو جۆری پرۆگرامەوە هەیە، كە لەو قوتابخانەیەدا دەوترێتەوە.
دیارە لە قوتابخانەدا بەرنامەی جیا جیا هەیە، بەڵام لای ئێمە تەنها یەك بەرنامە هەیە.
لای ئێمە ئەو بەرنامەیە هەیە كە لە زانستی پرۆگرامدا پێی دەوترێ (بەرنامەی مادەكانی خوێندن )
لە كاتێكدا لە ئەوروپاو ئەمریكا سیستمی پرۆگرامی چالاكی پەیرەو دەكرێ.

پرۆگرامی چالاکی، پەیوەندی بە چالاکی قوتابییەکانەوە هەیە، هۆڵی تایبەتییان هەیە بۆ چالاکی هونەری، مۆسیقا، وەرزش ، زمان و ... هتد . .
بەشێوەیەکی گشتی مامۆستاکانی ئێمە رۆڵی وتاربێژ دەبینن لە پۆلدا، بۆیە قوتابخانەکانیشمان هەر لەسەر بنچینەی ئەو سیستەمە کۆنە دروست کراون، جا ئەگەر هەر گۆڕانکاریەك لە پرۆگرامدا بکرێت، ئەوا پێویستە بیناکانیش بەپێی پێویستی سیستەمەکە بگۆڕین تاوەکو بتوانرێت بەسەرکەوتوویی جێبەجێبکرێت.
بۆ نموونە : ئەگەر بمانەوێت بەرێگەی گرووپ پرۆگرامەکە بوترێتەوە، ئەوا ئەو سیستەمە جۆرێکی تر لە بینای دەوێت لەو بینایانەی ئێستادا ناتوانرێ بەوشێوەیە وانەکە بوترێتەوە چونکە شێوازی ریزکردنی رەحلەکان وا دانراوە کە مەجالی ئاڵوگۆڕی کەمە؛ نە هۆڵ هەیەو نە ژووری بچووک بچووک بۆ گرووپەکان ، لەبەرئەوەیە ئەمشێوازەی ئێستای بینای قوتابخانەکان ئەم سیستەمە نوێیە قبوڵ ناکات.
رۆژنامە : لە دیاریکردنی بواری پسپۆڕیدا زۆرکات کۆمەڵگا خوێندکار ئاراستە دەکات بۆ هەڵبژاردنی پسپۆڕییەکی دیاریکراو، ئەمە تا چەند رێگر دەبێت لەسەرکەوتنی توانای داهێنان لای خوێنکار؟
قەرەداغی : لە قۆناغی سەرەتایی بووم پێیاندەوتین لە داهاتوودا دەتانەوێ ببن بەچی؟ ئەوە لەڕووی پەروەردەییەوە پرسیارێکی هەڵەیە، چونکە قوتابی لەو قۆناغەدا نازانێ پیشەکان چین و نازانێ توانای لەکام بوارەدا باشە.
مندالْ لە قۆناغی سەرەتاییدا هەر زانیارییەکی پێ بدەیت وەریدەگرێ و قبوڵی دەکات، ئەگەر مامۆستا هەوڵبدات دەتوانێ هەموو مادەکان بە باشی بە قوتابی بگەیەنێت، هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین ئەو قوتابییەی لە وانەیەکی دیاری کراودا باش بێت، بە گشتی لە هەموو مادەکانی تریشدا باش دەبێت، چونکە هێشتا لایەنی پسپۆری لای مندالْ دروست نەبووە، کە ئەوەش شتێکی سایکۆلۆژییە.
بەڵام خوێندکار کە دەگاتە قۆناغی ناوەندی کە سەرەتای هەرزەکاریە، وردە وردە پسپۆڕیی لەلا دروست دەبێ و وەك حەزو خولیا ، خۆی لە بوارێکی دیاریکراودا دەبینێتەوە.
هاوکات خێزانیش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دیاریکردنی خواستی خوێندکار بۆ خوێندن لە بوارێکی دیاریکراودا، بۆ نمونە دایك یان باوکی خوێندکار یان کەسوکارەکەی کە دوعای بۆ دەکان ببێ بە دکتۆر یان ئەندازیار یان پارێزەر یان مامۆستا ... هتد، ئەمەش جۆرێکە لە ئاراستەکردن.
دەبێ خوێندکار لە قۆناغی ئامادەییدا بزانێ بۆ داهاتوو چی هەڵدەبژێرێ، بەڵام لای ئێمە لێناگەڕێن خوێندکار خۆی بڕیار بدات ، یان لێکۆڵینەوە لە تواناکانی بکرێ بزانن توانای ئەم خوێندکارە بۆ چ پیشەیەك دەست ئەدات، مەسەلەی کۆلێژی پزیشکی یان ئەندازیاری لەژێر کاریگەریی کۆمەڵدایە، هەمووی ئاواتی ئەوەیە کە لەو دوو کۆلێژە وەربگیرێت، ئەوەش پەیوەندی بە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، چونکە ئەو دوو پیشەیە ئەمرۆ داهاتیان لە هەموو پیشەکانی تر باشترە، کە رەنگە سبەینێ وانەبێ، بەڵام کۆمەڵ بە گشتی سایکۆلۆژیایەکی گشتگیری هەیەو دەڵێن ئەو دوو ئیشە لە هەموو ئیشەکانی تر باشترە، لە راستیدا پەروەردەی دروست ئەوەیە کە بە خوێندکارەکە بڵێی هەموو پیشەیەك باشەو کۆمەڵگا پێویستی پێیەتی، چونکە کۆمەڵگا تەنها بەو دوو پیشەیە بەڕێوە ناچێت.
بەڵام ئەگەر ئاڕاستەی خوێندکار بەوشێوەیە نەکرێت، ئەوا ئەو پیشەیەی خوێندکارەکە هەڵی دەبژێرێت نابێتە ئارەزووی خۆی ، بەڵکو داواکاریی کۆمەڵگایە، بەمەش ئەو پیشەیە نابێتە قابیلیەتی خوێندکارەکەو بەوشێوەیە سەرکەوتوو نابێ کە داهێنان بێنێتە کایەوە.

رۆژنامە **ژمارە** 163 ... ٢٠٠٨/٢/٢٠

# دەربارەی بابەتی ( ئەنفال ) لە بەرنامەکانی خوێندندا

" تاوانەکانی ئەنفال بخرێتە پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و عێراق "

ئەوەی لە سەرەوە نووسیومانە دەقی راسپاردەیەکی کۆنگرەی بە جیهان ناساندنی جینۆسایدکردنی گەلی کوردە ( 26 – 28 /1/ 2008 ) .
دیارە ناساندنی جینۆسایدکردنی گەلی کوردو ئەنفال وەک یەکێک لە درندەترین شێوازەکانی ، نەک هەر ئەرکی کۆنگرەیەکی تایبەتە بەم کەیسەوە ، بەڵکو بەبێ کۆنگرەش ، دەبێت رۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان و رۆژنامەنووسان ئەم ئەرکە لە ئەستۆی خۆیان دابنێن و رۆژانە و لە هەر بوارێکدا بۆیان بڕەخسێ ، جینۆسایدکردنی گەلی ستەمدیدەی کورد بە جیهان بناسێنن و ، بە پێکهێنانی رایەکی گشتیی جیهانی بۆ پشتگیریی گەلی کورد ، رێ لە ئەنفال و کیمیاباران و کۆکوژیی نوێ بگرن . ئەم کارە بەبێ سۆزی شۆڕشگێرانە بۆ دۆزی کوردو هەستی مرۆڤانە بەرامبەرکەسوکاری ئەنفالکراوەکان ناکرێت ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەبێ پرنسیپە زانستییەکان و لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ کەرایانە کاردانەوەیەکی ئەرێیانەی نابێت و سوودی خۆی ناگەیەنێت .
بەرنامەکانی خوێندن بەپێی چەند پرنسیپێکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی دادەنرێن . دەبێت لە داڕشتنیاندا کۆمەڵێک پێداویستیی واقیعی و ، دیدی هەنووکەیی و ، ئاراستەکردنی پێویست بۆ دوارۆژی ژیانی کۆمەڵگای مەبەست و ، ئاسۆی پەرەسەندن و گەشەکردن لە ئاستی جیهاندا رەچاو بکات . ئەم بەرنامەیەی خوێندن لە پراکتیکیشدا بۆ کتێب و هۆیەکانی فێرکردن و چالاکییەکانی نێو پۆل و قوتابخانەو چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل و قوتابخانە ورد دەبێتەوە . بۆیە ناکرێت هەرچی رووداوی مێژووی نەتەوەو کارەسات هەیە بترێنجرێنە نێولاپەڕەی کتێبەکانەوە ، چونکە مامەڵەکردنی مێژوو بەم شێوازە ، بەرە بەرە بەرنامەکان وشکدەکاتەوەو لە چوارچێوەیەکی تەسکی رابردوودا گیریاندەدات . ئەم کارە لەڕووی ئەقڵی و دەروونیشەوە قوتابیان لە قاڵبێکی دیاریکراوی سیاسیدا رادەگرێت و مەودای کردنەوەو ئازادیی فێربوون و بیرکردنەوەی سەربەخۆیان لێزەوت دەکات . ئەم تێهەڵکێشکردنەی کارەساتەکان و پانۆرامای رۆژە ڕەشەکان ، خەمباری و خەمۆکییەکی هەمیشەیی دەکاتە میوانی قوتابیان . ئەمە کارێکە ساکاریی ژیانی منداڵ دەشێوێنێ و بارێکی

گران بە کۆڵیاندا دەداو ئاکامەکەشی کۆمەڵێکی دەروونشێواو دەبێت . بۆیە دروست نییە لە کتێبەکانی خوێندندا کارەساتەکانی وەک ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و گرتن و کوشتن و .. هتد ، وەک دەرس بخوێندرێن . هەڵبەت لێرەدا مەبەست ئەوە نییە نەوەکانی ئێمڕۆ کە ئەو کارەساتەیان نەدیوە ، یان زۆر منداڵ بوون ، یان نەوەکانی دواڕۆژ ، بە مێژووی نەتەوەکەیان ئاشنا نەکرێن و جینۆسایدیان پێنەناسرێت ، بەڵام لەم ڕێگەیەوە ناشێت و دەبێت بیر لە شێوازی دیکە بۆ ئەم پێناساندنە بکرێتەوە . دەتوانرێت بەشێکی چالاکییەکانی نێو قوتابخانەو دەرەوەی قوتابخانە ( چالاکیی دەرەوەی پۆل ) بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت . بۆ نموونە چالاکیی هونەریی قوتابخانە لە بواری ( وێنەو ئیشی دەست و سروودو مۆزیک و شانۆگەریی ) دەتوانێت بەشێکی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی قوتابخانەیە پڕبکاتەوە . هەروەها سەردانی ئەو شوێنانەی ئەنفال و کیمیابارانی لێکراوە لەلایەن قوتابییانەوە بە سەرپەرشتیی قوتابخانەو مامۆستاکانیان ، یان سەردانی مۆنۆمێنتەکان ، یان دابەشکردنی نامیلکەو چیرۆکی تایبەت بەشێوە جیاجیاکانی جینۆساید ، دەتوانێت بەشێکی دیکەی ناساندنەکە پڕبکاتەوە . لە قۆناغەکانی دواناوەندی و زانکۆدا دەتوانرێت ، جگە لەسەردانی مەیدانی وەک پێشتر باسمان کرد ، لەڕێی داواکردنی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە لە خوێندکاران و گەڕان بە دوای سەرچاوەدا ، دیسان بەشێکی ئەو ئەرکەی سەرشانی مەڵبەندەکانی خوێندن لەم ڕووەوە بەدیبهێنرێت . دەکرێت هەموو ساڵێک هەفتەیەک بۆ ئەو چالاکییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد تەرخان بکرێت بە ناوی ناساندن یان بەبیرهێنانەوەی پرۆسەکانی جینۆسایدی گەلی کورد . دەکرێت ڕۆژی 3/16 یان 4/14 بۆ دەستپێکردنی ئەو هەفتەیە دەستنیشان بکرێت . بەمەش ئەو یادە لەبیرناچێتەوەو ، بەردەوام نەوە نوێیەکانی لێ ئاگادار دەکرێت و ، بەرنامەکانی خوێندنیش لە کاریگەرێتییە نەرێنییەکان دەپارێزرێن .

# کۆمەڵەی گەشەپێدانی پەروەردەیی

ماوەیەکە کۆمەڵێک مامۆستاو ڕۆشنبیری دڵسۆزو خەمخۆری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا سەرقاڵی خۆکۆکردنەوەو خۆڕێکخستنن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی پەروەردەیی ، تا سەرئەنجام لەم ڕۆژانەدا دەستبەکاربوون بۆ پراکتیکی بیرۆکەکەیان .؛ بەرنامەی ڕێکخراوەکەیان داناو بڕیاریان دا بە ناوی ( کۆمەڵەی گەشەپێدانی پەروەردەیی ) یەوە کار بکەن .
کۆمەڵەکە وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ خۆی دەناسێنێ و ، ئامانجەکانی بە چاکسازی و ریفۆرم دەستنیشان کردووەو دروشمی ( یەکسانی و پەروەردەو نوێگەریی ) هەڵبژاردووە ، هەروەها کۆمەڵێک ئەرکی بۆ کارکردن دیاریکردووە کە بە نیازە لسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و پاشان هەرێمی کوردستان جێبەجێیان بکات . هوشیارکردنەوەی تاکی کورد ، بەتایبەتی گەنجان ، لە گشت بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەی هونەری و وەرزشی ، یەکێکە لەو ئەرکانەی ئاماژەمان بۆکرد . پوختەی ئامانجەکانی : هێنانەدی پەروەردەیەکی مۆدێرنە لە هەرێمی کوردستانداو پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و کەموکووڕییانەیە کە سیستمی پەروەردەی لە کوردستاندا وێرانکردووە .
پێکهێنانی کۆمەڵەکانی پەرەپێدان و گەشەکردنی پەروەردەیی ، کارێکی ئەرێنیانەو گونجاوەو شایانی ئەوەیە دەستخۆشی لە هەڵسووڕاوەکانی بکرێت و لە هەموو لایەکەوە دەستگیرۆییان

بکرێت بۆ ئەوەی پڕۆژەکانیان سەرکەوتن بەدەستبهێنێت . ئەوە ئەرکی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە پشتگیریی هەوڵێکی پەروەردەیی وەها بن و ئیمکاناتی ماددی و توانایییە بەشەرییەکان بخەنە خزمەتی ئەو پڕۆژانەوە کە سەرکەوتنیان بە سوودی منداڵان و پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەگەڕێتەوە .
ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی ، بۆ ئەوەی کارەکانیان بەباشی بڕوات و ئەنجامی بەرچاو بەدەستبهێنن و مایەی ڕێزو پێزانینی کۆمەڵانی خەڵک بن ، پێویستە پابەندی کۆمەڵێک پرنسیپ بن و لێی لانەدەن ، کۆمەڵەی گەشەپێدانی پەروەردەیی لەمانە بەدەر نین ، بۆیە پێویستە :
1 ) بەڕاستی سەربەخۆ بن و فشاری ئەم لایەن و ئەو لایەن قبووڵ نەکەن .
2 ) هەوڵی بەدەستهێنانی یارمەتی ماددی و بەشەریی بدەن ، بەڵام یارمەتی مەرجدار ڕەتبکەنەوە .
3 ) ڕێگە نەدەن حکومەت و ڕێکخراوەکانی دیکەو حزبەکان دەست لە کاروبارەکانیان وەربدەن .
4 ) هەوڵ بدەن لەگەڵ کارە خزمەتگوزارییەکاندا ، هێزێکی فشاری گۆڕانکاریی بن .
5 ) هەموو شێوازەکانی فشار بۆ سەرخستن و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەکاربهێنن لەوانە : پڕۆژەی پەروەردەیی ، بڵاوکردنەوە ، کۆڕ ، سیمینار ، کۆبوونەوەی گشتی مامۆستایان و باوکان و دایکان ، گۆڤار ، ڕۆژنامە ، ڕادیۆ ، تەلەفزیۆن ، تۆڕی ئینتەرنێت ... هتد .
6 ) پێکهێنانی ڕایەکی گشتیی جەماوەری بۆ گۆڕانکاریی بە گشتی و گۆڕانکاریی پەروەردەیی بە تایبەتی بکەنە ئامانجێکی سەرەکیی کۆمەڵەکەیان و ڕۆژانە کاری بۆ بکەن .
سەرکەوتنیان دەخوازین و چاوەڕوانی بەرئەنجامی کارەکانیان دەکەین .

**19 ی تشرینی دووەمی 2007**

## پرنسیپە زانستی و ئاکارییەکانی سەرپەرشتیی تۆژینەوەی زانستی

ئامانجی تۆژینەوە زانستییەکان هەر ئەوە نییە خوێندکارێک بەو هۆیەوە بڕوانامەیەکی بەرز وەربگرێت ، ئەگەرچی هەوڵە شەخسییەکان و ئاستی خواستەکانی مرۆڤ ڕۆڵێکی کاریگەر لە داهێنان و پێشکەوتنی زانستدا دەبینن ؛ بەڵکو ئامانجی سەرەکیی مەڵبەندەکانی تۆژینەوەی زانستی و ، زانکۆکان بە تایبەتی ، داهێنان و کەشفی نوێیە لە بوارەکانی زانستداو ، بەشداریکردنی ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشان و بەرەوپێشەوە چووی زانستە لە هەموو بوارەکاندا .
زانکۆکان کە دەرگای خوێندنی باڵا بەڕووی خوێندکاراندا دەکەنەوە ، مەبەستیانە لە کایە جیاجیاکانی مەعریفەدا دەستکەوتی نوێ بخەنە خزمەتی بەشەرییەتەوە . بۆیە لە بەرامبەر زانست و کۆمەڵیی بەشەری و تۆژیاراندا بەرپرسیارێتییەکی زانستی و ئاکارییان لە ئەستۆ

دەکەوێت و ، ڕادەی سەرکەوتن و بەشدارییان لە هەوڵە زانستییەکاندا بە ڕادەی ڕەچاوکردنی ئەو ئیلتیزامە زانستی و ئاکارییەوە بەندە .
ئیلتیزامی زانکۆکان بەرامبەر ئەو ئەرکەی ئاماژەمان بۆ کرد ، لە ئیلتیزامیان بەرامبەر خوێندکارانی خوێندنی باڵادا بەرجەستە دەبێت . لەبەر ئەوە ، کارئاسانی و دەستگرتنی خوێندکاران بۆ پێشکەشکردنی تۆژینەوەکانیان بە باشترین شێوەو گەیشتن بە ڕاستییە زانستییە نوێیەکان جگە لەوەی ئەرکێکی زانستییانەی زانکۆکانە ، ئەرکێکی ئاکارییانەی زانکۆ شە لەڕێی ئەو مامۆستایانەوە کە سەرپەرشتیی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەکان دەکەن .
لەبەر تیشکی ئەم ئەرکە ئۆرگانیکییەی زانکۆدا ، بۆ هەر خوێندکارێک کە نامەیەکی ماجستێر یان ئوتروحەیەکی دکتۆرا ئامادە دەکات ، دەبێت سەرپەرشتیارێک هاوکاری بێت و لەیەکەم هەنگاوەوە تا دوا کرداری پرۆسەی تۆژینەوەکە بەشداریی لە بەئەنجام گەیاندنی بابەتەکەیدا بکات . گەورەترین کەمتەرخەمی و بێدەربەستی بەرامبەر زانست ئەوەیە تۆژینەوەی خوێندکار پشتگوێ بخرێت و سەرپەرشتیار کاری جیددی بۆ سەرکەوتنی نەکات .
ئامانج لە سەرپەرشتیکردن بەرهەمهێنانی پوختەترین ئەنجامی زانستییە لەو بوارەی تۆژیار بە یارمەتی سەرپەرشتیار بۆ تۆژینەوەکەی هەڵیبژاردووە . تۆژینەوەی سەرکەوتوو چەندە بە سەرکەوتن بۆ تۆژیارەکە دەژمێردرێت ئەوەندەش بە سەرکەوتن بۆ سەرپەرشتیارەکەی تۆمار دەکرێت . لەبەر ئەوە ئەرکێکی زانستی و ئاکاریی سەرپەرشتیارە ڕێنمایی تۆژیار بکات و بەر لە گفتوگۆو هەڵسەنگاندنی تۆژینەوەکە سەرنجی بۆ هەڵەو کەموکووڕییەکان و ئەو خاڵانە ڕابکێشێ کە لە ئاستی زانستیی تۆژینەوەکە کەمدەکەنەوەو هەڵوێستی زانستییانەی تۆژیار لەنگ دەکەن .
ئەو دانیشتنەی بۆ گفتوگۆی ماستەرنامەیەک یان ئوتروحەیەک دەکرێت ناچێتە خانەی تاقیکردنەوەوە ، واتە تاقیکردنەوەی خوێندکار نییە ؛ تۆژیار تا کاتی ئامادەکردنی بابەتەکەی بۆ گفتوگۆکردن لەسەری ، بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت و ، بۆ گەیشتن بە پلەیەکی زانستیی ئەکادیمی و نزیکبوونەوە لە پلەی هەڵسەنگێنەرەکانی ، تەنها دوو خاڵی سەرەکیی دەمێنێت ، ئەو دوو خاڵەش :
1 ) پەیرەوکردنی هەنگاوەکانی تۆژینەوەی زانستییە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان ، واتە تەواوی پێوەرە زانستییەکان و مەرجەکانی نامە یان ئوتروحەکەی بە دروستی جێبەجێ کردبێت و ئەنجامەکانی لەگەڵ سەرەتاکان و ڕێڕەوی باسەکەدا گونجاو بێت .
2 ) دڵنیابوونە لەوەی کە بە ڕاستی حەقیقەتێکی نوێی دۆزیوەتەوە ، یان کەشفێکی نوێی لەو بوارە زانستییەدا کردووە .
لە زانکۆکانی ئێمەدا ، جگە لە سەرپەرشتیاری تۆژینەوەکە ، هەڵسەنگێنەری زمان هەیە کە تۆژینەوەکەی بەرەوڕوو دەکرێتەوە تا بەر لە گفتوگۆ و مشتومڕ لەسەری هەڵە زمانەوانییەکان دەستنیشان بکات و تۆژیار بەباشی دایبڕێژێت . لەبەر ئەوە هەر هەڵەیەکی زمان یان ڕێنووس لە تۆژینەوەکەدا هەبێت ، بەشێکی بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو هەڵسەنگێنەرە ، بە تایبەتی ئەگەر خوێندکار بە زمانی دایکی بابەتەکەی نەنووسیبوو ؛ بۆیە هیچ دادوەرییەک لەوەدا نییە هەڵەکانی زمان لەسەر خوێندکار بکەوێت و کار لەهەڵسەنگاندنی تۆژینەوەکەی بکات .
زانکۆکانی کوردستان ئەرکیانە گرنگی بەم دوو لایەنە بدەن و دەستی تۆژیارانی بەشەکانی خوێندنی باڵا بگرن تا هەموو توانا زانستییەکانیان بە سەرەترین شێوە بخەنە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیانەوە .

١٨ – ١١ – ٢٠٠٧

# گفتوگۆی ماستەرنامەی خوێندکارێک لە زانکۆی سلێمانی

دوێنێ ( هەینی 16 ی تشرینی دووەمی 2007 ) لە ( هۆڵی ڕووناکی ) ی زانکۆی سلێمانی ، مەڕاسیمی گفتوگۆی ماستەرنامەی خوێندکاری خوێندنی باڵای کۆلێژی یاسا ( دانا عەبدولکەریم سەعید ) بەڕێوەچوو . بابەتی ماستەرنامەکە دەربارەی " ئاسەوارە یاساییەکانی هەڵوەشاندنەوەی پەڕلەمان لەسەر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی حکومەت " بوو . تۆژینەوەکە شێوازی شیکاریی و بەراوردکاریی پەیڕەو کردبوو.

سەرەتا خوێندکارەکە کورتەیەکی سەبارەت بە تۆژینەوەکەی خستەڕوو ، تیادا هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بابەتەو شێوازی تۆژینەوەکەی و ئەو هەنگاوە زانستییانەی باسکرد کە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی تۆژینەوەکەی پەیڕەوی کردبوون و ، بەچەند پێشنیازو ڕاسپاردەیەکیش کۆتاییپێهێنا .

دەستەی گفتوگۆ کە لە پرۆفیسۆرێک و دوو یاریدەدەری پرۆفیسۆر پێکهاتبوون ، یەکە یەکە تێبینی و هەڵسەنگاندنی خۆیان بۆ تۆژینەوەکە بەیانکرد ، تێکڕا هەموویان بەسەرکەوتوو ناویان برد . بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاین چۆنایەتی ئەو تێبینیانەو شێوازی گفتوگۆکە بوو کە دەهێنێت چەند دێڕێکی لەسەر بنووسین .

مامۆستاکان بە ڕاگوزەریی لایەنە سەرەکییەکانی تۆژینەوەکەیان هەڵسەنگاند . بەشێوەیەکی گشتی و سادە پەسەندیان کردو تەقدیری هەوڵ و ماندووبوونی تۆژیاریان کرد . ئەم بەشەی هەڵسەنگاندنەکە ماوەیەکی ئێجگار کەمی کاتەکەی ویست ؛ لەکاتێکدا کێشەی تۆژینەوەکەو شێوازو ئامرازی لێکۆڵینەوەو چۆنیەتی گەیشتن بە ئەنجامەکان و ، ڕاستیی پێشنیازو ڕاسپاردەکان و ڕووناکی خستنە سەر داهێنانی تۆژیارو ئەو کەشفە زانستییەی هێناویەتە کایەوە ، کرۆکی هەر تۆژینەوەیەکی زانستین و دەبێت لە کاتی هەڵسەنگاندنیدا ئەولەوییەتی هەبێت .

مامۆستاکان زۆربەی کاتی گفتوگۆکە ، کە دوو کاتژمێری خایاند ، بە هەڵسەنگاندنی زمان و داڕشتنی تۆژینەوەکەوە خەریکبوون . هەر یەکەیان بەشیکی تێبینییەکانی ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێزمانیی نووسینەکە بوو .

زمانی ماستەرنامەکە عەرەبی بوو . ئەگەرچی هەڵسەنگاندنی زمان بەشێکی هەڵسەنگاندنە گشتییەکەی هەر تۆژینەوەیەکە ، بەڵام بۆ خوێندکارێکی کورد کە نە زمانی دایکی عەرەبییەو نە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بە زمانی عەرەبی خوێندووە ، بوونی ئەو هەڵانە ئاساییەو نابێت لە مەڕاسیمێکی وەهادا بە خەوش وەربگیرێت و ئەوەندە پێی لەسەر دابگیرێت .

ڕەگی ئەم کێشەی زمانە بۆ واقیعی ژێردەستەیی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە . بۆ دەبێت خوێندکارێکی کورد لە وڵاتەکەی خۆیدا ، لە زانکۆی شارەکەی خۆیدا بە زمانیکی دیکە بچێتە بەر ئەزموونێکی وەهاوە کە کار لەهەڵسەنگاندنی هەوڵە زانستییەکەی بکات .
خوێندکارانی کوردزمان ئەگەر لە سایەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بیانخوێندایەو لە زانکۆکانی کوردستاندا بە زمانی کوردی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەکانیان لێداوابکرایە ، هەڵبەت چ لەڕووی زمان و چ لەڕووی زانستییەوە ئاسانتر تۆژینەوەکان و جۆری داڕشتنەکانیان بەدەستەوە دەهات ، ئەو کاتە لە گفتوگۆی وەرگرتنی هەر بڕوانامەیەکدا بەرەوڕووی گیروگرفتی زمانی ئاخاوتن و نووسین و تەنانەت خوێندنەوەش نەدەبوون .
ئەوەی لە گفتوگۆی وەرگرتنی بڕوانامە باڵاکانی زانکۆکانی کوردستاندا سەبارەت بە ڕێزمانی عەرەبی و داڕشتنی تۆژینەوەکان ڕوودەدەن ، بۆ جارێکی دیکە زامی ستەمی نەتەوەیی لە ناخماندا دەوروژێننەوەو ، جگە لەوەی ئەرکی خەبات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکاتە مەرجی سەرەکیی سڕینەوەی ئەو زامە نەتەوەییە ، ئەرکێکی نەتەوەییش دەخەنە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو تۆژینەوەی زانستی و پەروەردە ، کە ئاوڕێک لەم کێشەیە بدەنەوەو بەرنامەڕێژیی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە زانکۆکانی کوردستاندا بکەن و بەرنامەکانی زمانە بیانییەکانیش لە قۆناغەکانی پێش زانکۆدا بەهێز بکەن تا خوێندکارانی کوردیش وەک خوێندکارانی هەر نەتەوەیەکی دیکە تەواوی توانا زانستییەکانیان – بێ بەربەستی زمان - لە بوارەکانی زانستدا بەگەڕبخەن .
لێرەداو ، لە پەراوێزی ئەو سەرنج و تێبینییانەدا ، وێڕای پیرۆزبایی سەرکەوتنی تۆژینەوەکە لەم خوێندکارە لێهاتووە ، داواکارییەک دەخەمە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاو تۆژینەوەی زانستی کوردستان سەبارەت بەو خوێنکارانەی دەشێت وەک کادیرێکی بەتوانا سوودیان لێوەربگیرێت و بۆ ئەم مەبەستەش ئەم خوێندکارە بە نموونە دەهێنمەوە .
خوێندکار ( دانا عەبدولکەریم سەعید ) هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕیوە ، دوو کۆلیژی تەواو کردووە : کۆلیژی یاساو سیاسەتی زانکۆی صلاح الدین لە هەولێر و ، کۆلیژی یاسای زانکۆی سلێمانی. لەهەردوو کۆلیژەکەدا پلەی یەکەمیی بەدەستهێناوە . لە ئەزموونە بەراییەکان و دوائەزموونی بەر لە گفتوگۆی ماستەرنامەکەی یەکەم بووە . بۆیە پێویستە بەهرەیەکی زانستی وەها بایەخی پێبدرێ و ئەم گەنجە وەک سامانێکی بەشەری بۆ دواڕۆژ پێبگەیەنرێ و ، لانی کەم بۆ یەکێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بنێردرێت تا بڕوانامەی دکتۆرا لە هەمان بابەتی پسپۆڕییەکەیدا بهێنێت .
کەمترین لایەنی بەتەنگەوەهاتن و مشوورخواردی دواڕۆژی زانست و پێشکەوتنی زانستی لە کوردستاندا ئەوە دەخوازێ کە گەنجە بەهرەدارەکان فەرامۆش نەکرێن و جێگای شیاویان لە ئایندەدا بۆ دابین بکرێت ، چونکە ئەوە مەرجێکی پێشکەوتن و نوێبوونەوەی بەردەوامەو ، زیندوویەتی سیستمی خوێندن لە کوردستانا دەردەبڕێت .
گەلی ستەمدیدەی کورد لە ڕەوتی مێژووی نوێی خۆیدا سەرەتایەتی و ، دەبێت هەر لە ئێستاوە بۆدواڕۆژی ئەو مێژووە بەرنامەڕێژیی بکرێت ، بەشێکی گرنگی ئەوەش ئامادەکردنی ئەو کادیرانەن کە ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەیان لە ئەستۆ دەکەوێت .
سلێمانی
17ی تشرینی دووەمی 2007

# پێویستە خەرجیی خوێندن لەسەر دەوڵەت بێت

سیستمی پەروەردە هەمیشە سیستمێکی چینایەتی بووە و دەبێت . پەروەردە وەک بەشێکی سەرخانی کۆمەڵگا ، رەنگدانەوەی ژێرخان و لایەنەکانی : فەلسەفەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەرخانی کۆمەڵگایە . پەروەردەی ناچینایەتی و سەروو چینەکان ، واتە پەروەردەی بێ ناسنامەی چینایەتی لە کۆمەڵگا چینایەتییەکاندا وجودی نییە .
ئەم راستییە چینایەتییە لەلایەن سیستمی سەرمایەو چینە باڵادەستە بۆرژوازییەکانی کۆمەڵەوە ، پەردەپۆش دەکرێت و ، پەروەردە وەک ئەرکێکی گشتی و خزمەتگوزارییەک بۆ هەموو کەس نیشان دەدەن . ئەم سیستەمە بۆ بەردەوامبوونی خۆی و زامنکردنی ئەو سوودەی لە زێدەبایی هێزی کار سەرمایەی پێ کەڵەکە دەکات ، هەلومەرجی پەروەردەی منداڵان دەڕەخسێنێ و ، بۆ بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە ، لەو منداڵانە ، لەشکرێکی یەدەکی هێزی کاری کرێگرتە بۆ خۆی دابین دەکات .
سیستمی سەرمایەداریی جیهانی لە گەشەکردنی خۆیداو ، دوای یەکلاییبوونەوەی ململانێی نێو خۆدی سیستمەکە بۆ سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد ، قۆناغێکی نوێی چەوساندنەوەی لە سەرانسەری جیهاندا گشتیکردەوە ، ئەویش قۆناغی جیهانگیریی ( گلۆبالیزەیشن )ە ، کە بە هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیزمی بۆرژوازیی رۆژهەڵات و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد ، سەرمایەی قۆناغی جیهانگیریی ، یەکجەمسەریی ، باڵی بەسەر بازاڕی جیهانیدا کێشاو ، بەو پێیەش تەواوی سەرخانی کۆمەڵگاکانی جیهانی ، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ، خستە ژێر رکێفی خۆیەوە .
سیستمی سەرمایەی جیهانگیر سیاسەتەکانی لەرێی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک سەندووقی پوولی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانیی بۆ گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوەو رێکخراوی بازرگانیی جیهانی جێبەجێ دەکات . یەکێک لەو سیاسەتانە پەیوەندی بە پەروەردەو فێرکردنەوە هەیە .
ئەم سیستمە جیهانگیرە بەرنامەیەکی دیاریکراوی بۆ بواری پەروەردە هەیەو ، بەهەر شوێنێکدا دەستی رابگات ، هەوڵی پیادەکردنی ئەو بەرنامەیە دەدات . یەکێک لە خاڵەکانی ئەو بەرنامەیە تایبەتیکردنی پەروەردەو فێرکردن ( خصخصة التربية والتعليم )ە ، واتە نەهێشتنی خزمەتگوزاریی خۆڕاییە لە کەرتی فێرکردندا .
سیستیمی سەرمایەداریی جیهانیی بەم سیاسەتەی ، پەروەردەو فێرکردن لە خزمەتگوزارییەکی گشتییەوە دەکاتە خزمەتگوزارییەکی تایبەتی و ، وەک بەشێک لە ستراتیژە ئابوورییە جیهانییەکەی بەکاری دەهێنێ. لەم سیاسەتەدا فێرکردن دەبێتە ئامرازی پێگەیاندنی هێزی کاری کارامە بۆ پرۆژە ئابوورییە بەربڵاوەکانی لەسەرانسەری جیهاندا .
هەوڵدانی ئیمپریالیزمی جیهانگیری جیهانیی بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتان و شکاندنی شکۆو سەروەرییان و دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆیان ، هەروەها پێکهێنان و پشتگیریکردنی هەزاران رێکخراوی بەناو کۆمەڵگەی مەدەنی و ( ئێن . جی . ئۆ ) بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە جیاجیاکانیان لە هەموو لایەکی جیهاندا ، بەشێکن لە سیمای چەرخی

جیهانگیری و سڕینەوەی ڕۆڵی دەوڵەت و لکاندنی جیهان بە پاشکۆی بەرژەوەندیی مۆنۆپۆلە سەروونەتەوەییەکانی سەرمایەداریی جیهانگیری سەردەمەوە .
لە بەرامبەر ئەو سیاسەت و بەرنامانەی ئیمپریالیزمی جیهانگیردا ، ئەرکی هێزە شۆڕشگێڕو سۆسیالیستەکانی جیهانە بەرگری لە ئازادی و یەکسانی و سەرجەمی ئەو دەستکەوتانە بکەن کە بە تێکۆشان و فرمێسک و خوێنی ملیۆنەها مرۆڤ ، لەژێر سایەی ئامانجە سۆسیالیستییەکانی مێژوودا ( بەتایبەتی دوو سەدەی رابردوو ) بەدەستهاتوون .
یەکێک لەو دەستکەوتانە خوێندنی بەخۆڕایی بوو لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا .
ئەمڕۆ دەبێت بەرگری لەو دەستکەوتە بکرێت ، خەڵکی بۆ راوەستانەوە بەرامبەر هەر هەوڵێک بۆ تایبەتیکردنی ( بەهەر بیانوویەکەوە بێت )سازبدرێت .
خوێندنی بەخۆڕایی ( خوێندنی کەرتی گشتی ) کە ئەمڕۆ دەوڵەت بەرپرسیارێتی و ئەرکێکی دەوڵەتە بەرامبەر کۆمەڵ و نەوەکانی ، باشییەکەی هەر لەوەدا نییە کە بارسووکییەکە بۆ چینە چەوساوەکانی کۆمەڵ و ئەو مافە مرۆییەیان بەرەست دەخات ، بەڵکو چەند بەرئەنجامی دیکەشی لێدەکەوێتەوە ، لەوانە :
1 - بەدیهێنانی پرنسیپی فێرکردنی منداڵ بە خەرجیی دەوڵەت ؛ ئەو خەرجییەی لە داهاتی نیشتمانییەوە سەرچاوە دەگرێت و ، داهاتێکە هەموو تاکێکی کۆمەڵ بەشێکی تێدا هەیەو مافی خۆیەتی بۆ خۆشگوزەرانی و گەشەکردنی خەرج بکرێت . منداڵ لەو کاتەوەی کۆرپەلەیە و دواتریش تا لە ژیاندا بێت پشکی لە داهاتی وڵاتەکەیدا هەیەو بۆ هیچ کەس و دەسەڵاتێک نییە ئەم پشکەی لێ زەوت بکات .
2 - دایکان و باوکان لە ئەرکی خەرجکردن و رەنجکێشان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن و پێگەیاندنی منداڵەکانیان رزگار دەکات .
لە راستیدا دایکان و باوکان لەم کۆمەڵگایەدا چەند دە ساڵێکی تەمەنیان بە ماندووبوون و کوێرەوەری بەسەر دەبەن ، نەدەتوانن پەروەردەیەکی دڵخوازانەی منداڵەکانیان بکەن و نە خۆشیی لە ژیانی خۆشیان دەبینن . لەبەر ئەوە خۆڕاییبوونی خوێندن هەناسەیەکیان بەبەردا دەهێنێتەوەو منداڵەکانیش دەتوانن بە سەربەخۆیی و بێ پابەندبوون بەماڵەوە و بە کاریگەرێتی باری ئابووری خێزان ، بخوێنن و وەک ئەندامێکی کارا لە کۆمەڵدا دوارۆژیان زامن بکرێت .
3 - خوێندنی خۆڕایی رێگە لە مۆنۆپۆلکردنی پەروەردەو فێرکردن دەگرێت ، فێرکردن گشتیدەکاتەوەو بەربەستی ئەوە دەکات بۆ منداڵانی چین و توێژە باڵادەست و داراکان قۆرخ بێت .
خوێندن لەسەر ئەرکی دەوڵەت ، پرنسیپی هەلی چوونیەک لە بەرامبەر منداڵاندا دادەنێت ، بوار بۆ پێشکەوتن و داهێنان و توانایی و کارامەیی منداڵانی چینە نەدارو چەوساوەکان دەڕەخسێنێ . ئەم خوێندنە جەزرەبەیەکە بۆ خوێندنی چینایەتی ، خوێندنێک کە بەردەوام منداڵانی چینە باڵادەستەکانی کۆمەڵ بۆ باڵادەستییان لە داهاتوودا ئامادە دەکات .
4 - خوێندن لەسەر ئەرکی دەوڵەت یەکگرتوویی سیستەمی خوێندن دەپارێزێت . دەرگا بە ڕووی فرەکوێخایی لە بواری پەروەردەدا دادەخات . بەربەستی گەمەکردن بە چارەنووسی نەوەکان دەکات .
دەرگا کردنەوە بەڕووی خوێندنی تایبەتی و سەلماندنی ئیمتیازاتێک کە ئەو خوێندنە بە چین و توێژە داراکانی دەدات ، دەبێتە مایەی لەدەستدانی ناوەندێتی خوێندن و ، بەو پێیەش شێواندن یان فرەبوون و جیاوازی ئامانجەکان لە نێوان یەک سیستەمی پەروەردەییداو ، دەبێتە هۆی دابەشبوونی خوێندن بەسەر دووشێوەی سەرەکیی جیاوازی رەسمی و ئەهلیدا . خوێندنێکی یەکنەگرتووش رێگا بۆ دەستتێوەردان و بەرنامەی نەشیاو بۆ خوێندن بە گشتی و بۆ خوێندنە ئەهلی و بیانییەکان خۆشدەکات ، کۆنترۆڵی دیسپلینی کۆمەڵایەتی ( الضبط الاجتماعي ) و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ( التغيير الاجتماعي ) کە دوو ئامانجی سیستەمی

خوێندنن لە هەر وڵاتێکدا لەدەست دەچێ و پەروەردەیەکی بەیەکداچووی پڕ لە ناکۆکی سەرەنجامی دەبێت کە کاردانەوەیەکی سەلبی لەسەر نەوەکانی دواڕۆژ دادەنێت و کۆمەڵ لە بارودۆخی داهێزران و نابووتیدا رادەگرێت .
فێربوونی منداڵان بە خەرجیی دەوڵەت ، هەڵخستنی هەلی چوونیەکی فێربوون بۆ منداڵان ، پاراستنی منداڵان لە پلان و بەرنامەی چاوچنۆکانەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی سەرمایە ، پێداگرتن لەسەر یەکگرتوویی سیستمی خوێندن ؛ کۆمەڵێک مەرجی رێزلەخۆگرتن و سەروەریی هەر دەوڵەتێکەو دەبێت دەوڵەت لە ئەستۆیان بگرێت و دەستبەرداریان نەبێت .

2007/10/1

# کەلتووری باوو ئاستی تێگەیشتن لە پەروەردە

کەلتووری باوی کۆمەڵ ، مۆرکی خۆی بەسەر هەموو لایەنەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە دادەنێت . لە نێوان کارکردەکانی ئەم هۆکارەوە ، جگە لەوەی تایبەتمەندییەکانی سیستمەکە دەناسین ، زۆر بە وردیش ، بەجۆرو ئاستی بیرکردنەوە لە کێشە پەروەردەییەکان و ئاستەکانی تێگەیشتنی دەسەڵات لەم پرۆسەیە ئاشنادەبین .
کەلتووری باوی کۆمەڵ ، هەموو ئەو کۆهۆشییە دەگرێتەوەکە بەرە بەرەو لە پراکتیکێکی درێژخایەنی رەفتارەکاندا کۆدەبێتەوەو ، گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی دروست دەکات و ، دەبێتە سیمایەکی گشتیی کۆمەڵ و لە گشت بوارەکاندا - کە پەروەردەو فێرکردن بوارێکی گرنگیانە - رەنگدەداتەوە .
کەلتووری باوی کۆمەڵی ئێمە ، چڕبوونەوەیەکە لە ئاوێتەبوونی رەهەندەکانی خێڵەکێتی و ئایینی و حزبی کە هەر یەکەیان مێژوویەکی هەیەو ، رەگەکانی بە ناخی ژیانی کۆمەڵدا رۆچووەو ، رەنگ و روخساری سیستمی کۆمەڵایەتی و کارکردەکانی دیاریکردووە .
پەروەردەو فێرکردنیش بوارێکە کە ئەم رەهەندانە لە واقیعی ئێمڕۆی کوردستاندا پەستوویانەتە نێو چوارچێوەیەکەوەو ، یەکێک لەو ئاستانەی تێگەیشتنی لەم کایەیەدا پێکهێناوەو ، بەو پێیەش لێکترازاندنی ئەو چوارچێوەیەی کردووەتە مەرجێکی حەتمی هەر گۆڕانکارییەک کە بویسترێت لە سیستمەکەدا بکرێت .
تێگەیشتنی ئایینی لە ئەرکی پەروەردەو بانگەوازێکی سیاسی – عەقیدەتی هەندێ رەوتی کۆمەڵایەتی بۆ بەهەند وەرنەگرتنی گۆڕانکارییەکانی ئێمڕۆی جیهان و ئەو پێشکەوتنە

بەرچاوەی لە کایەی زانست و تەکنەلۆژیادا هەیە ، گێرانەوەی سەرخانی کۆمەڵ کە پەروەردە بەشێکێتی بۆ رابردوویەک کە پتر لە هەزار ساڵ لێمان دوورە ؛ بەڕادەی جیاجیاو زۆرو کەم ئەقلییەتی دەسەلاتی سیاسی و پەروەردەیی خستۆتە ژێر فشاری خۆیەوە ، کە جگە لەوەی پێکهاتەی چینایەتی ئەو دەسەلاتە زاتی خۆدەربازکردنی لەو ئەقلییەتە نییە یان سەوداکاریی سیاسی ئەو زاتەی لێزەوتکردووە ، پەلی بۆ تەواوی پرۆسەکەش هاویشتووەو لەبەردەم هەر هەنگاوێکی چاکسازیی یان گۆڕانکاریشدا بۆ پێشەوە ، بەسوود وەرگرتن لە پێگە مێژووییە کۆمەلایەتی و کەلتوورییەکەی ، بەرنامەو پلانی تایبەتی بۆ رێگرتن لە بڕیاردان و بەئەنجامگەیاندنیدا هەیە .
تێگەیشتنی هەڕەمەکی و نازانستیش لایەنێکی دیکەیە کە قوڕی چەقین خەستترەکاتەوە ، یان لانی کەم رەوتی پرۆسەکە خاوەکاتەوەو بەو خێراییە ناچێتە پێشەوە کە ئەم چەرخی خێراییە پێویستێتی . ئەوە یەکێکە لە کۆسپە گرنگەکانی سەرەڕێی پەروەردە لە کوردستاندا .
نەشارەزایی چ لە ئاستی دەسەلاتدا سەبارەت بە پرۆسەکەو چ لە ئاستی جەماوەریشدا کە بە درێژایی دەیان ساڵ یەک قاڵبی پەروەردەیان لەبەرچاو بووە ، ئاستی تێگەیشتنی تا نزیک سفر دابەزاندووە . ئەوە خاڵێکی سەلبیی ناوکۆیی نێوان دەسەلاتی پەروەردەیی و جەماوەریشە ( دیارە بە رێژەیەکی جیاواز لە یەکتری ) . ئەم ئاستەی تێگەیشتن ( لە جەوهەردا تێنەگەیشتن ) لە پرۆسەی پەروەردە ، رووتەخت و ئاسۆیی دەنوێنێ ، لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە جۆرێک لە بێتوانایییە یان پشتگوێخستنێکی مەبەستدارە بۆ گواستنەوە لە قۆناغی هەستپێکردنەوە بۆ قۆناغی تێگەیشتنی ئەقلگەرایانە ؛ تەنانەت هەندێ دیاردە ئاماژە بەوەش دەکەن کە قۆناغی هەستپێکردنی پانتایی تەنگژە پەروەردەییەکە لە ئارادا نەبێت ، بۆیە لە ئاستی قۆناغی دووەمدا ئەو ساردی و خاوەخاوو بێدەربەستییە دەبینرێت .
ئاستی تێگەیشتنی حزبیانەش لە پرۆسەکە ، لەڕووی مێژوویییەوە نوێترین ئاستیانە . کەلتوورێک کە ئەم ئاستەی خولقاندووە ، بۆ نزیکەی نیو سەدەیە هەیەو پیادە دەکرێت . ئەم کەلتوورە لە دوای شۆڕشی 14 ی تەمووزی 1958 هاتە نێو واقیعە پەروەردەییەکەوەو لەسەردەمی حوکمی بەعسدا بە نەرێیانەترین شێوە پەیڕەوکرا . هەموو کردارەکانی بەعس لە کایەی پەروەردەو فێرکردندا ، هەر لە قۆرخکردنی سیستەمی پەروەردەو داخستنی وەک زۆنگێکی داخراو بۆ خۆیان ، تا دەگاتە یەکە یەکەی پێکهاتەی سیستەمەکە ، ئەوەندەی دەیان ساڵی رابردوو یان یەک دوو سەدەی رابردووی سیستەمی پەروەردە ، کاریگەرێتی لەسەر شێوەی تێگەیستنی نادروست لەم بوارەدا هەبووە . جیاوازی نێوان ئەم شێوە تێگەیشتنەو ئەوانەی پێش خۆی – کە هێشتا بەردەوامە - لەوەدایە کە ئەمیان بە بەرنامەڕێژیی و پلان و مەبەست و "هوشیاری " یەوە پەیڕەوکراو ئامانجی دیاریکراوی هەبوو ؛ هەر ئەمەشە مەترسی لەسەر دواڕۆژی سیستەمەکە دروستکردووە ، چونکە هیچ رێوشوێنێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم کەلتوورە بەعسییە دانەنراوە ، بەڵکو کەلتوورەکە بەردەوامەو رەگی لە هەموو بوارەکانی سیستەمی پەروەردەدا ، بۆ نموونە وەک ( بڕیار وەرگرتن ، ئیدارەی پەروەردە ، بەرنامەکان ، تاقیکردنەوەکان ، رێگاکانی وانەگوتنەوە ، پەیوەندی مامۆستاو قوتابی ، پەیوەندی قوتابخانەو دایک و باوکی قوتابی . ... هتد ) داکوتاوەو هەتا ئێستاش ئاستێکی بەرچاوی تێگەیشتن لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ، پشت بەم کەلتوورە دەبەستێت .

# ئاستەکانی تێگەیشتن لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن

هیچ گومانی تێدا نییەو ، راستییەکی تەواو روونە ، کە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە سەرانسەری جیهاندا ، سەبارەت بە باری تایبەتی خودی پرۆسەکەو بەرفراوانی سنووری جوگرافیایی کارکردەکانی و پەلهاویشتنی بۆ نێو دوا ماڵ و دوا شانەی کۆمەڵایەتی ، پڕە لە گیروگرفت و کێشەی هەمە لایەنە . ئەگەرچی ئاستی کێشەکان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازییان هەیەو ، رادەی لێوەرگرتن و نزیکایەتی لە ژیاری ئەم سەردەمە ، کە ژیارێکی رۆژئاواییە ،سادەیی و ئاڵۆزکاویی دیدی پەروەردەیی دەسەڵاتی سیاسی و ، پەروەردەیەک کە ئەو دەسەڵاتە ئاڕاستەی دەکات ، دیاریدەکەن . بۆیە دەتوانین بڵێین دوو دیدی جیاواز هەیە : یەکێکیان دیدێکی رۆژئاواییە بۆ پەروەردەو فێرکردن کە تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو ، ئەویدیکەیان روانینی پەروەردەیی جیهانەکانی دەرەوەی رۆژئاوان کە پلەو جۆری جیاجیایان هەیەو ، تێیاندا هۆکارەکانی : خێڵەکێتی ، نەتەوەیی ، ئایینی ، نەژادپەرستی ، ئایینزایی ... هتد ، رەنگدەدەنەوە .
جۆرو ئاستی بیرکردنەوەش لە کێشە پەروەردەییەکان ، لە هەموو بوارەکاندا ، دیسان بەسەر دوو شێوازی سەرەکیدا دابەش دەبن . ئەم دابەشبوونە ، بە وردەکارییەکانیەوە ، شوناسنامەی پەروەردە لەهەر وڵاتێکداو ئاستەکەی دەستنیشان دەکەن و ، رێژەی لێهاتوویی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ، لە بەرئەنجامێکی زانستی و بیرکارییانەدا بەدەستەوە دەدەن .

بەراوردکردنێکی سادەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا بەو راستییانەی ئاماژەی بۆ کرا ، هەژاریی ئاستەکانی بیرکردنەوەی خۆماڵیی بواری پەروەردە دەردەخات و ، بەسەر واقیعێکی پەروەردەیی دواکەوتووی جیهانەکەی دەرەوەی رۆژئاوادا دەکەوین ، کە دەتوانرێت لە گشتێتی خۆیدا ، بە واقیعێکی رۆژهەڵاتیی ، خێڵەکی ، ئایینی ، تا رادەیەکی زۆر دواکەوتوو ناوزەد بکرێت .
ئەم واقیعە رۆژهەڵاتییە دواکەوتووەی پەروەردە ، لە چەندین بواردا خۆی نمایش دەکات و ، لە سەرتاپای کردارەکانی پرۆسەکەدا نموونە دەخاتەوە .
ئەم شێوە بیرکردنەوە رووکەشبینە ، تەنکەو توانای پەلوپۆهاویشتنی قووڵی نییە ، بە ئاسۆیی گوزەر دەکات و رووتەخت دەنوێنێ ، دەست بۆ دیوی دەرەوەی دیاردە پەروەردەییەکان و کێشەکانی دەبات و جەوهەری پرۆسەکە فەرامۆش دەکات . لە پلاندانان و بەرنامەڕێژیدا ، پاشان هەنگاونان و قۆناغی جێبەجێکردن ، ئینجا هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەو دەستنیشانکردنی لێهاتوویی و لێنەهاتوویی پلانەکەو ، سەرئەنجام چۆنیەتی چارەسەرکردن و تێپەڕکردن و ، بەجێهێشتنی واقیعی ئێستا بۆ واقیعێکی نوێی روو لە هەڵکشان ، لە سەرلەبەری ئەم قۆناغەی بەرنامەڕێژیدا ، کە ئامانج لێیان گۆڕانکاریی و بەرەو پێشەوە بردنی پرۆسەکەیە ، چۆنایەتی دەکاتە قوربانی چەندایەتی . بۆ ئەم مەبەستەش ، بەرگی پیرۆزاندن بەبەری ئەو ژمارانەدا دەکات کە بە ئامار وەریگرتوون ، بەڵام ئاماژە بۆ پەیوەندی چۆنایەتیی پرۆسەکە بە ژمارەکانەوە ناکات . چۆنایەتی لە نێو هاژوهووژی راگەیاندن و زەقکردنەوەی ژمارەو " دەستکەوتە " چەندایەتییەکاندا دەشارێتەوە ، ئەوە

بەیان ناکات کە ئایا کەڵەکەبوونی ئەو چەندایەتییە بە گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی گەیاندووە یان نە !

بیرکردنەوەی ئاسۆیی و رووتەخت و رووکەشیانە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و سەرجەم ئەو کێشانەی بەرەوڕووی سیستمی پەروەردە دەبنەوە ، بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە کە پەیوەندییان بە واقیعی کۆمەڵگەوە هەیە . لەم واقیعەدا ، سەرباری جۆری پێکهاتەی دەرەبەگی و خێڵایەتی و ئایینی ئەقڵی کۆو تاکەکەس ، دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی پەروەردەیی و میراتی پەروەردەی باو لە کۆهۆشی ( الوعي الجمعي ) کۆمەڵ و ، ئەو را گشتییەی لێیدەکەوێتەوە ، بەرپرسن لەوەی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە بمێنێتەوە بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە . ئەم چەند لایەنە کە لە دیاریکردنی چارەنووسی پرۆسەکەدا رۆڵی کاریگەریان هەیە ، هەر یەکەیان بەشێوەیەک کاریگەریی نەرێیانەی لەسەر شێوازی ئایدیاو پراکتیکی پەروەردەیی هەیەو ، لە ڕەوتی پرۆسەکەدا ، کۆسپێک یان دیوارێکی مەعریفی و پراکتیکی دروست دەکات و ، پرۆژەی گۆڕانکاریی لە سنووری ئەو ئاستەنگەدا پووچەڵدەکاتەوە .

ئەم ئایدیایە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بە هەندێکیان دەکەین .

أ ـ تاکەکەسی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی کە سێ کوچکەی ( دەرەبەگایەتی ، خێڵایەتی ، ئەقڵی ئایینی ) پێکهاتەو بونیادی کەسێتییەکەی کۆنترۆڵ دەکەن ، یەکێتی دوو دژ لەو بونیادەدا دەخاتەوە کە لەبەرامبەر هێزو دەسەڵاتی زاڵدا خۆ بە بچووک و نەزان و کەمدانراو ( کەڕولاڵ ) دەزانێت یان وەها خۆی دەخاتەڕوو و ، لە ئاستی سەرکردایەتی ودەستڕۆیشتن و بەرپرسیارێتی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدا خۆ بە گەورەو زاناو داناو پسپۆڕو مرۆڤی فرە مەعریفەو ( زماندرێژ ) ، هەڵوێست و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی رۆژانەی نمایش دەکات .

لەبەر ئەوە کەسایەتییەکان ، بە هەردوو دژەکانیانەوە ، بەرگی ( شوان و مەڕ ) دەپۆشن ، بە واتایەکی دیکە ئەمیان دەبێتە سەرچاوەی زانین و پلان و فەرمان و عەقڵی هەڵسووڕێنەری سەرتاپای کارەکان و ، هیچ بوارێک چ بۆ رای بەرامبەرو چ بۆ رای گشتی و چ بۆ هات و هاواری واقیعەکە ناهێڵێتەوە ، ئەویشیان بە بیانووی ئەوەی ئەقڵی " دانسقە" ی سەرەوە ئایدیاو شێوازی کارەکە بەرهەمدەهێنێ ، ملکەچ و دەستەوەستان ڕادەوەستێ ، مەڕئاسا بەپێشی دەکەوێت و گیانی ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوە لەخۆیدا دەمرێنێ .

ئەم دوو لایەنە پێکەوە ، گێژەن بە پرۆژەکانی گۆڕانکاریی دەکەن و ، لە سووڕانەوەیەکی بێئەنجامدا ، ڕەوتەکە بەرەو خاڵی سفر دەبەنەوە .

ب ـ سیستمی خێڵ و ئەو پەیوەندییانەی تاکەکەسەکانی خێڵ بە یەکترییەوە گرێدەدات ، پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان بەرجەستە دەکەن و ، لە بوارە سەرخانییەکەدا کاریگەرێتی بەسەر بیرکردنەوەو میتۆدی کارەکانەوە بەجێدەهێڵن .

سیستمی خێڵ مامەڵەی مەسەلە چارەنووسسازەکان لە بەرژەوەندی تەسکی خێڵەوە دەکات .

( خێڵەکەی خۆم ) ، ( بنەماڵەکەی خۆم ) ، ( خێزانەکەی خۆم ) ، ئەمانە پوختەی ئایدیای تاکەکەس و کۆی خێڵە . لە ئاستێکی تردا ( حزبەکەی خۆم ) ، (شارەکەی خۆم ) ، ( فراکسیۆنی خۆم ) و لە هەردووشێوەکەشدا بە پێشخستن و قۆرخکردنی دەسەڵات لە بازنەی تەسکی خۆخۆییدا لەلایەن ئەندامانی ( خێڵ ، خێزان ، حزب ، فراکسیۆن ) شوێنی لێوەشاوەیی و پراکتیکی ( هەلی چوونیەک ) دەگرنەوە لەو ئاستەدا قەتیسی دەکەن و گۆڕانکاریی ، بە واقیعی ، دەبێتە گەمەی وشەسازی و چەنەدان و ، بەکەڵەکەبوونی هەرچی زێتری گیروگرفت و کێشەکان دەشکێتەوە .

ئەیلوولی 2007

# سالێکی نوێی خوێندن

ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا یەکەم ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانەکانە . یەکەم ڕۆژی سالی نوێی خوێندنە . قوتابیان دوای چەند مانگێک پشوودان دەچنەوە پۆلەکانیان . دایکان و باوکانیش چاوەڕوانن هەلومەرجێکی لەبارتری خوێندن بۆ ڕۆلەکانیان بڕەخسێنرێت ، چاوەڕوانن دەزگاکانی پەروەردە هەموو پێداویستییەکانی خوێندنێکی شیاویان بۆ ئامادە کردبن .

ئەمسال قوتابخانەکان بەرەوڕووی ئەرکێکی نوێ کراونەتەوە . ڕێنمایی دەزگاکانی پەروەردە بۆ قوتابخانەکان ئاماژە بە سووربوونی وەزارەتی پەروەردەو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لەسەر جێبەجێکردنی زنجیرەیەک لە بڕیارەکانی چوارەم کۆنگرەی پەروەردەیی کە لە ڕۆژەکانی ( 22 - 24 ) ی مانگی ئایاری ڕابردوودا لە هەولێر بەسترا .

ئەمسال قوتابخانەکان دەبنە گۆڕەپانی سیاسەتێکی پەروەردەیی کە دامودەزگا بالاکانی پەروەردە ناوی ریفۆرمی پەروەردەییان لێناوەو ، بە نیازن بەم کەرەسەیەی ئێستای پەروەردە پراکتیکی بکەن . بڕیارەکانی " ریفۆرم " ی چاوەڕوانکراو زۆرن و شایانی ئەوەن نووسەران و پەروەردەکاران شەن و کەویان بکەن .

سالی نوێی خوێندن لە قوتابخانەکاندا ، سالی ئەزموونە بۆ ئەقلی سەرەرو باوی دەزگای پەروەردەی هەرێم ، سالی ئەزموونە بۆ ڕادەی جیددییەت و لێوەشاوەیی هەردوو دەسەلاتی سیاسی و پەروەردەیی هەرێم ، سەنگی محەکی ئەو هیوایانەیە کە بڕیارەکانی کۆنگرە بەردەمی کۆمەلانی خەلکی کوردستانیان خستووە . سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا گرنگییەکی چارەنووسسازیان بۆ ڕەوتی داهاتووی سیستمی پەروەردەو فێرکردن هەیە .

پەروەردەو فێرکردن یەکێکە لەو پایە بنچینەیی وناوەندییانەی کە قورسایی بینای کۆمەلگەی دەکەوێتەسەر ، لایەنێکی بەرچاوو فاکتەرێکی سەرەکیی گۆڕانکاریی و داڕشتنەوەی کەسایەتیی تاکەکەس و کۆڕەوشتی کۆمەلە . پتەوی و دامەزراویی ئەم پایەیە ، لەسەردەمی تەنگوچەلەمەو ئاستەنگە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکاندا ، بایەخێکی گەورەتری هەیە . بۆیە دەبێت ئاڕاستەکردنی زۆر ژیرانە بێت و دەستلێدانی نەبێتە گەمەی مندالان و یاریکردن بە ئاگر ، چونکە ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوەو ، ئاکامەکانیش بۆ هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان دەپەڕنەوە .

ئێمە چەند جارێک ڕاگوزەرانە دەربارەی هەندێک لەو بڕیارانە دواوین . ( بڕواننە وتارەکانی ڕۆژانی 24 و 26 ی ئایارو ، ڕۆژی 15 ی حوزەیرانی 2007 دەربارەی بڕیارەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی ) ئەو بڕیارانەشی بەم دواییە ئاشکراکران و بە قوتابخانەکان

راگەیەندراون ، لێکۆڵینەوە هەڵنەگرن و دەبێت پەروەردەکاران لێنەگەڕێن هەروا بەسەریاندا تێپەڕ بن .
ئەگەرچی نیازی گۆڕانکاریی و گەشەکردنی پەروەردەو فێرکردن سەرچاوەی بیرکردنەوەو پلانداڕشتن وەرگرتنی ئەو بڕیارانەن ، بەڵام نەگونجانی هەندێکیان لەگەڵ واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ، تووشی دڵەڕاوکێمان دەکات و مەترسی بەفیڕۆدانی هەوڵ و تواناو کات و پارەیەکی زۆریشمان بەردەم دەخات . لەگەڵ ئەوەشداو ، لەگەڵ دابەزینی ئاستی گەشبینیمان بۆ بەرئەنجامی ئیجابییانەی بڕیارەکان ، هیوای سەرکەوتن بۆ بڕیارە دروستەکان دەخوازین و ، ئەمساڵ دەست لەسەر دڵمان دادەنێین و ، لە ئیمڕۆوە ، ڕۆژانە ، چاوەڕوانی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و پێشکەشکردنی خوێندن و پەروەردەیەکی مۆدێرن و سکۆلارین بە منداڵان و هەرزەکاران و لاوانی کوردستان .

17 ی ئەیلوولی 2007

## مامۆستایەتی لە زانکۆدا

مامۆستایەتی یەکێکە لەو پیشانەی ئامادەکردنێکی ئەکادیمی و پراکتیکی دەوێت . مەترسیدارترین کارێک ئەوەیە فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵان و هەرزەکاران و گەنجان بدرێتە دەست کەسانێک بۆ ئەو ئەرکە ئامادە نەکرابن یان ئامادەکردنەکەیان پڕ لە کەموکووڕیی بێت . لەبەر ئەوە دەبێت ئامادەکردن لە ئاستی خوێندنی ئەکادیمی کۆلیجێکی تایبەت بە پیشەی مامۆستایەتی بێت . دەبێت هەنگاوێکی بوێرانە بنرێت و لە ئیمڕۆ بەدواوە چیدی مامۆستایان بێ بڕوانامەی زانکۆ ئەرکی فێرکردن و پەروەردەیان لە هیچ قۆناغێکی خوێندندا پێنەسپێردرێت ، ئەوانەشی ئێستا لە قوتابخانەکاندان بەپێی بەرنامەڕێژییەکی پێنج هەتا دە ساڵی ئاستیان بەرز بکرێتەوە تا هاوتاو هاوشانی هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆ رادەوەستنەوە .
ئەوەی پێویستە جەختی لەسەر بکەین و پشتگیری بین ئەوەیە کە مامۆستایانی سەرەتایی لە کۆلیجی تایبەتی مامۆستایان و ، مامۆستایانی ناوەندی و ئامادەیی لە کۆلیجی پەروەردەدا بۆ پیشەی مامۆستایەتی لەو دوو قۆناغەدا ئامادە بکرێن . بۆ مامۆستایانی زانکۆش کە هەر یەکەیان زانایی و پسپۆڕێتی لە زانستێکدا هەیە ، پێویستە دوای تەواوکردنی خوێندنی پسپۆڕییان ، لانی کەم وەرزێک بۆ کاری مامۆستایەتی ئامادە بکرێن بەتایبەتی لە بوارەکانی ( شێوازی وانەگوتنەوە ، بنەماکانی بەرنامەی خوێندن ،

ئەزموونەکان و هەڵسەنگاندنی خوێندکارو چۆنیەتی پرسیار دانان ، سایکۆلۆژیی هەرزەکاران و لاوان ... هتد ) چونکە ناکرێت بێ شارەزایی لەم بابەتانەدا چارەنووسی خوێندکارانی زانکۆیان بەردەست بخرێت . ناکرێت هەرکەسێک بڕوانامەی خوێندنی باڵای وەرگرت ( ماجستێر یان دکتۆرا ) بێ وەرگرتنی ئەو زانیارییانەو راهێنانیان بۆ مامۆستایەتی ، ئەرکی مامۆستایەتییان لە زانکۆدا پێبسپێردرێت . لاکردنەوە لەم مەسەلەیەو دانانی پلانێکی گشتی بۆ بایەخدان بە ( هونەری مامۆستایەتی ) ئاستی خوێندن لە زانکۆکاندا بەرەو پێش دەبات و کەسانی ئەکادیمی و مامۆستایانی زاناو بەتوانا پێشکەش بە کۆمەڵ دەکات.

ئەیلولی ٢٠٠٧

# پرسیارە سواوەکان

لە رۆژنامەیەکی پەروەردەییدا دیمانەیەکم خوێندەوە لەگەڵ قوتابییەکدا کرابوو . ئەم قوتابییە لە هەموو ساڵەکانی خوێندنیدا بە پلەی یەکەم دەرچوو بوو . پرسیاری سەرەکیی پەیامنێری رۆژنامەکە لەو قوتابییە دەربارەی دوارۆژی بوو .

پەیامنێرەکە لە قوتابییەکە دەپرسێت : " ئاواتی دوارۆژت چییە؟ " ئەویش وەڵامێکی باوی داوەتەوە دەڵێت : " ئاواتمە لە دوارۆژدا ببمە پزیشک تا بتوانم خزمەتی گەلەکەم بکەم "

رۆژنامەیەک خۆی بە رۆژنامەیەکی پەروەردەیی ناوزەد بکات ، ئەرکێکی پەروەردەیی لە ئەستۆ دەگرێت و دەبێت بیگەیەنێ ، لەبەر ئەوە نابێت بێ شەن و کەوکردن وتارو دیمانەو تەنانەت وێنەش بڵاو بکاتەوە . دەبێت پەیامی پەروەردەیی لە ریزی پێشەوەی ئەرکەکانیدا دابنێت و وشەکانی ئاراستەیەکی پەروەردەیی بکرێن . نابێت وەڵامی ناپەروەردەیی لەو جۆرەی وەڵامی قوتابییەکە لە لاپەڕەکانیدا جێیان بۆ بکرێتەوە . بۆ دەبێ هەر پیشەی پزیشکی خزمەتی گەلی تێدا بێت ؟! ئەی پیشەو کارە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی کۆمەڵ ؟

پێویستە پەروەردەکاران ، ئاراستەی خوێندکاران و کەسوکاریان و سەرجەم کۆمەڵ وەها بکەن کە : هەموو کارێک ، گشت پیشەکان ، هەر یەکەیان بەپێی خۆی ، خزمەت بەگەل دەکەن و ، کۆمەڵ بۆ بەردەوامیی ژیانی خۆی ناتوانێت دەستبەرداری هیچ جۆرە پیشەو کارو چالاکییەکی بەرهەمهێنان یان خزمەتگوزاریی گشتی ببێت . پیشەکان ، کارەکان و

ئەو مرۆڤانەی پێیانەوە خەریکن و ، لەهەمان کاتدا سەرچاوەی بژێویشیانە ، هەر هەموویان پێویستن و بە هەماهەنگی هەموویان کۆمەڵ بەڕێوە دەچێت .

ئەوە ئەرکی شارەزایانی پەروەردەو مامۆستایانە ، بەپێی پرنسیپەکانی پەروەردەو سایکۆلۆژی ، ئەو چەمکە زانستییە لە مێشکی خوێندکاران و کەسوکاریاندا بچەسپێنن کە هەر مرۆڤێک تواناو ئامادەیی و کارامەیی تایبەتی خۆی هەیەو ، باشترین خوێندن ئەوەیە لەگەڵ ئەو لایەنانەی کەسایەتیی خوێندکاراندا بگونجێ ، تا بە باشترین شێوە بۆ خزمەتی کۆمەڵ بەگەڕیان بخات .

ئەیلولی ٢٠٠٧

# گوتاری یەکنەگرتووی سیاسی وپەروەردەیی
# لەم هەواڵەدا بخوێننەوە !

سایتی ( سبەی ) ی ریفۆرمخوازەکانی نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رۆژی 15 ی تەمموزی 2007 بەم ناونیشانە ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە : " زیاتر لە 50 هەزار ئیمزا لە دژی خوێندن بە زاری سۆرانی لە دهۆک کۆکراوەتەوە " بیانووی ئەم کردارەش ( گوایا ) نزمبوونەوەی رێژەی دەرچوونە لە تاقیکردنەوەکانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییدا لە دهۆک . بەپێی هەمان هەواڵ ( گوایا ) هۆکاری ئەم نزمبوونەوەیەی رێژەی دەرچوون ، بەکارهێنانی دیالێکتی سۆرانییە لە خوێندندا .

ئەم هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوەیە دوابەدوای سەرنەکەوتنی کۆنگرە پەروەردەییەکەی هەولێر دێت لە یەکلاییکردنەوەی کێشەی دیالێکت لە دەفەری بادیناندا .

ئەم هەواڵە ئاماژەیە بۆ دوو کەمووکووڕیی گەورە ، یەکێکیان سیاسی و ئەویدیکەیان پەروەردەیی .

لە رووی سیاسییەوە ، بۆ جارێکی دیکە ، تەنگژەی بیری نەتەوەگەرێتی لە نێو ریزەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورددا خستەڕوو . ئەم تەنگژەیە بۆتە نەخۆشییەکی درێژخایان و سەراپا جەستەی ئەم بزووتنەوەیەی گرتۆتەوە ، لە هەموو قۆناغێکی چارەنووسسازدا سەرهەڵدەداتەوەو ، چارەنووسی کێشەی کورد بەرەو ئاکامێکی نەخوازراو دەبات و ریسەکەی دەکاتەوە بە خوری . کۆکردنەوەی ئیمزا لەلایەن لایەنگیرانی دیالێکتێکی

زمانی کوردی دژی دیالێکتێکی دیکە ، جگە لەوەی کارێکی ژیاریی نییە ، بەڵگەو نیشانەی نەبوونی گوتارێکی سیاسیی یەکگرتووی کوردییە ، بەتایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە نەتەوەی کورد لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیی بەو گوتارە یەکگرتووە هەیە .
بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا ، لەگەشەکردنی خۆیدا ، بەرەبەرە لە ڕەوتی بەجێهێشتنی بنەمای ئابووریی دەرەبەگایەتی و سەرخان و ئەقڵییەتی خێڵدا بەرەو سەرمایەداریی ، گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو بینا دەکات و ، لەگەڵ چوونەپێشەوەی گەشەکردنە سەرمایەدارییەکەو دروستبوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ، ئەو گوتارە بەهێزترو پتەوترو تۆکمەتر هەنگاو دەنێت بەرەو یەکخستنی نەتەوەو خەباتی جەماوەرەکەی لە پێناوی ئامانجەکانیدا کە لە مافی بڕیاردانی چارەنووس و پێکهێنانی ژیانێکی سەربەخۆدا خۆیان دەنوێنن . بەڵام تەنگژەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەوەدایە کە چینە بۆرژوازییە دەسەڵاتدارەکەی لەڕێی حزبەکانییەوە توانای ئەم یەکخستنەی گوتاری نەتەوەییان نییەو لە پێگەی کۆمەڵگە دەرەبەگی و خێڵەکییەکەوە دەست بۆ بابەتە هەنووکەییە چارەنووسسازەکان دەبەن و گوتاری قۆناغی بەر لە قۆناغی نەتەوەیی پیادە دەکەن . ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەیبینین کەلەماوەی شازدە ساڵی ڕابردوودا ، واتە دوای ڕاپەڕین و بوونی هەلێکی لەبارو گونجاو بۆ خەباتکردن لە ژێر ئاڵای گوتارێکی سیاسیی یەکگرتوودا ، هەر ڕۆژە بەشێوەیەک ئەم گوتارە پارچە پارچە دەکرێت و بزووتنەوە نەتەوەییەکەی پێ لاواز دەکەن .
گەلی کورد لە باشووری کوردستان هێشتا لە ململانێی گوتاری حزبیی بەرچاوتەنگ ڕزگاری نەبووە ، ئەو گوتارەی شەڕی ناوخۆی لێپێکهاتوو جەزرەبەیەکی کاریگەریی بە بزووتنەوە نەتەوەییەکە گەیاند ؛ هێشتا زامەکانی گوتاری ناوچەگەرێتی و شارگەرێتی و ئەقڵییەتی خێڵەکیی و خۆخۆیی حزبی و شەڕە پەڕۆی سەوزو زەردی ساڕێژ نەبۆتەوە ، لێرەو لەوێ گوتارێکی دیکەی دژە گوتاری نەتەوەیی سەرهەڵدەدات ، ئەویش گوتاری جیا جیای دیالێکتی زمان و ڕاگەیاندنی فەشەلی گوتاری نەتەوەییە لە بڕیاردانی دیالێکتی ستاندارد بۆ خوێندنی کوردی لە قۆناغەکانی خوێندندا ، یان هەنگاو هەڵگرتنێکی زانستییانە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو یەکخستنی گوتاری پەروەردەیی لەم بوارەدا .
داتاشینی بیانووی کەمی ڕێژەی دەرچوون لە یەکێک لە ناوچەکانی کوردستاندا و دانی بەپاڵ " زاری سۆرانی " وەک لە هەواڵەکەدا هاتووە ، نیشانەیەکی دیکەی کورت وکوێری ئەقڵی پەروەردەیی باوە لە دەزگاکانی پەروەردەدا ؛ چونکە ئەوەی کەمێک شارەزایی لە ئەلفبێی زانستی پەروەردەدا هەبێت دەزانێت کە کێشە پەروەردەییەکان بۆ یەک هۆکار ناگەڕێنەوە ، ئەگەرچی هەمیشە هۆکارێک سەرەکی دەبێت و هۆکارەکانی تر لە پەراوێزیدا دەخولێنەوە .
هەڵوێستی زانستییانە لە کایەی پەروەردەدا وەها دەخوازێ هەر کێشەیەک بەجیا لێیبکۆڵرێتەوە ، تۆژینەوەی لەسەر بکرێت ، هەنگاوەکانی تۆژینەوەی زانستی پەیڕەو بکرێن تا هۆکاری ڕاستەقینەی کێشەکان دەستنیشان بکرێت و ، چارەسەریان بۆ دابنرێت و ، جارێکی دیکەش چارەسەرکردنەکان بە هەمان پرۆسەی تۆژینەوەدا سۆراخ بکرێن و لادانەکانی قۆناغ بە قۆناغ ڕاست بکرێنەوە .
ئەمەی لەلای سەرەوە ڕوونمان کردەوە ڕێگەی زانستییانەیە بۆ دەستنیشانکردنی هەر کێشەیەکی پەروەردەیی نەک ڕمڵ لێدان و دانانی ڕای خودیی لە شوێنی ئەنجامەکانی تۆژینەوەی زانستی . ئەمە جگە لەوەی کە گەڕانەوە بۆ ئەو ساڵانەی کە ڕێژەی دەرچوون باش بووە ، یان بۆ ئەو ساڵانەی منداڵی کورد بە عەرەبی دەیانخوێندو بە زمانی عەرەبی ئەزموون دەکران و ڕێژەی دەرچوونیشیان باش بوو ، سەرنجی هەر تۆژیارێکی پەروەردەیی بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە مەسەلەی زمان یان دیالێکتێک لە زمان بە تەنها نابێتە هۆی نزمبوونەوەی ڕێژەی دەرچوون بە ڕادەیەک گوتاریی نەتەوەیی تێدا بزر ببێت و گوتارێکی دژە نەتەوەیی لەڕێی ئیمزاکۆکردنەوەوە بۆ " دابهێنرێ " .

**تەموزی ٢٠٠٧**

# هەگبەکەی شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەب !

لەو کاتەوەی راپەڕین دەسەڵاتی ناوەندیی لە بەشێکی باشووری کوردستان رامالّی و، رژێمی بەعس بە ناچاریی دامودەزگاکانی خۆی لە کوردستان کێشایەوە ، شۆڤێنیزمی گەلانی سەردەست لە عێراق و ناوچەکەدا ئۆقرەیان لەبەر براوەو ، رۆژانە بەبۆنەو بەبێ بۆنە ،سەرو بنی زمانیان " یەکپارچەیی خاکی عێراق " **و** "پاراستنی یەکێتیی عێراق " **و** " پیرۆزیی سنووری عێراق "**ە** . هەر لێپرسراوێکی عەرەب دەمی هەڵهێنایەوە ، یەکسەر بە باسی عێراقی یەکگرتوو و یەکپارچە دەستپێدەکات . هەر هەمووشیان مەبەستیان باشووری کوردستان و ئەو نیمچە ئازادییەیە کە هەلومەرجی دوای جەنگی کەنداو رەخسانی ، تا لە هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکەداو ، زێتر بۆ جێبەجێکردنی نەخشە ستراتیژییەکانی ئەمریکا ، کوردستان بنکەیەکی پێشەوە بێت و ، تا ئەوپەڕو بۆ مەودایەکی نادیار سوودی لێوەربگرن .

بۆرژوا شۆڤێنیزمی **عەرەب** کە زێتر لە هەشتا ساڵە سامانەکانی کوردستان بە تالان دەبات و لە پاوانی نەوتی کوردستاندا دەلەوەڕێت ، ئەمێستا کۆستی کەوتووەو لە گەرووی هەزاران بڵندگۆو هۆیەکانی راگەیاندنەوە ، دڵەڕاوکێ و خەوزڕانی خۆی ناشارێتەوە و ، هێوری و کۆتاییهێنانی تیرۆر بە مەرجی گێرانەوەی گەلی کورد بۆ ژێر فەرمانڕەوایی راستەوخۆی بەغدا دەبەستێتەوە، تەنانەت لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە ، لەڕێی دەنگدان بە دەستووری هەمیشەیی **عێراق ،** بە کەم دەزانێت و لە هەولّی فراوانکردنی ئەو لکاندنەوەدایە تا جارێکی دیکە کۆیلەیەتی و پلە دوویی و کەمتریش لەوە بەسەر گەلەکەماندا بسەپێنێ.

وەک نموونەیەک بۆ ئەم پەلەقاژەیەی شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەب لە عێراقدا، حیزبی ئیسلامی عێراق کە سەر بە ( جبهه التوافق ) ی سوننییە لە لێدوانێکدا ، کە پێدەچێ وەلامدانەوە بێت بەو کۆنگرە پەروەردەییەی لە نێوان 22 - 24 ی ئایاری 2007 لە هەولێر بەسترا، ئەم مەرام و نیازانە ئاشکرا دەکات .

زاتێکی سەرکردایەتی ئەم حزبە ئیسلامییەی کاژێکی شۆڤێنیزمانەی عەرەبیشی پۆشیوە بەم شێوەیە دەدوێت : " ئێمە بۆ ئەوە کاردەکەین کە سیاسەتی پەروەردەیی بەدەستی حکومەتی ئیتتیحادی بێت ، نەک ئەوەی هەر هەرێمە سیستمی پەروەردەو فێرکردنی خۆی هەبێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ساردی و دوورکەوتنەوەی هەرێمەکان و پارێزگاکان لە یەکتری ، سەبارەت بەوەی جیاوازییەک هەیە کە واقیعی فرە نەتەوەیی و تایەفی سەپاندوویەتی . ئێمە لە بواری پەروەردەو فێرکردندا ، شتە ناوکۆییەکانی نێوان هەموو عێراقییەکان جێگیر دەکەین ؛ بە جۆرێک کە بایەخ بە شوناسی نیشتمانی بدات. بەرگری لە یەکگرتووبوونی بکات. یەکێتیی ئایین وکۆمەڵە بەها ئەخلاقییەکان و کەلتووری رەسەنی عێراقییەکان دووپات بکاتەوە. ( سایتی ایلاف ژمارە 2207 لە 7 ی حوزەیرانی 2007 ) .*

لێدوانی ئەم وتەبێژەی حزبی ئیسلامیی عێراق کاکڵەی بیرکردنەوەیەکی شۆڤێنیستانەی ژەهراوی دەردەبڕێت و ، ناچێتە چوارچێوەی هیچ پێوەرێکی سیاسی و یاسایی و واقیعی بۆ پێکەوە ژیانی هاووڵاتییان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا .

ئەم بۆچوونە چاو لەو راستییە دەنووقێنێ کە سیاسەتی پەروەردەیی و دارِشتن و جێبەجێکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە دەوڵەتێکی فیدرِالیدا تایبەتە بە کۆمەڵانی خەڵکی لە هەرێمەکانداو ، لە رووی سیاسی و یاساییەوە دەکەوێتە نێو بازنەی دەسەڵاتە هەرێمییەکان و پەیوەندی بە حکومەتی ناوەندەوە نییە .

ئەم وتەبێژە رەسمییەی حزبی ئیسلامی قسە لە ساردی و جیاوازی دەکات وەک بەرئەنجامێک بۆ ئایندەی پەیوەندی لە نێوان گەلانی عێراقدا ، لە کاتێکدا بە کردەوە نەک جیاوازی بەڵکو دوژمنایەتیکردن دروست بووەو ئەوان وەک لایەنێکی شۆڤێنیی عەرەبی رۆڵی نەرێیانەی خۆیانی تێدا دەبینن و،دەیانەوێت لە رێگای دەستکاریکردن و تۆخکردنەوەی دەستوورە عەرەبییە ئیسلامییەکەیان " روخساریی عەرەبیی عێراق " بچەسپێنن و ، نەک ساردی و جیاوازی ، بەلکو دەریایەک خوێن لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئەتنییەکانی عێراقدا جێگیر بکەن. ئەمە جگە لەوەی دەیانەوێت لەرێی پەروەردەو فێرکردنەوەو، بە ناوی " یەکێتیی ئایین و کەلتووری رەسەن " مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بپێچنەوەو ، پرۆژەی جینۆسایدێکی دیکەو فەرمانرەوایەتییەکی دیکەی سەددامیانە جێبەجێ بکەن .

بۆ ئەوەی پەروەردەو فێرکردنێکی سەربەخۆو سکۆلار و مۆدێرن لە کوردستاندا هەبێت ، پێویستە دەسەڵاتداران لە باشووری کوردستاندا بە تەواوەتی پەروەردەو فێرکردن لە ئایدیای نەتەوەیی شۆڤێنی بەعس پاکبکەنەوەو کاریگەرێتی رێبازی تایەفەگەریی ، سوننە بێت یان شیعە، لەسەر رەوتی پەروەردەی منداڵان لە کوردستاندا دوور بخەنەوە؛ ئەوەش تەنهاو تەنها بە بریارێکی سیاسی بوێرانەو جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و، لە پەروەردەو فێرکردن دەکرێت. ئامرازی سیاسیش بۆ ئەم کارە، بریاردانی دەستوورێکە بۆ باشووری کوردستان کە ئەو هەنگاوە مۆدێرنەی تێدا جێگیر بکەن، بەمەش ئەو بەرنامە رەشانە پووچەڵدەکرێنەوە کە شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرەب لە هەگبەکەیاندا حەشاریان داوە .

* دەقی لێدوانەکە بە زمانی عەرەبی :

" اننا نعمل على ان يكون رسم السياسات التربوية بيد الحكومة الاتحادية بدلا من ان ينفرد كل اقليم بنظامه التعليمى والتربوى مما قد يسبب نفورا أو جفوة بين المحافظات أو الاقاليم نتيجة التباين الذى يفرضه التنوع القومى والطائفى والى تثبيت القواسم المشتركة فى التربية والتعليم

بين جميع العراقيين والتى تهتم بهوية الوطن والدفاع عن وحدته وتركز على وحدة الدين والمنظومة الاخلاقية التى ورثها العراقيون من دينهم وتراثهم الاصيل. "

حوزەیرانی ٢٠٠٧

## رۆژی جیهانیی منداڵان

## کورتەنامەیەک بۆ منداڵە خۆشەویستەکان

ئەمرۆ 1 ی حوزەیران بە رۆژی جیهانیی ئێوەی جگەرگۆشەکانمان دانراوە، گوایا ئەمە رۆژی پاڵپشتیی مافەکانی ئێوەیە ! گوایا هەموو ساڵێک لەم رۆژەدا بەدەم ئاهەنگ و سەماو گۆرانی و مەراسیمەکانی حکومەت و رێکخراوەکانی منداڵانەوە، ئاوڕێک لە ژیانتان دەدەنەوە.

بەڵام ژیانی ئێوە لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا، بە گشتی، پڕاوپڕی کوێرەوەرییەو، هێشتا سادەترین مافەکانتان پێ رەوا نەبینراوە. هێشتا پەیماننامەکانی مافی منداڵ بۆ زەمین و پراکتیک دانەبەزیوە. هێشتا گەورەکان لە ئەقڵی کوێری باوکسالاریی وازیان نەهێناوە. هێشتا سیستمی چەوساندنەوەی سەرمایەداریی جیهانگیر لە مژینی دوا تنۆکی شیلەی خاوی تواناکانتان نەبۆتەوە.

کۆرپەکانم : لەبەر ئەوە ، نەمزانی بەو بۆنەیەوە، چ دیارییەکتان پێشکەش بکەم ! چونکە هیچ دیارییەک زامەکانی منداڵێتیتان پڕناکاتەوە، هەر وەک چۆن دیارییەکانی بابانۆئیل هەتا ئێستا پرینەکردۆتەوە ؛ تەنها دیارییەک کەمابێ و لە دەستمدا بێت ئەوەیە : لەمەودوا کێشەکەتان رێنمایی پێنووسەکەم بکات و، ئەوەندەی بۆیبکرێ، رەوایی مافەکانتان و بایەخی ئێوەی خۆشەویست بۆ دوارۆژی ژیان لەم سەر زەمینەدا، بۆ باوکان و دایکان و مامۆستاکان و گەورەکان و کۆمەڵ بە گشتی، روونبکاتەوە.

ئازادی و خۆشگوزەرانیتان بۆ دەخوازم و دڵنیابن ئایندەی جیهان بۆ ئێوەیەو لە دەستی ئێوەدا دەبێت.

**1 ی حوزەیرانی 2007**

# پەروەردەو سکۆلاریزمی ناتەواو

بەرپرسێکی پەروەردە لە سلێمانی ، بڕیاری سکۆلارکردنی خوێندنی راگەیاند. ئەم بڕیارە لە لایەن کۆنگرەی پەروەردەیی رۆژانی 22 - 24 ی ئایاری2007 لە هەولێر دراوە . ناوەرۆکی ئەو بڕیارەش بریتییە لە خوێندنی ئایین وەک زانست و، فراوانکردنی زانیاریی قوتابییان دەربارەی هەموو ئایینەکان ، نەک بە تەنها ئیسلام ، بە هۆی وانەکانی ئایینەوە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا .

لە راستیدا بیرکردنەوە لە سکۆلارکردنی پەروەردەو فێرکردن **و ،** گفتوگۆکردن لەو بارەیەوە لە کۆنگرەیەکی وەهادا بایەخی خۆی هەیە . ئەوە بۆ خۆی هەوڵدانێکە بۆ رووخاندنی ئەو دیواری ترس و پیرۆزاندن و بڤاندنەی کە لەم کۆمەڵگایەی ئیمەدا ، لە سەرەڕێی هەر هەنگاوێکی نوێگەریدا دانراوە . بەڵام هەنگاوەکە هێشتا ناتەواوەو بە نیوەناچڵی بەجێهێڵراوە . لەبەر ئەوە ناتوانرێت پێشبینی پەروەردەو فێرکردنێکی سکۆلاری لێبکرێت، یان خۆشباوەڕانە چاوەڕێی بەدیهاتنی بین .

ناوەرۆکی ئەم بڕیارە لاساییکردنەوەیەکی راستەوخۆی سیستمی خوێندنی سوید و وڵاتە ئەسکەندناڤییەکانی پێوە دیارە . لەو وڵاتانەدا ئایین لە نێو بەرنامەکانی خوێندندا هەڵنەگیراوە، بەڵکو وانەیەکە وەک هەر وانەیەکی دیکە . لەم وانەیەدا ئەو پرنسیپە ناوکۆییانەی لە نێوان هەموو ئایینەکاندا هەیە دەخوێندرێت ، بەڵام دەستی کەنیسە کەم وزۆر ، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە داڕشتن و ئاڕاستەکردنی ئەم بەرنامەیەدا هەیە و ، لەدواشیکردنەوەو دواسەرەنجامدا بە بەرژەوەندیی پەروەردەیەکی مەسیحییانە دەشکێتەوە . ئەمە جگە لەوەی کە ناتوانرێت ئایین

وەک زانست ، واتە ( سەرنجدان و ئەزموون و دووبارەکردنەوەی ئەزموون و پراکتیکی ئەزموون ) کە لە بنچینە سەرەکییەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستین ، بخوێندرێت .

بواری ئایین ، بوارێکی غەیبی و رۆحییە ، پشت بە باوەڕ ( ایمان و عقیدة ) دەبەستێ . لەم بوارەدا قەناعەتی تاکەکەس خۆی بڕیاردەرەو هیچ پەیوەندییەکی بە ئەزموونی زانستییەوە نییە .

بڕیاری کۆنگرەی پەروەردەیی بە سکۆلارکردنی پەروەردەو فێرکردن چەند ئەگەرێک لە نێو خۆیدا هەڵدەگرێت :

1. سەلماندنی پێویستیی سکۆلارکردنی پەروەردەو ئامادەیی تەواو بۆ پراکتیککردنی . ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی کۆنگرەو کۆمەڵێک بڕیاری نوێی دەوێت ، لەوانە :

ا- گۆڕینی بڕیارەکە بەو شێوەیەی کە ئایین وەک ماددەیەک لە نێو بەرنامەکانی خوێندندا هەڵگیرێت . وەک ئەو وڵاتانەی سکۆلاریزم لە سیستمی پەروەردەدا پەیڕەو دەکەن ، ئەم ماددەیە لە مزگەوت و کەنیسەو پەرستگاو ناوەندە ئاینییەکاندا بخوێندرێت و ، هیچ ئەرکێک لەسەر دەوڵەت و دەزگا رەسمییەکانی پەروەردەو فێرکردن دانەنێت .

ب - پەرلەمانی کوردستان بڕیاری جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و پەروەردەو فێرکردن بدات و ، لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا وەک ماددەیەکی سەربەخۆ بیچەسپێنێت .

ج - قوتابخانە ئاینییەکان لەسەر حسابی وەزارەتی پەروەردە یان دەزگا حکومەتییەکان نەمێنن و کەسوکاری قوتابی و خوێندکارانی ئەو قوتابخانانە خۆیان ئەرکی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی و خەرجکردن لە ئەستۆ بگرن .

د -لە هەموو بەرنامەکانی دیکەی خوێندندا وەک مێژوو ، پەروەردەی نیشتمانی ، رێزمانی عەرەبی و لە هەر شوێنێک ئاماژەی بە ئایین تێدابوو ، بێ لایەنانە باسی هەموو ئاینەکان بکرێت و رێگە لەوە بگیرێت جیاوازیی ئایینی تێیاندا رەنگبداتەوە .

2 . ئەگەری وەرگرتنی بڕیارەکە لە ژێر گوشاری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی بارودۆخە سیاسییەکەی عێراق و دەسەڵاتی داگیرکەران یان سەندووقی پوولی نێودەوڵەتی، یان وەک کارتێکی گوشار بۆ سەر لایەنە بەشەڕهاتووەکانی جەنگی تایەفەگەریی نێوان شیعەو سوننەی عەرەب .

3 . ئەگەری خۆگونجاندنی رووکەش لەگەڵ بارودۆخەکەدا و خۆدەرخستن وەک حاڵەتێکی مۆدێرن لە نێو حاڵەتی دواکەوتووی عێراقدا، واتە نیشاندانی جیاوازیی ئەقڵییەتی دەسەلات لە کوردستاندا و بەراوردی بە ئەقڵییەتی ئایینی دەسەڵات لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا .

ئەم ئەگەرە ، جێبەجێکردن لەو سنوورەدا دیاری دەکات کە ناوەرۆکی بڕیارەکە پێکدەهێنێت و ، مەودایەکیش بۆ پاشگەزبوونەوە یان مانۆڕو تێکەو لێکە سیاسییەکان و ململانێی کێشەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەنددا دەهێڵێتەوە.

ئەم ئەگەرەی دوایی رەنگە زێتر بگونجێ و مەبەستی بڕیارەکە بێت و رەچاوی بارودۆخی ناجێگیری ئێستای کردبێت، چونکە :

* لەم بارودۆخەی ئیستادا، دەسەلاتی سیاسی لە هەریمدا ، نە سروشتە چینایەتییەکەی ریگای دەدات و نە لە جێوڕییەکی سیاسیی تۆکمەی ئەوتۆدایەکە بتوانیت پرکێشیی بریاریکی سیاسیی گەورەی وەک بە سکۆلارکردنی دەولەت و پەروەردەو فێرکردن بکات .

* پەرلەمانی کوردستان ناتوانیت لە بازنەی ئیرادەی دەسەلاتی سیاسی لە هەریمدا دەربچیت و بریاریکی لەو چەشنە بدات .

* دەستووری هەریمی کوردستان بە هۆی دواخستنیەوە بەرەو رووی گیروگرفتی دەستووریی دەبیتەوە ، سەبارەت بەوەی دەستووری عەرەبی ـ ئیسلامیی عیراق ریگەی سکۆلارکردنی پەروەردەو فێرکردنی بە چەندین ماددەو برگە داخستووەو ، ئەگەری ئەوەش هەیە رەوتە شۆڤێنییەکانی عەرەب و رەوتە ئیسلامییەکان دادگای دەستووریی ، دژ بە بریاریکی وەها ، لە حکومەت و پەرلەمان بگرن .

لەبەر تیکرای ئەو هۆکارانە ، بریاری کۆنگرەی پەروەردەیی بۆ سکۆلارکردنی پەروەردەو فێرکردن بە ناتەواوی دەمینیتەوەو، تەنها لە چوارچیوەی بریاریکدا بۆ راگەیاندن تۆمار دەکریت . ئەوە بریاریکە دراوە ، بەلام لە ئیستادا، وەک هەندیک بریاری یاسایی لە دادگاکاندا : " جیبەجیکردنی رادەگیریت " .

ئایاری ٢٠٠٧

## بریارە گرنگەکەی کۆنگرەی پەروەردەیی

لە نێو بریارو راسپاردەکانی دە لیژنەو شازدە بابەتی پەروەردەیی تەنها بریاری سیستمی نۆ پۆلی ئاشکرا کراو، کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی بۆ بەسترا، کە بە کورتی لیرەدا چەند تێبینییەکی لەسەر دەنووسین :

1. دەکرا فراوانکردنی خوێندنی ئیلزامی تا پۆلی نۆیەم بەبێ یەکخستنی ئەو دوو قۆناغەش بریاری لێبدریّ، بەلام بەرلەوە پێویستە ئیلزامبوونی خوێندن لە خوارەوە، لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە کۆنترۆل بکریّ و مندالانی تەمەن شەش سال لە دەرەوەی قوتابخانەدا نەبن،تا بەم هۆیەوە سەرچاوەی مانەوەی قوتابخانەکانی نەوجەوانانیش وشک ببێت.

2. دەبێت بریاردانی هەر گۆڕانکارییەک لە بواری پەروەردەو فێرکردندا سەرەنجامی ئەزموون وپەیرەوکردنی شێوازێکی زانستیانە بێت. رێگای زانستی لەم کایەیەدا ئەوەیە کە سەرەتا چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی و ناوەندی بۆ چەند سالێک ئەم ئەزموونەی تێدا

جێبەجێ بكرێت و، هەر لەوماوەیەشدا پێداویستیی گشتیكردنەوەی ئەزموونەكە دابین بكرێت؛ ئەو پێداویستیانە كە بینای قوتابخانەو ئامادەكردنی مامۆستاو گۆڕانكاریی لە بەرنامەكانی خوێندندا سێ لایەنی سەرەكییانن.

ئەم مەسەلە پەروەردەییەو هەموو مەسەلە پەروەردەییەكانی دیكە، بەرنامەی دەوێت و بە بڕیاری سەرپێیی كۆنگرەیەك نایەنەدی و، دەبێت كارێكی ماندوونەناسانەو توانایەكی گەورەی ماددی و بەشەرییان بۆ تەرخان بكرێت.

3. كۆنگرەی پەروەردەیی دەیتوانی تاقیكردنەوەی بەكالۆریای پۆلی شەشەمی سەرەتایی، هەر ئێستا، هەڵبووەشێنێتەوە بەبێ ئەوەی بە مەرجی خوێندنی نۆ پۆلییەوە گرێ بدات. نەك هەر ئەوە، بەڵكو دەیتوانی تاقیكردنەوەی پۆلی سێیەمی ناوەندی( پۆلی نۆی داهاتوو)ش هەڵبووەشێنێتەوەو بڕواو متمانە بۆ مامۆستایان لە قوتابخانەو خوێندنگاكاندا بگەڕێنێتەوە،كە خۆیان قوتابییەكانیان هەڵبسەنگێنن و بڕیاری دەرچوون و دەرنەچوونیان بدەن.

4. كردنەوەی كۆلیژی پەروەردە بۆ مامۆستایان كارێكی شیاوو دروستە بە مەرجێك تەنها بۆ" وەرگرتنی شەهادەی بەكالۆریۆس" نەبێت، بەڵكو بۆ پەرەپێدان و گەشەكردنی توانای مامۆستاكان بێت و لەرێی ئەوانیشەوە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی قوتابخانە سەرەتاییەكان بێت.

5. دابەشكردنی نمرەكانیش بەو پێیەی دانراوە، وەك ئالییەتێك بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی خوێندكاران، رۆڵێكی ئەوتۆ ناگێڕێت و كێشەكانی دەرچوون و نمرەو ئاستی زانیاری خوێندكاران چارەسەر ناكات، چونكە پەرەپێدانی ئاستی خوێندن زۆر بواری جیاجیا دەگرێتەوەو تەنها بە نمرەوە نەبەستراوەتەوە.

لە راستیدا بابەتەكانی سیستمی چەند پۆلی و نمرەو تاقیكردنەوەكان وخوێندنی ئیلزامی بەشێكن لە پرۆسەی پەروەردەو دەبێت گۆڕانكاریی لە هەموویاندا روو بدات، بەڵام ئەگەر دەستكەوتی كۆنگرەیەك تەنها بڕیارێكی لەم جۆرە بێت كە بە عەمەلی لە ئێستادا توانای جێبەجێكردنی نییەو، خۆدزینەوە لە مەسەلەی سەرەكی گۆڕانكاریی كە گۆڕینی فەلسەفەی پەروەردەیی و بڕیاردانی سكۆلاركردنی خوێندنە ، بۆ سەرنەكەوتنی كۆنگرەكەو، بە فیڕۆچوونی هەوڵەكان و، لە دەستدانی ئەم هەلە، بەڵگەن .

ئایاری ٢٠٠٧

# دیسان کۆنگرەی پەروەردەیی

رۆژی پێنجشەممە 2007/5/24 کۆنگرەی پەروەردەیی باشووری کوردستان بە بڕیاردانی کۆمەڵێک بڕیارو راسپاردە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا بڕیارە هەرە گرنگەکانی لەم چەند خاڵدا چڕکردەوە.

1. یەکخستنی هەر دوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە یەک قۆناغدا، واتە خوێندنی نۆ پۆلی ( 1-9 ) کە سەرەنجامی ئەم یەکخستنەش خوێندنی ئیلزامی لە پۆلی شەشەمەوە بۆ پۆلی نۆیەم دەگۆڕێت و ، تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەم نامێنێت.

2. کردنەوەی کۆلیژیپەروەردە بۆ مامۆستایانی سەرەتایی بە ئێواران "بۆ ئەوەی شەهادەی بەکالۆریۆس وەرگرن "

3. تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی نۆیەم 60 % ی نمرەکانی لەسەر دەبێت و ئەویدیکە، واتە 40 % لەسەر هەر دوو پۆلی حەوتەم و هەشتەم دەبێت.

4. لە بارەی گۆڕینی پەروەردەی ئاینییەوە " چاوخشاندنەوەیەکی جیددی دەکرێت بە پرۆگرامەکانیپەروەردەی ئاینیدا، بە شێوازێک کە رۆحی لەخۆبوردەیی و لێبوردن و ئاشتی و پیکەوەژیانی برایەتی و خۆشەویستیی مرۆڤ و خۆشەویستیی ئایندەو خۆشەویستیی ژیان بچێنێت لە ناو کۆمەڵگادا، دەبێت لەمەودوا ئایین وەکو زانست بخوێندرێت لە جیاتی ئەوەی کە ئاڕاستەکردنی مرۆڤەکان بێت بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا" ،(بڕوانە دەقی لێدوانەکەی وەزیری پەروەردە لە سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستانwww.krg.org )

هەر چەندە بڕیارو راسپاردەکانی دیکە هێشتا لەبەر دەستماندا نییە، بەڵام لە نێوان لێدوانەکەی وەزیری پەروەردەدا، کە کۆنگرەکەی بە سەرکەوتوو وەسفکردووە، هەندێ راستی خۆی دەردەخات،لەوانە :

1. کۆنگرە نەیتوانیوە دیدی فەلسەفی بۆ سیستمی پروەردەوفێرکردن لە کوردستاندا دیاری بکات. ئایا ئەم سیستمە چی دەبێت : ( نەتەوەیی، ئیسلامی، دیموکراتی لیبرالی، سۆسیالیستی )

2. تێگەیشتنی سیستمی پروەردە بۆ مرۆڤ و پەیوەندییەکانی بە (سروشت و کۆمەڵگەو فیکر ) و تەکنۆلۆژیاو زانستی سەردەم چۆن دەبێت و، کۆنگرە چ ئالییەتێکی بۆ ئەوە راسپاردووە.

3. کۆنگرە، سەبارەت بە بڕیاردانی پەروەردەیەکی سکۆلار ( عەلمانی ) بێدەنگیی لێکردووە. دیارە هیچ پرۆژەیەکی بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە پەروەردەوفێرکردن بڕیار نەداوەو،تەنها بەوەندە رازیبووە کە پەروەردەی ئایینی بگۆڕێت تا بگونجێ لە گەڵ ئەو مەرجانەی وەزیری پەروەردە باسی دەکات، کە لە بنچینەدا ئەوانە مەرجی ئەمریکاو سەندووقی دراوی جیهانییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانیی ئیسلامیدا.

4.سـەبارەت بە گـۆڕینی سیستمی خوێنـدن، ئەگەرچـی بڕیـارەکە هەنگـاوێکی باشـە، بەڵام کـۆنگرە نەیتوانیـوە واقیعـی پەروەردەی نێـو کوردسـتان لە بەرچـاو بگرێـت و، بڕیـارەکە سەرپێیی پێوەدیارە . ( ئایاری ٢٠٠٧ )

## کۆنگرەی پەروەردەیی

دوای چەند جارێک دواخستن و ساڵێک خۆئامادەکردن، ڕۆژی سێشەممە ٢٢ – ٥ - ٢٠٠٧ لە باشووری کوردستان، کۆنگرەی پەروەردەیی لە ژێر دروشمی "گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆڕانکارییەکانە لە سیستمی پەروەردەوفێرکردندا" لە هەولێر بەسترا.

لەم کۆنگرەیەدا کە سێ ڕۆژ دەخایەنێت، دە لیژنە شازدە کایەی پەروەردەیی تاووتوێ دەکەن و دوا ڕۆژی کۆنگرە بڕیارو ڕاسپاردە لە بارەیانەوە دەردەکەن.

ئەم کـۆنگرەیە ئەرکێکـی گەورەی بـۆ خـۆی دانـاوە، بە هیـوان لەم کـۆنگرەیەدا ڕەوتـی کیسەڵئاسای پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن گورجوگۆڵ بکەن و بەرنامەیەک بۆ گۆڕانکـاریی ڕیشەیی لە سیستەمەکەدا دابڕێژن.

لە ڕاسـتیدا، ئەم کـۆنگرەیە چ لە ڕووی دروشـمەکەیەوەو، چ لە ڕووی ئەو ئەرکەی لە ئەسـتۆی خـۆی دانـاوەو، چ ئەو بـارودۆخەی تێیـدا دەبەسـترێ و، چ واقیعـی دامودەزگـا دواکەوتووەکانی دەسەڵاتی پەروەردەیی لە کوردستاندا، چەندین نووسین هەڵدەگرێ. لێرەدا تەنها چەند سەرەدێڕێک تێبینی لە بارەیانەوە دەردەبڕین.

1. ئەو گۆڕانە ڕیشەییەی کاربەدەستانی پەروەردە بانگاشـەی بەدیهێنـانی لەم کۆنگرەیەدا دەکەن بە دوو دەستوور ( دەستووری بڕیاردراوی عێراقی و گەڵاڵەی دەستووری هەرێمی کوردستان ) بەربەستی یاسایی لەبەر دەمدایە، دەسەڵاتی سیاسیش لە کوردستاندا ئەوەندەی زات نییە ئەو دوو دەستوورە بەلاوە بنێت و، بەپێی پرنسیپە مۆدێرنەکانی جیهانی هاوچەرخ لەم بوارە گرنگەدا هەنگاو هەڵنێت.

2. کـورد دەڵێـت: "هەڵگرتنـی بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنێتی" ئەمەش لەو هەمـوو بـوارانەدا خـۆی دەنـوێنێ کە کۆنگرە لە بەرنـامەی خۆیدا دایـناوە. کـۆنگرە بە هیـوایە لە بابەتەکانی: ( ئەزموونەکان، سیستمی پەروەردە، سەرپەرشتیاریی پەروەردەیی،پەیمانگاکان،

کارگێڕیی قوتابخانەو خوێندنگاکان، چالاکیی وەرزشی، چالاکیی هونەری، زانیاری وتەکنۆلۆژیاو هۆیەکانی فێرکردن، فێرکردنی پیشەیی و ئامادەییەکان، نەهێشتنی نەخوێندەواری، فێرکردنی ئیلزامی، دواناوەندییە پیشەییەکان، باخچەی ساوایان، نەوجەوانان، پەروەردەی تایبەت، پەیوەندی نێوان قوتابخانەو ماڵەوە ) بکۆڵێتەوەو، گیروگرفتەکانی شیبکاتەوەو، چارەسەرێکیان بۆ دابنێ کە لەگەڵ گۆڕانکارییە ریشەییەکەدا بگونجێ ! لە کاتێکدا هەر یەکێک لەو بوارانە بۆ خۆی کۆنگرەیەک یان کۆنفرانسێکی تایبەتی دەوێت.

3. گۆڕینی دیدی فەلسەفی بۆ مرۆڤ( نازانین کام مرۆڤیان مەبەستە، ئەوەی کە تەلار بەدوای تەلاردا بەرزدەکاتەوە، یان ئەوەی نانی شەوی نییە بیخوات ) بە شەووڕۆژێک و لە کۆنگرەیەکی وەهادا کە پێداویستییەکانی لە ئارادا نییە،نەک هەر نایەتەدی بەڵکو ڕێگاکەشی بۆ تەخت ناکرێت. ئەوە تەنها خەونێکی خۆشە، ئەگەر وەڵامێکی کاتیی پرسیارەکانی خەڵک سەبارەت بە پاشاگەردانی سیستمی پەروەردەیی نەبێت!

گۆڕانکاریی لە دیدی فەلسەفیمان بەرامبەر " مرۆڤ " لە گۆڕانکاریی جیهانبینییەوە دەست پێدەکات. ئەو گۆڕانکارییە سەرەنجامی گۆڕانکاریی دەبێت لە دیدی فەلسەفیمان سەبارەت بە(**سروشت و** کۆمەڵ وفیکر ) هەروەها لە دیدی فەلسەفیمان سەبارەت بە ( ماددەو ڕۆح )**و** (ململانێی چینایەتی نێو کۆمەڵ ) **و** ( ناکۆکییەکانی نێوان کۆن و نوێ ) لە فیکرداو چۆنییەتی چارەسەرکردنێکی دروستی ئەو ناکۆکییانە، کە لەو باوەڕەدا نیم ئێستا هەلومەرجی لەباری هەبێت، یان ئەم کۆنگرەیە لەو ئاستەدا بێت!

4. ئەم کۆنگرە پەروەردەییە، وەک کۆنگرەیەکی رەسمی حکومەتی، پابەندی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو ناتوانێت خاوەن بڕیارو ڕاسپاردەی سەربەخۆ بێت. **ناتوانێت** واقیعی بارودۆخی سیاسیی ئاڵۆزکاوو شێواوی عێراق و ناوچەکە ببەزێنێ؛ لە کاتێکدا **دە**بەسترێت کە فشارێکی ئیسلامی-عەرەبی شۆڤێنی لە ناوەوەو دەرەوە بۆ سەپاندنی پلە دوویی گەلی کورد لە ئارادایەو پڕۆژەی فیدرالیزمیش ( گەرچی بە عەمەلی هەر نییە ) هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی لە سەرە.

5. جەوهەری گۆڕانکاریی لە پەروەردەوفێرکردندا بە سکۆلارکردنی ئەم پڕۆسەیەوە بەندە، واتە بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و پەروەردەوفێرکردن. بەبێ ئەمە گۆڕانکاریی ناکرێت، بۆیە پێشەکی مایەپووچی ئەو هەوڵە بۆ گۆڕانکاریی دیارەو ، ئەزموونی سیاسی چەند ساڵی رابردوو، هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە هەتا ئێستا، شایەتی بۆ ئەوە دەدەن.

6. واقیعی دامودەزگا پەروەردەییەکان چ لە رووی ئاستی تێگەیشتنیان لە ئامانجە ستراتیژییەکانی پەروەردەو، چ لە ئاستی پراکتیکی و، چۆنییەتی بەرەو پێشەوە بردنی میکانیزمی کاری پەروەردەیی و، چ لە رووی گەندەڵییەک کە جەماوەری گەلی ستەمدیدەی کورد پێوەی دەناڵێنێ، چەند بەربەستێکی دیکەن بۆ بەدیهێنانی هەر بڕیارو ڕاسپاردەیەک کە کۆنگرە داییڕێژێت و ، سەرەنجام وەک کۆنگرەکانی پێشووتر بە مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوە .

٢٣ ی ئایاری ٢٠٠٧

# پەروەردەو گەندەڵی

گەندەڵیی وەک زاراوەیەک بۆ دیاریکردنی سیمای سیستمێک ، واتایەکی زۆر فراوانی هەیەو ، دەتوانرێت چەندین بەرگ کتێب لەسەر دیاردەکانی بنووسرێت . دیاردەکانیش بەسەر کۆمەڵێک لایەنی جیاجیادا دابەش دەبن و دەکرێت سەرجەمی کایەکانی ژیان بگرنەوە .

ئەو ناونیشانەی سەرەوە ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان گەندەڵی و تەنها کایەیەک لە ژیانی کۆمەڵایەتی ، ئەو کایەیەش پەروەردەیە ، چ وەک سیستم و چ وەک دەزگایەک لە دەزگا گرنگەکانی کۆمەڵ کە ئاڕاستەی پێکهاتەی کۆمەڵی دواڕۆژ دەکات .

سەرەتاو بەر لە چوونە ناو ئەو بابەتە سەرەکییەوە هەندێک لە سیما گشتییەکانی گەندەڵیی دەستنیشان دەکەین تا وەک پێوەرێک لە بەرامبەر کاروبارە جۆراوجۆرەکانی نێو دەزگای پەروەردەو سیستمی خوێندن رایان بگرین و شوێنی ئەم دەزگایە و کاریگەرێتیی لە نێو دیاردە باوە گشتگیرەکەدا بناسین و ، بە ناسینیشی خولیای چارەسەرکردنی بخولقێنی و لە ئاستیدا دەستەوەستان رانەوەستین .

کاتێک گەندەڵیی دەبێتە ناسنامە بۆ سەرتاپای ژیان لە کۆمەڵگەیەکداو ، لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و ... هتد تەشەنەی کردبێت و هەموو شانەکانی کۆمەڵگای گرتبێتەوە ؛ ئەوا لە بارێکی وەهادا داڕزان و داڕمانێکی گەورە دەکەوێتەوەو چارەسەرکردن تەنها لە توانای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیدایە کە گۆڕانکاریی ریشەیی لە بونیادی کۆمەڵگادا بکات . بەڵام ئەگەر سنووری گەندەڵیی هێشتا هەر لە بازنەی کاروبارە کارگێڕیی و داراییەکاندا بێت ، ئەوا دیسان ریفۆرمێکی راستگۆیانە دەبێتە ئەرکێکی لەدواخستن نەهاتوو تا بە فریای هەرەس و داچوونی کۆمەڵگا بکەوێت .

گرنگترین دیاردەکانی گەندەڵیی تەخشان و پەخشانکردنی داهاتی گشتیی کۆمەڵە لەلایەن حکومەت و بەرپرسەکانییەوە لە بواری بێ سوودو بەفیڕۆدانێتی . ئەم داهاتە کە موڵکی جەماوەری خەڵکە ، دەبێت بەشێوەیەک خەرج بکرێت کە بونیادی کۆمەڵگا پتەو بکات و گەشەیەک بە سەرجەمی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکیی بدات ، ئاستی داهات بەرزبکاتەوەو بەو پێیەش بژێوی خەڵک رووی لە هەڵکشان بێت .

شانبەشانی ئەو دیاردە سەرەکییەی گەندەڵیی ، دیاردەکانی وەک بەکارهێنانی نایاسایی موڵک و ماڵی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی و ، پەراوێزکردنی یاساو رێنماییە کارگێڕی و داراییەکان و ، بەفیڕۆدانی تواناو وزە زانستی و پسپۆڕییەکانی کۆمەڵ و ، بڵاوبوونەوەی بێکاریی ئاشکراو بێکاریی شاراوەش لە دەزگاکانی دەوڵەتداو ، بڵاوبوونەوەی خۆخۆیی و دزەکردنی ئەقڵییەتی خێڵەکی و عەشایەری و گرووپچێتی و حزبایەتی بۆ نێو

دام و دەزگاکانی دەوڵەت و کاروباری رۆژانەی ئەم دەزگایانەو ، بەرتیل و دزی و راووڕووت و لەشفرۆشی و دەستدرێژی سێکسیش لە نێو دەزگاکاندا یان بە بەکارهێنانی دەزگاکان ؛ ئەمانە هەموویان پێکەوە دەچنە دەم یەک و دیاردەی گەندەڵییە فراوانەکەیان لێدەکەوێتەوە .

بەکورتی گەندەڵیی بۆ خۆی پێناسەیە و دەتوانرێت پاڵ لایەنی نەرێیانەی سەرجەمی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ بدرێت . بۆ زێتر بەرجەستەکردنیشی ، دەتوانرێ بە کۆمەڵێک کردەوە پێناسە بکرێت کە دژی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ و پرنسیپی یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان رادەوەستن . بەو پێیە هەر رەفتارێک کە پشت بە دەسەڵاتێک ، بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی دەسەڵاتداران و دەستکەوتی تایبەتی بەکاربهێنرێت و مافی کەسانیدیکە پێشێل بکات ، دەکەوێتە نێو بازنەی گەندەڵییەوە . کەواتە گەندەڵیی ئاوێتەیەکی نێوان هەڵسوکەوتی مرۆڤی گەندەڵ و ، کۆمەڵێک رەفتاری نەشیاوە کە بارێکی سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتی و رەنگدانەوەکانیشی لە بواری رۆشنبیریی و کارگێری و ئەخلاقیدا پێگەکەیەتی و کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێرو هەرەسێکی گشتی دەبات و رۆژ لە دوای رۆژ مەودای داڕزانی نەریتە ئەرێیەکان فراوانتر دەکاتەوە . دیارە لەم نێوەشدا هۆکاری سیاسی – ئابووری هەمیشە رۆڵێکی گرنگ دەبینێت و لەنێو ئەوەشدا گەندەڵیی دەسەڵاتی سیاسی زەمینەی هەمەلایەنەبوونی گەندەڵیی خۆشتر دەکات و دەبێتە سەرچاوەیەکی بەردەوامی گەندەڵیی و پەیتاپەیتا لێی هەڵدەقوڵێت .

ئەم گەندەڵییە لەسەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕدەبێتەوە ، لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیی فراواندا گشتیدەبێتەوە ، کاریگەرێتییەکی نەرێیانەی قووڵ لەسەر نەریت و رەوشت و پێکهاتەی دەروونی و ، بەهاو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باشەکانی نێوان تاکەکەس و تاکەکەس ، تاکەکەس و کۆمەڵ ، گرووپە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵ دادەنێت . کەواتە توخمی خودیانەی گەندەڵیی مرۆڤە ، ئەو مرۆڤانەی تایبەتمەندێتی رەفتاری مرۆڤانەیان تێکچووە یان شێوێندراوەو ، خۆپەرستی و چاوچنۆکی و بێڕەوشتیی - بە واتا فراوانەکەی – تێیاندا چێندراوە . ئالێرەوە پەیوەندیی پەروەردە وەک دەزگاو سیستم بەم دیاردەیەوە دەستپێدەکات ، چ وەک هۆکارێک بۆ زەمینەخۆشکردنی گەندەڵیی ئەگەر سیستمە پەروەردەییەکە شیاو نەبوو ، چ وەک ئامرازێکی زەمینە سازکردن بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵیی لە رێگای پێڕەوکردنی سیستمێکی مۆدێرن و کۆمەڵێک شێوازی مرۆییانە بۆ گۆڕین و دروستکردنەوەی مرۆڤەکان لەڕێی بەرنامەو ئامانجە جۆراوجۆرەکانی خۆیەوە .

ئەم وتارە وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا ، بۆ چاوگێڕانێکی خێرایە بە رۆڵ و کاریگەرێتییەکانی گەندەڵیی لەسەر دەزگای پەروەردەو پڕۆسەی خوێندن ، بۆ وەڵامدانەوەیە بەم پرسیارە : ئایا ئەو پەیوەندییەی سیستمی خوێندن بە گەندەڵییەوە گرێدەدات ، یان ئەو کاریگەرێتییەی گەندەڵیی لەسەر پڕۆسەی خوێندن و دەزگای پەروەردەی دادەنێت چییە؟

سیستمی پەروەردە لە دوو سەرەوە پەیوەندیی بە دیاردەی گەندەڵییەوە هەیە و ، ئەم دیاردەیە کاریگەرێتی لەسەر دادەنێ . لەسەرێکەوە دەزگای پەروەردە ، وەک هەر دەزگایەکی دیکەی کۆمەڵگا ، پەتای گەندەڵیی دەیگرێتەوە ، لەسەرێکی دیکەوە ئەرکی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانی لە ئەستۆیەو ، سەرنەکەوتنی لەو ئەرکەیدا بواری گەندەڵیی دەڕەخسێنێ و دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ تەشەنەکردنی . بە واتایەکی دیکە ، رەفتاری مرۆڤ ، رەوشتی مرۆڤ ، بنیاتنانی کەسایەتیی مرۆڤ ، ئەرکی پەروەردەیەو ، گەندەڵیش پاچ و پێمەڕەی خۆی ئاڕاستەی فیکرو جەستەی مرۆڤ دەکات ، جا دەشێت پەروەردە کایەی ئەو ئاڕاستە رووخێنەرە بێت ، یان لە سایەی بارودۆخێکی لەباردا بەرامبەر ئاڕاستە رووخێنەرەکە وەک دیوارێکی پۆڵایین خۆی رابگرێت .

## یەکەم / دەزگاکانی پەروەردە

مەبەست لە دەزگای پەروەردە ، پەیکەری دامەزراوەی پەروەردەیە لە وەزارەتەوە تا دەگاتە قوتابخانەکان و باخچەکانی ساوایان . هەروەها مەبەست میکانیزمی کاری ئەو دەزگایانەو

ڕاددەی پەیوەستبوونیانە بە یاساو پێڕەوو ڕێنماییە پەروەردەییەکانەوە . لەم میکانیزمەی کاری دەزگاکانی پەروەردەدا ، توخم ( عنصر )ە بەشەرییەکان ، لە وەزیرو کارمەندانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە هەتا مامۆستاو کارمەندانی نێو قوتابخانەکان ، هەر یەکەیان بەپێی پلەو پایەو شوێنی کاریان ، ڕۆڵی خۆیان هەیە . دەسەڵاتێکی گەندەڵ پەروەردەیەکی گەندەڵ دەخاتەوەو ، گەورەترین مەترسیی بۆ مانەوەی گەندەڵیی و هەرەسی کۆمەڵ پێکدەهێنێت .

کاتێک دەسەڵاتدارانی دەزگاکانی پەروەردە لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی پەروەردەیی هەڵنەبژێردرێن ، بەڵکو بنەماکانی دانانیان لەدەرەوەی پسپۆڕیی پەروەردەییدا لەبەرچاوگیرابێت ، ئەوا دەرگای گەندەڵیی لە پەیکەرەکەدا ئاوەڵا دەبێت و لە میکانیزمی کارو چەندین ڕەفتارو ڕەوشتی ناپەسەندی کاربەدەستەکاندا خۆی دەنوێنێت وەک :

1/1 بەکارهێنانی پۆستی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و کەسوکاریان .

2/1 هەوڵدان بۆ " پیاو " پەیداکردن و کۆکردنەوەیان لە دەوری خۆیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و دەستکەوتی ناوکۆیی .

3/1 وەرگرتنی بەرتیل بۆ ئەنجامدانی کارە کارگێڕییەکان .

4/1 پێکهێنانی باندی دزی لەو بەش و فەرمانگەیانەدا ، کە جۆری کار تێیانداو ئەو بودجەیەی بۆیان تەرخان دەکرێت ، بواری دزییان تێدا دەڕەخسێنێ .

5/1 بەکارهێنانی کەلوپەلی فەرمانگەکان و قوتابخانەکان لە ماڵی بەرپرسەکانیاندا ، یان بەخشینیان ، یان " پیاوەتیکردن " پێیانەوە .

6/1 جیاوازیکردن لە نێوان هەڵسووڕاوانی دەزگاکەدا لەسەرەوە بۆ خوارەوە بە گشتی و ، لە نێو هەر ئەڵقەیەکی ڕەسمی دەزگاکەدا بە تایبەتی . واتە نەبوونی یەکسانی و ڕێسای یاسایی لە دابەشکردنی کارو ، بەرزکردنەوەی وەزیفی و ، ڕەخساندنی هەلی چوونیەک بۆ خوێندن لە پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان و هونەرە جوانەکان و خوێندنی باڵاو ، چوونە دەرەوەی وڵات بۆ سەردان یان خوێندن و ، پاداشتی ماددی یان مەعنەوی بۆ خوێندکاران و مامۆستایان و کارمەندان و ... هتد و ، قۆرخکردنی بۆ عەشرەت و خزم و ناسیاوو " پیاو " و دەستەگەرایی حزبی .

7/1 سوودوەرگرتن لە پاشاگەردانی و ، بێ سەروبەرەیی دەزگاکەو ، پلەو پایەی لێپرسراوێتی لە حزب و ڕێکخراوو سەندیکاکاندا ، بۆ خۆدزینەوە لەکاری ڕەسمیی ئەستۆیان و ، دەوام نەکردن و پشتگوێ خستنی کارە ڕەسمییەکان و کاروباری هاووڵاتییان و ، ترساندن و چاولێسوورکردنەوەو سزادانی هەر کەسێکی خوارەوەی دەزگاکە ئەگەر ڕەخنە بگرێت یان ناڕەزایی دەرببڕێت .

<u>دووەم / ئامانجەکانی سیستمی پەروەردە ... یان بنیاتنانی مرۆڤ</u>

هەر سیستمێکی پەروەردە ، لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت ، لەڕێی پرۆسەی خوێندنەوە ، لە پێناوی بەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانجدا کار دەکات . پەروەردەو پێگەیاندنی نەوەکان لەڕێی گەیشتن بەو ئامانجانە ، ئەرکی سەرەکیی سیستمی پەروەردەیە . بە واتایەکی دیکە ، پەروەردەو بنیاتنانی کەسایەتیی مرۆڤ بۆ ژیان ، تەوەرەی کاری پەروەردەیە .لەم خاڵەوە پەیوەندیی پەروەردە بە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەستپێدەکات و ، هەر لەم خاڵەشدا پەیوەندیی پەروەردەو گەندەڵیی سەرهەڵدەدات ، سەبارەت بەوەی گەندەڵیش کارێکە مرۆڤ دەیکات ، جا ئەو گەندەڵییە لەسەرەوە بێت یان گەندەڵییەکی دامەزراوەیی بێت یان لە ئاستێکی فراواندا گشتیبووبێتەوە . بۆیە ئەگەر وەک هۆکار باسی گەندەڵیی بکەین ، شێوازی پەروەردە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو ، وەک تەواوکارو ڕەنگدانەوەی بارودۆخێکی سیاسی – ئابووری - کۆمەڵایەتیی گەندەڵ ، زەمینە بۆ گەندەڵیی خۆش دەکات و مرۆڤەکان لە ڕووی کەسایەتیی و دەروونییەوە بۆ وەرگرتن و پێڕەوکردنی

گەندەڵیی ئامادە دەکات . دیسان لەهەر هەوڵێکی جیددیشدا بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵیی ، فاکتەری پەروەردەی مرۆڤ رۆڵێکی گەورە دەبینێت . هەڵبەت چۆنایەتی و ئاستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان پێوەری رادەی بەربڵاویی گەندەڵیی و رادەی هیوابوونیشە بە چارەسەرکردنی ئەو گەندەڵییە .

بوونی کۆمەڵگایەکی گەندەڵ ، سیاسەتی گەندەڵ ، دەسەڵات و حکومەتی گەندەڵ ، دامەزراوەی گەندەڵ ، گشتیبوونەوەی گەندەڵیی و پەلهاویشتنی بەهەموو لایەکدا ، نیشانەن بۆ بوونی سیستمێکی پەروەردەیی بێتواناو شێواوو گەندەڵ ، هەروەک چۆن هۆکاریشن بۆ ئەو سیستمە گەندەڵە و پەرەسەندنی رۆژانەی گەندەڵییەکە . دیارە ئەمە بەو واتایە نایەت کە پەروەردە بنەمای گەندەڵیی بوارەکانی دیکە بێت ، بەڵام لە هەموو ئاستەکانی دیکەی نێو کۆمەڵدا فاکتەرێکی گرنگە لە تەشەنەکردنی گەندەڵییەکاندا.

ئامانجەکانی سیستمی پەروەردە سێ جۆری سەرەکین : ئامانجی گشتی ، ئامانجی تایبەتی ، ئامانجی رەفتاری ( سلوکی ) . کاری سیستمی پەروەردە ، لەرێی بەرنامەکانی خوێندن و ، چالاکیی نێو پۆل و دەرەوەی پۆل و ، بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن و ، وانەگوتنەوە ، بەرابەریی دەزگای سەرپەرشتیاری و بەرێوەبەرایەتیی قوتابخانە بەگشتی و ، مامۆستایان بەتایبەتی ؛ وەرگێرانی ئامانجە گشتی و تایبەتییەکانە بۆ ئامانجی رەفتاریانە . بۆ نموونە : یەکێک لە ئامانجە گشتییەکانی سیستمی پەروەردە " پێگەیاندنی مرۆڤ ( هاووڵاتی ) چاکە " . دیارە هەر کۆمەڵگایەک ، بەپێی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی خۆی و کەلتوورو پێشینەی مێژوویی ، هەندێ چەمکی ( مرۆڤ یان هاووڵاتیی چاک ) ی هەیە وەک " راستگۆیی ، دەستپاکی ، دڵسۆزی ، بوێری . . . هتد ) هەر یەکێک لەم چەمک و سیفەتانەش لەچەند رەفتارێکدا دەردەکەون ، ئەگەر ئەم چەند رەفتارە بووە بەشێک لە کەسایەتیی مرۆڤ ، ئەوە نیشانەی سەرکەوتنی پەروەردەیە لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە ، ئەگەر بەو جۆرەش نەبوو ، ئەوا ئاماژەی بێکارەیی و گەندەڵیی سیستمی پەروەردەیە . لەبەر ئەوە هەر هەوڵێکی ستراتیژیی بۆ بەرگرتن بە دیاردەی گەندەڵیی لە ئایندەدا ، یان هەر هەوڵێکی ( هەنووکەیی بەرەو دوارۆژ ) بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە بدرێت ، دەبێت سەرباری کۆمەڵێک هەنگاوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و یاسایی و کارگێریی ، گۆرانکاریی ریشەیی سیستمی پەروەردەو خوێندن رەچاو بکات و ، لە ریزبەندیی کارنامەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا ، ئەولەوییەتی بداتێ .

<u>تێبینی</u> بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم وتارانە وەرگیراوە :


1 – باحث اجتماعي ، الفساد من منظور اجتماعي ، جريدة الاتحاد ، العدد 1074في 2005/8/1

2 – د . كاظم حبيب ، ما الموقع الذى يحتله العراق في قائمة الفساد فى العالم ، جريدة الاتحاد ، العدد 913في 2005/1/3

3 – كامل القيم ، دور الاعلام في مكافحة الفساد الاداري ، الانترنيت ، موقع الحوار المتمدن ، في 2006/1/21

4 – فەرید ئەسەسەرد ، پێکهاتەی گەندەڵی و میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردنی ، رۆژنامەی ئاسۆ ، ژمارە ( 185 ) لە 2006/1/31 دا .

5 – عبد خالد ، گەندەڵیی و جاشەکانی ( بەشی سێیەم ) هەفتەنامەی رێگای کوردستان ، ژمارە ( 675 ) لە 2006/1/18 دا .

6 – فوئاد مەدەریس ، مژدە بێ بەرپرسان تا چوار ساڵی تر پشتێنی لێ شلبکەن ، هەفتەنامەی ( هاوڵاتی ) ، ژمارە ( 255 ) لە 2005/12/28 دا .

**نیسانی 2006**

# سیستمی خوێندن و تێرۆر

لەڕاستیدا ، تێرۆر لە مێژووی بەشەرییەتدا دیاردەیەکی نوێ نییەو ، هەمیشە چمکێکی ململانێی نێوان چینەکانی کۆمەڵی پێکهێناوە . تێرۆر لە مێژووداو هەتا ئەمڕۆش ، چەکێکی دوولایەنەی دەستی گرووپ و چین و نەتەوە باڵادەست و سەردەستەکان و ، گرووپ و چین و نەتەوە چەوساوەو ژێردەستەکان بووە . تێرۆر بەشێوەی جۆراوجۆرو ، بەڕادەو ئاستی جیاجیاوە بەکارهێنراوەو ، ئەوەی ئەمڕۆش لە جیهاندا ڕوودەدات ، قۆناغێکی نوێی تێرۆرە کە دوای نەمانی جەنگی سارد سەریهەڵداوەو ، بەڕێژەی ناکۆکییەکانی جیهانی ئەمڕۆ توندتر بۆتەوەو ، مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیاری ئەم سەردەمەو ژیانی کۆمەڵگاکان – هەریەکەیان بە رادەیەک – دروست دەکات . بۆیە ناسینی ئەم تێرۆریزمە لەڕووی بنەماو ئامانج و کاریگەرێتییەکانی لەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ ، ئەرکێکە ئەستۆی هەمووان دەگرێتەوەو ، دواڕۆژی پێشکەوتنە مەزنەکانی بواری زانست و تەکنەلۆژیای پێوەبەستراوەتەوە .

ئەم ئەرکە مێژوویەو ، رادەی بەرپرسیارێتی لە بەرەوڕووبوونەوەیدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەیەو ، ئەوەتا ئەمڕۆ ، بەپلەی یەکەم ، شانی ئێمەی دانیشتوانی ئەم دەڤەرەی نێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوەو ، دەبێت وەڵامی گونجاوی پێبدەینەوەو ، ئەو ململانێیەی بەبێ ئیرادەی خۆمان یەخەی گرتووین ، یەکلاییبکەینەوە ، تا ئارامی و ئاسایشی بۆ بگەڕێتەوەو ، لەڕەوتی بەرەوپێشەوە چوونی ژیانی ناوچەکەو جیهاندا بەشدارییەکی ئەرێیانە بکەین .

ئەم بابەتەی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان سیستمی خوێندن و تێرۆرە ، هەوڵێکە بۆ زێتر ناسینی هۆکارەکانی تێرۆرو ، یەکێک لە رێگا چارەسەرەکانی ئەم دیاردەیە .

<u>واقیعی تێرۆر</u>

زۆربەی ئەو نووسینانەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی دیاردەی تێرۆر دەنووسرێن ، لە هەڵوێستێکی رەوشتیانەوە سەرچاوە دەگرن ، چ لە دیاریکردنی شوناسی تێرۆرداو ، چ لە رەتکردنەوەی ئایدیالیستانەیدا بۆ لۆژیکی کارە توندوتیژییەکانیان .

هاتوهاوارێک کە رۆژانە لە کاردانەوەی ئەو قەڵەمانەدا بۆ کارە تێرۆریستییەکان

بەرزەبێتەوە ، لەو بازنەیەی رەوشت تێپەڕ ناکات . بەشێکی بەرچاویش بەهەمان لۆژیکی تێرۆریستان کە توندوتیژییە دەدوێن و ، وەک ڕێگاچارەی سەرەکیی بۆ ئەم دیاردەیەی دادەنێن .لەڕاستیدا تیرۆر واقیعێکە ، واتا دیاردەیەکە لە واقیعێکەوە هەڵقوڵاوە ، ئایدیۆلۆژی و پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە . بەواتایەکی دیکە دەبێت وەک دیاردەیەکی ( بابەتی ) لێیبڕوانرێت و ، بەو پێیە ڕێگاچارەی بۆ دابنرێت . دەبێت پێگە کەلتوورییەکەی بناسرێت ، پێگەی سیاسی – ئابووری – کۆمەلایەتی – رۆشنبیریی دەستنیشان بکرێت . کاریگەرێتی سیستمی خێڵ و ئایدیۆلۆژیی ئایینی لەسەرهەڵدان و بەردەوامبوون و دژایەتیدا بەرامبەر ژیاری سەردەم بزانرێت . دەبێت وەک هەر دیاردەیەکی واقیعی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت . بەبێ ئەوانە مەسەلەکە لەگێژەنێکدا لوولدەخوات و بنبرکردنی لە توانادا نابێت .

<u>پێگەی کەلتووریی تێرۆر لە عێراقدا</u>

لەم باسەدا ئاماژە بە پێگەی کەلتووریی ئەم دیاردەیە دەکەین ، ئەوەندەی پەیوەندیی بە بابەتەکەمانەوە هەبێت .

دیاردەی تێرۆری ئەمڕۆ لە عێراقدا بۆ نزیکترین کەلتووری فیکری و سیاسیی ، کە کەلتووری ئایدیۆلۆژی و دەسەلاتدارێتی بەعسە ، دەگەڕێتەوە ، کەلتوورێک کە نزیکەی چل ساڵ پراکتیکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیریی لە عێراقدا کرد.

بەعس چ لە ساڵی 1963 دا کە بۆ یەکەم جار دەسەلاتی بەدەستەوە گرت و ، چ لە کودەتاکەی ساڵی 1968 بەدواوە تا رووخاندنی لە 9 ی نیسانی 2003 دا ، حزب و دەوڵەتی تێرۆر بوو . تێرۆریزمی حزبی و دەوڵەتیی دوێنێ ، سەرچاوەی تێرۆریزمی عەرەبی و ئیسلامیی ئەمڕۆیە . بەعس کەلتوورێکی سەرانسەر تێرۆریستی لە مێژووی عێراقدا هەیە . ئەم کەلتوورە لەسەر بنەمای توندوتیژیی بنیاتنراوە ، کە دەتوانین ئەم تایبەتمەندییە سەرەکییانەی دیاریبکەین :

1 ) پشتبەستن بە " پەیامێکی نەمر " کە گوایا ئەو پەیامە لە ئەستۆی نەتەوەی عەرەبەو ، بەعس لە پێناوی بەدیهێنانیدا کاردەکات .

2 ) سڕینەوەی بەرامبەرو ، رەفتاری فاشستیانەیان بە هەمووشێوەیەک ، کە لە پاکتاوکردنی هەموو حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی عێراق و ، لەناوبردنی کەسایەتییە سیاسی و ئایینی و کۆمەلایەتییەکاندا خۆیدەنواند .

3 ) هەڵوێستی شۆڤێنیستی بەرامبەر کوردو کەمە نەتەوەییەکان ، کە کیمیاباران و ئەنفال و رووخاندنی هەزاران گوندو کوشتن و تێرۆرو بێسەروشوێنکردن و لەسێدارەدان و ... هتد ، نموونەی بەرجەستەین .

4 ) پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی سیاسی لە دڕندانەترین شێوەیدا .

5 ) سەرکوتکردنی ژنان و منداڵان لەڕێی پێشێلکردنی مافەکانیان و بەکارهێنانی توندوتیژیی بەرامبەریان.

6 ) نانەوەی جەنگ و پەیڕەوکردنی سیاسەتی داگیرکاری ، هەر لە بەرپاکردنی جەنگی ناوخۆیی دژی کوردەوە ، هەتا جەنگی کۆنەپەرستانەی عێراق – ئێران و ، داگیرکردنی کوەیت و ، ئەو جەنگەی بە کۆتاییهاتنی خۆی تەواو بوو .

7 ) سیاسەتی دیماگوگیانەی بەعس سەبارەت بە ئایین و ، بەکارهێنانی بۆ خزمەتی سیاسەتەکانی . هەروەها بەربەرەکانیکردنی نوێگەری و سکۆلاریزم و هاتنە کایەی کۆمەڵگەی مەدەنی . پراکتیکی ئەم سیاسەتە ، بەشێکی دانەبڕاوی حوکمی خێڵەکی و کۆنەپەرستانەی شێوە فاشستیانەو شۆڤێنیستانەی بەعس بوو .

تێرۆریستانی ئەمڕۆش ، بەهەمان ڕێچکەدا ، ئەم تێرۆریزمە حزبی و دەوڵەتییەی بەعس درێژەپێدەدەن ، بەوەی :

أ – بەناوی پەیامی ئیسلام و فەرمانەکانییەوە ، نەک هەر تەکفیری هەموو حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی و مەدەنی دەکەن ، بەڵکو تەکفیری هەموو هاوولاتیانیش دەکەن و ، پاساوی کارە تیرۆریستییەکانی خۆیانی پێدەدەنەوە .
ب – سیاسەتی تەکفیرکردن و کوشتنی کورد بەشێکی سەرەکی و ئاراستەکراوی کارە تیرۆریستییەکانە .
ج – دژایەتیکردنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادیی سیاسی و ئازادی و یەکسانیی ژنان و تۆقاندنی منداڵان و رفاندنی نەیاران و بیانییەکان ، پیشەی رۆژانەیانەو لە سەدان کاری تیرۆریستیدا بەرجەستەیانکردووە .
د – پەلهاویشتنی تیرۆریستان بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە ناوچەکەداو ، کردنی عێراق بە پێگەی ئەو کارانە ، بەشێکی دیکەی سیاسەتە کۆنەکەی رژێمی بەعس و پەرەسەندنی گیانی تۆڵەکردنەوەیە لەوانەی راستەوخۆ پشتیوانی لە تیرۆریزم ناکەن .
ها – هاوکاریکردنی باندەکانی دزی و تاڵان و فڕاندنی بیانییەکان و هاوولاتیانی نەیاری بەعس بۆ مەبەستە سیاسییەکانی خۆیان ، حەقیقەتی بانگاشەی پەیامە ئیسلامییەکەیان دەخاتەڕوو . ئەمانیش هەروەکو سەرانی رژێمی بەعس بازرگانی بەم پەیامەوە دەکەن و ، پەربەرەکانییەکی سەرسەختانەی هەموو نوێگەری و مەدەنییەتێک دەکەن کە لەگەڵ هەرەسی بەعسدا سەریدەرهێناوەو دەیەوێت گەشە بکات.
بەم جۆرە ، شێوازەکان بۆ جارێکیدیکە ، لە بەرگێکی ئیسلامیتردا ، نوێدەبنەوە . توندوتیژیش بە ئاستێکی وەها دەگەیەندرێت کە مەگەر لە زیندانەکانی بەعسدا پەیڕەوکرابێت .
کەلتووری توندوتیژیی سەردەمی بەعس لە نێو ئەم کردارە تیرۆریستیانەدا بە جۆرێکی ئەوتۆ رەنگیداوەتەوە ، گومانی ئەوەی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە ، کە ئەم باندانە هەمان باندەکانی بەعسن و ، لە بەرگێکی ئیسلامیدا دەیانەوێت درێژە بە سیاسەتە فاشستی و شۆڤێنیستییەکانیان لە سایەی هەلومەرجی نوێی عێراقدا بدەن و ، شەڕی ژیان و مردن لە پێناوی گەڕانەوەیان بۆ دەسەڵات بکەن . بەکارهێنانی توندوتیژیی ڕێکخراوو بەرنامەڕێژکراو ، ترساندن و تۆقاندن و کوشتاری دڕندانەو بەکارهێنانی چەکی سایکۆلۆژی بۆ رووخاندنی وورەی خەڵکیی ، بەڵگەی ئەو کەلتوورە نەفرەتلێکراوەی بەعسە کە زێتر لە چل ساڵە عێراق بەدەستییەوە دەناڵێنێ .
<u>پەروەردەو رۆشنبیریی تیرۆر</u>
بۆچی لەم جیهانەدا تیرۆر لە ژینگەیەکی دیاریکراودا سەرهەڵدەدات ؟ بۆچی لە نێو نەتەوەیەکدا یان لە نێوجەماوەری ئایینێکدا زێتر پەرەدەسێنێ ؟ بۆچی سیمایەکی دواکەوتوو لە شارستانی هەڵدەگرێت ؟
ئەمانە چەند پرسیارێکن پێویستییان بە تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستییەوە دەبێت وەڵامیان بدرێتەوە . لەم بوارەدا چەندین بۆچوونی جیاجیاو گریمان هەیە کە هەر دەبێت تۆژینەوە زانستییەکان یەکلاییان بکەنەوە ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ، لە سەرنجدانێکی دیاردەکەو هەڵسەنگاندنی واقیعەکەدا ، دەگەینە ئەو راستییەی کە پەروەردەو رۆشنبیریی باو ، دوو هۆکاری گەورەو گرنگی سەرهەڵدان و گەشەکردنی تیرۆریزمن لەو وڵاتانەدا کە پەتای تیرۆریزمیان پێگەیشتووە .
رۆشنبیریی و پەروەردەیەکی دیاریکراو ، بە ئاوێتەبوونیان لەگەڵ کۆمەڵێک چەمک و نەرێتی نەتەوەیی و ئایینی ، تیرۆریزم بەرهەمدەهێنن ، بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە بە وڵاتانی عەرەب و ئیسلام ناودەبرێن . لەم وڵاتانەدا یەکبینە رۆشنبیری و پەروەردەی تیرۆر ، بە شێوەی جۆراوجۆر ، گشتیکراوەتەوە . دامەزراوەو بەرنامە رۆشنبیرییەکان ، دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن و بەرنامەکانی خوێندن ، کەم و زۆر ئەم تیرۆریزمە پەرەپێدەدەن و گشتیدەکەنەوە ، بەجۆرێک ئەم گشتیکردنەوەیە ، بۆتە هێزێکی شاراوەی تیرۆر کە تێکەڵ بە

کەسایەتیی تاکەکەس و ، تەنانەت ڕێکخراوە سیاسییەکانیش بووەو ، هەمیشە زەمینەی لەبار بۆ قبووڵکردنی دەخولقێنێ ؛ هەر لەبەر ئەوەشە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پێویستیی بە خەباتێکی دژوارو سەختی ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی هەیەو ، بەبێ ئەم ململانێیە ، بەزاندنی تیرۆرو ڕیشەکێشکردنی بنەما فیکرییەکانی لە نێو نەوە نوێیەکاندا لە توانادا نییە .

بایەخدان بە دەزگا ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکان ، مشوورخواردنی ئەو نەوانەی لە سایەیاندا گەورە دەبن و ، فریاکەوتنیان چ لە ماڵەوەو چ لە قوتابخانەو کۆمەڵدا ، بەوەی لە ژێر ڕکێفی ئایدیای تیرۆر دەربهێنرێن ،ئەرکێکی هەنووکەییە کە دەوڵەت بە ڕادەی یەکەم و ، کۆمەڵگەی مەدەنیش بە فشارهێنان لەڕێی دەزگاکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و سیستمی خوێندنەوە ، لێی بەرپرسیارن .

<u>پەروەردەی بەعس ... بنەمایەک بۆ تیرۆریزم</u>

لە ڕاستیدا ناتوانرێت هۆکارەکانی تیرۆریزم تەنها لە چوارچێوەی لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ببینرێت ، چونکە ئەم هۆکارانە پەلوپۆیان زۆر بەربڵاوەو ، هەڵسەنگاندنێکی دروست دەبێت هەموویان لەپێش چاو بگرێت . ئەوەش لە سنووری توانای یەک لێکۆڵینەوە یان یەک وتاردا ناکرێت و ، پێویستیی بە چەند زنجیرە تۆژینەوەی فیکری ، سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیریی ، پەروەردەیی ، سەربازیی ، سایکۆلۆژی ، یاسایی و ئایینی هەیە ، کە تێکرا پێکەوە دەتوانن ئەو ئەرکە ئەنجامبدەن . ئەوەی لێرەدا دەینووسین لایەنی پەروەردەییەو ، لە سنوورەدا هەندێ هۆکارو چارەسەر دەستنیشان دەکەین . بۆ ئەو مەبەستەش واقیعی سیستمی خوێندنی بەعس ، کە هێشتا درێژەی هەیە ، دەخەینەڕوو ، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی ماکی توندوتیژیی تێیاندا ئاشکرایە ، واتە بنەمای گیانی تیرۆریستی قوتابیان و خوێندکاران لە داهاتوودا پێکدەهێنن .

<u>یەکەم : پەیکەری دەزگای پەروەردە</u>

توندوتیژیی سیما یان ناوەرۆکی پەیوەندییەکانی نێو پەیکەری ڕێکخستنی ئیداری و هونەریی ( پسپۆڕیی ) دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردنە . ئەم پەیکەرە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بە شێوازێکی بیرۆکراسی ( نادیموکراتی ) دروست دەبێت . فەرمانگەکان ، سنووری دەسەڵاتەکان ، پەیوەندییەکانی ئاستەکانی سەرەوەو خوارەوە ، ڕەنگدانەوەی سیستم و دەسەڵاتی سیاسی باوە کە بەعس دەستی بەسەردا کێشابوو ، واتە هەڵگری سیماو کەلتووری دیکتاتۆرییانەی بەعسەو ، ڕەتکردنەوەی دیموکراتیزم و ڕای بەرامبەرو گوێگرتن لە ئیرادەی خەڵکە . لەم پەیکەرەدا دەبێت خوارەوە بۆ سەرەوە ملکەچ بێت . بە کردەوەش ، سەرەوە دیکتاتۆریی و خوارەوە ملکەچی و گوێڕایەڵی و ، تەنها جێبەجێکردن بەبێ ڕەخنە ، پەیڕەو دەکەن . پەیوەندییەکی دەرەبەگی نێوان هەموو ئاستەکان دەگرێتەوە ، وەک پەیوەندییەکانی نێوان :-

- دامودەزگاکانی باڵای پەروەردەو ، دامودەزگاکانی خوارەوە .
- سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی و سەرەتایی و ، بەڕێوەبەرەکان و مامۆستایان .
- بەڕێوەبەرەکان و ، مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانەو خوێندکاران و قوتابیان .
- مامۆستایان و ، خوێندکاران و قوتابیان .

<u>دووەم : ناوەرۆکی سیستمی خوێندن</u>

ناوەرۆکی سیستمی خوێندن پەیوەندیی بەلایەنی هونەریی ( پسپۆڕیی ) پەروەردەو فێرکردنەوە هەیە . لەم ناوەرۆکەدا هەموو توخمە ماددییەکانی پەروەردەو خوێندن ، بەم شێوە یان ئەو شێوە ، لەژێر سایەی ( توندوتیژیی ) و ( دار ) دان . توندوتیژیی و دار فەلسەفەی خوێندنەو ، لەنێو هەموو توخمەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا ڕەنگدانەوەی هەیە ، بەم شێوەیەی لەم خاڵانەدا چڕیاندەکەینەوە :

1/2 بەرنامەکان ، کە لە شێوازی خوێندنی سەردەمی بەعس و ئیمڕۆی دوای بەعسیشدا ، لە ناوەرۆکی کتێبەکانی خوێندندا خۆی نیشاندەدات ، پڕاوپڕە لە توندوتیژی . ڕەتکردنەوەی

ڕەخنە ، سڕینەوەی بەرامبەر ، هاندانی توندوتیژیی و کوشتن و ، شەرعیەتپێدانیان لەڕێی ناوەرۆکی کتێبەکانی ( مێژوو ، جوگرافیا ، پەروەردەی ئایینی ، پەروەردەی نیشتمانی و وانەی سروود ) بەڵگەن بۆ ئەو توندوتیژییەی کە ڕەواجی پێدەدرا . لەو سیستمەدا ، مێژوویەک کە دەخوێندرێت ، بۆ چەسپاندنی فیکری عەرەبسالاریی و شۆڤێنیزمی عەرەبی ( نەتەوەسالاریی و شۆڤێنیزمی نەتەوەیی ) تەرخانکراوە . قوتابی لەسەر ڕکوکینەی نەتەوەیی پەروەردە دەکات . ڕەتکردنەوەی نەتەوەکانی دیکە ، سەروەریی عەرەب بەسەر هەموو نەتەوەکانی دیکەدا ، گێرانەوەی ژیاری بەشەرییەت بۆ رەگوڕیشەی عەرەبییانە ، بەشێکن لەو زەهرەی تێرۆریزمی عەرەبیی ئیسلامی تێیدا گەرا دادەنێت و ، لەهەلومەرجێکی لەباری وەک ئێستای عێراقدا دەترووکێ و گەشە دەکات .

بەرنامەکانی جوگرافیاش ، کە هیچ ڕێزێک بۆ نەتەوەو ئەتنییە غەیرە عەرەبەکان دانانێت و ، نەخشەی ( نیشتمانی عەرەب ) لە مێشکی قوتابیان و خوێندکاراندا هەڵدەکەنێت ، بنەمای فیکری شۆڤێنیستی و پاکتاوکردنی رەگەزی و ئایینی دەسازێنێ و ، بەکردەوە دەبێتە ئامرازی سازدانی لەشکری جینۆسایدی دژ بە نەتەوە غیرە عەرەبەکانی وەک کوردو ئەماگیزی و گەلی باشووری سۆدان و ...هتد .

پەروەردەی ئایینیش بە ئاڕاستەی تەکفیرکردن ، سیمایەکی دیکەی ئەو سیستمەی خوێندنە . رژێمی بەعس لە دوای شکستە یەک لە دوای یەکەکانی ، بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەتە دیماگۆگییەکانی خۆی بەکاریهێنا ، بەشێوەیەک لە ململانێی تایەفەگەریی ئەمڕۆدا دەیبینین . " هەڵمەتی ئیمانی " ی بەعس و گرانکردنی وانەکانی ئایین لە قوتابخانەکانداو ، سەپاندنی حیجاب بەسەر ژنانداو ، بەکارهێنانی نازناوی ئیسلامیی هەڵێنجراو لە ڕابردووەوە بۆ ناوی منداڵان و ، پەنابردنە بەر هێما عەسکەرییەکانی سەردەمی (فتوحات ) ی ئیسلامی بۆ تەشکیلاتەکانی سوپای عێراق ، تا دەگات بە نازناوە ئیسلامییەکانی دیکتاتۆرو زیادکردنی وشەی ( الله اکبر ) لەسەر ئاڵاکەی رژێم ؛ ئەمانە هەمووی هەوڵێکی سیستەماتیکیی بەعس بوون کە جیاوازیی مەزهەبیانەی قووڵتر دەکردەوەو بەردەوام تێرۆریزمی لە ناخی نەوەکاندا گۆشدەکرد . هەڵوێستی تێرۆریستان لە ئایینزاکان ، سوننە بێت یان شیعە ، یان هەڵوێستیان لە ئێزدییەکان و کاکەییەکان و صابیئەییەکان و مەسیحییەکان و ... هتد ، بەرهەمی پڕۆگرامێکی ئایینییە ، کە لە پێکهاتنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئێستا ، بەشێکی سەرەکیی بەرنامەکانی خوێندنەو ، لەسەردەستی بەعسدا بەرگێکی تۆختری عەرەبی و توندڕەوییی ئیسلامیی بەبەرداکرا .

بەرنامەی پەروەردەی نیشتمانیش کە بە ناوی ( هوشیاریی نەتەوەییەوە ) لە قوتابخانەو خوێندنگاو زانکۆکاندا وانەیەکی سەرەکی بوو ، هەروەها وانەکانی زمانی عەرەبی ( خوێندنەوەو رێزمان ) و وانەکانی سروود ، کە بۆ ئایدیۆلۆژیی حزبی بەعس قۆرخ بوو ، هۆکارێک بوون بۆ داشۆرینی مێشکی قوتابی و پەرستنی بتەکانی بەعس و لەسەروو هەموویانەوە دیکتاتۆری گەورە بت ، کە تا ئێستاش کاریگەریی ماوەو ، بەسوود وەرگرتن لە بارودۆخی پاشاگەردانیی عێراق ، تێرۆریستان ، بۆ سازدانی بەعسییەکان و ئەوانەی بەرژەوەندییەکانیان نەماوە ، کەڵکی لێوەردەگرن و درێژە بە بوونی خۆیان و کارە تێرۆریستییەکانیان دەدەن .

2/2 ڕێگاکانی وانەگوتنەوە ، ناڕاستەوخۆ ، هاوکاریی پێگەیاندنی توندوتیژیی و ، سڕینەوەی بەرامبەرو ، بەرەنگاربوونەوەی رەخنەو ، سەپاندنی بیروڕای سەپێنراوی تایبەتی دەکەن ، کە لە بواری کردەوەدا ، دەبێتە سەپاندنی یەک فۆرم بۆ ژیان ، کە ئەویش فۆرمی ئیسلامیانەی تایبەت بە یەک ڕێبازی ئیسلامیی توندڕەوە کە ڕێکخراوی ( القاعدة ) رابەریی دەکات .

سەرەکیترین ڕێگای وانەگوتنەوە لە سیستمی خوێندنی عێراقیدا ڕێگای موحازەرەیە ، واتە سیستمی مامۆستای سەرکردەو وتاربێژی نێو پۆل و قوتابی گوێگرو ملکەچ بۆ مامۆستا .

ئەم سیستمی وانەگوتنەوەیە بەردەوام خۆی دووبارە دەکاتەوە ، چونکەسیستمی پەیوەندییە باوەکانی کۆمەڵگەو ، سیستمی پەروەردەی دەستنیشاندەی سیستمە باوەکە بنەمایەتی . هەر پۆلێک ، لەم سیستمەدا ، مامۆستایەک سەرکردایەتی دەکات . ئەم مامۆستایە کۆمەڵێک قوتابی لەبەردەستدایە . مەرجی بوونی قوتابییەکان لە پۆلدا ئەوەیە : هێمن و بێدەنگ بن ، بێ جووڵەو وریا بن ، ئاگایان لە ئاخاوتنەکانی مامۆستا هەبێت ، گوێڕایەڵ و " زیرەک " بن ، کەم پرسیارو بێ ڕەخنەو مشتومڕ بن . بەکورتی : بت بن و تەنها بە ئاماژەو ئاڕاستەی مامۆستا بوونیان هەبێت . لەم سیستمەی پۆلدا ( دار ) ئامرازی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی یاسایە ، ئەگەرچی دەیان جار تەعلیماتی بێ بنەمای کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و پەروەردەیی بۆ قەدەغەکردنی دەرچووە . ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ ( دار ) دا لێدان ، جنێو ، هەڕەشە ، سووکایەتی ، دەرکردن لە پۆل ...هتد ، شێوازی باوی ڕۆژانەی مامەڵەکردنی قوتابییانە .

3/2 چالاکیی دەرەوەی پۆل بەشێکی سیستمی خوێندنە . لە سایەی بەعسدا ئەم سیستمە چ لە ناو قوتابخانەو چ لە دەرەوەی قوتابخانەدا ، بەئاڕاستەکردنی دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی دەسەڵات و دەزگا پەروەردەییەکان ، توندوتیژیی بەباڵادا بڕابوو .

منداڵ لە تێگەیشتنی بەعسدا پیاوێکی بچکۆلە بوو ، بۆیە بۆ ئەرکی پیاوێتی خۆی ئامادە دەکرا . ئەرکی پیاویش لە دیدگای بەعسەوە ( پاڵەوانێتی ) بوو لە مەیدانی جەنگدا ، بۆیە ، بۆ ئەم مەبەستەو ، وەک پیشەی سیستمە دیکتاتۆرییەکانی جیهان ، لەوانەش نازیزم و فاشیزم ، ڕێکخستنی سەربازییانەی بەسەر قوتابخانەکاندا سەپاند . منداڵان و مێرمنداڵان دەبوایە لە ڕێکخراوە سەربازییەکانی ( الطلائع ) و ( الفتوة ) دا کاریان بکردایە . دەبوایە سروودەکانیان بۆنی خوێنی لێبێت . دەبوایە ڕۆژانی پێنجشەممە لە ڕیزبووندا گوێیان بە تەقە بکرایەتەوە . دەبوایە دەنگوباسی جەنگیان بزانیایە . دەبوایە سروودی بەعس ( وطن مدی ) یان ڕۆژانە بخوێندایە . دەبوایە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنیش پڕ لە کاری توندوتیژیی بوایە ، سەرباری ئەمانەش تۆقاندن و ئاووهەوای توندوتیژیی ڕۆژانەو شەوانە لە شاشەکانەوە ، لەڕێی نیشاندانی ( وێنەکانی جەنگ )ەوە ، پەخشدەکران و هەناسەدانیشیان بە توندوتیژییەوە بەندکردبوو .

ئەم پەروەردەیە ، ئەم خوێندنە ، دیارە هەر دەبێت نەوەیەکی ئامادەو سازدراو بۆ تێرۆریزم پێکبهێنێت ، کە ئیمڕۆ جێگرەوەی ئەو سیستمەیە لە عێراقدا .

4/2 جۆرێی مامۆستایان و خوێندکاران : لە سایەی سیستمی بەعسدا ، سووکایەتی ، چەوساندنەوە ، چاوسوورکردنەوە ، سەپاندنی بەعسێتی ، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکاراندا بوو . بەعس لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا ، گیانی بزێوو پڕبەرهەم و زانستپەروەرانەی مامۆستایان و خوێندکارانی مراند . بەشێوەیەکی سیستەماتیک ، لەڕێی یاساو تەعلیماتی حزبییەوە ، بە دوای خستنەوەی نەوەیەک مامۆستاو خوێندکاری دەستەمۆوە بوو . بەعس کەسایەتیی ئەم دوو توێژە کۆمەڵایەتییە ڕۆشنبیرەی تا ئەوپەڕی پلەکان شکاند . ڕوخساری کەسایەتییانی شێواندو ، لەم ڕێیەوە ، چەند نەوە لە قوتابخانەکانەوە بەرەو نێو کۆمەڵ و دەزگاکانی بەڕێکران . ئەم نەوانە ئیرادەیان لێزەوتکرابوو ، خاوەنی کەسایەتیی سەربەخۆی خۆیان نەبوون ، ترس لە تیرۆری حزبی و دەوڵەتیی دەیجووڵاندن . لەبەر ئەوە ، دەتوانین بە تێکڕایی بڵێین : مرۆڤ لە قوتابخانەیەکدا دەرەچوو کە کەسایەتیی تێدا شێوێندرابوو ، ناخیان ئاخنیبوو لە داخ و ڕک و گیانی تۆڵە . مرۆڤێک لە قوتابخانەوە بەرەو کۆمەڵ هەنگاوی دەنا کە هەستی ئینتیماکردنی ، نە بۆ کۆمەڵەکەی و نە بۆ کۆمەڵێکی بەشەریی نوێ لە دواڕۆژدا هەبوو ، بەڵکو لە باشترین بارداو ، وەک کاردانەوەیەک ، ئینتیمای بۆ ڕابردوویەکی تاریک هەبوو کە ئێستا ئاسەوارەکانی لە بەرەوی تێرۆریزمدا دەبینین . نەبوونی ئازادی و یەکسانی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەک و ، بوونی هەژاری و بێکاری و ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی و

جیاوازی چینایەتی و نەتەوایەتی و ئایینی و جنسی و ... هتد ، لەلایەکی دیکەوە ، بنەمای ئەو هەستەلاوازەی ئینتیما بوو .
ئەمڕۆ ، ئەو هۆکارانەو ، ئاسەوارەکانی جەنگ و ، دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی عێراق لە هەموو لایەکەوە ، درێژەکێشانی مانەوەی لەشکرە بیانییەکان ، پاساویان بە دەست تێرۆریزمی جیهانی و ناوخۆیی و دەوڵەتیش داوەو ، هەر هۆکارێکیان رۆژانە ئاو بە ئاشی تێرۆریزمدا دەکات .
مامۆستایان ، بەبێ ویست و ئیرادەی خۆیان ، ناچاردەکران بچنە ریزەکانی حزبی بەعسەوە ، ناچاردەکران بە ( جەیشی شەعبی ) و هێزەسوپاییەکانی دیکەوە پەیوەست بن . قوتابیان ناچاردەکران ببنە بەعسی بێ ئەوەی بزانن بەعس ، جگە لە دیکتاتۆرو دەستوپێوەندەکەی ، چییە؟!
مامۆستایان و خوێندکاران تەنها ئەرکیان هەبوو . قوتابیان و خوێندکاران ئەرکیان بوو بەعسی بن ، ئەرکیان بوو لە رێکخراوە سەربازییەکانی وەک ( الطلائع ) و ( الفتوة ) بەشدار بن . ئەرکیان بوو لە قوناغی ناوەندیی بەدواوە کاری سیاسی بکەن ، ئەرکیان بوو فێری چەک ببن ، ئەرکیان بوو چەک هەڵبگرن . بەرامبەر بەو ئەرکانەش هیچ مافێکیان نەبوو ، هەتا ئێستاش منداڵ لەنێو ئەم سیستمەی خوێندندا مافی یاسایی نییەو ، توخمی لاوازو چەوساوەیەو ، سیستمی خوێندن بواری ئەوەی نەداوە لە هۆکارەکانی چەوساندنەوەی تێبگات ، تا لە پەیوەندییەکانیدا بە چەواشەیی رەفتار بکات و کاردانەوەی خۆی و بێزاریی لە سیستمەکە ئاراستەی مامۆستاکانی بکات .

<u>سیستمی خوێندن وەک ئامرازێک بۆ بەگژداچوونەوەی تێرۆر</u>

سەبارەت بە بنبڕکردنی تێرۆر ، چەندین بەرنامەو پلان و بیروڕای جیاجیا لەهەموو ئاستەکاندا دەربڕدرێت . ئەم باسە خۆی لە ( بنبڕکردن ) یان ( چارەسەرکردن ) وەک زاراوەی باو بە واتای ( بنبڕکردن ) لادەوە ، لەبەر ئەوەی لە جیهانی ئەمڕۆداو ، تا ئەو کاتەی هۆکارەکانی تێرۆر لەکایەدا بن ، نە تێرۆر چارەسەر دەکرێت و نە بنبڕیش دەبێت ، بەڵام دەتوانرێت کەمبکرێتەوە لە ماوەیەکی درێژدا کاریگەرێتی نەرێیانەی بەسەر رەوتی بەرەوپێشەوە چوونی جیهانەوە نەهێڵدرێت .
بۆ ئەوەی تێرۆریزم لە رەگوڕیشەوە هەڵتەکێندرێت ، پێویستە دوو فاکتەر لەبەرچاو بگرین : فاکتەری یەکەمیان گۆڕانکارییەکی ریشەییە لە سیستمی جیهانیدا کە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی تێدا بەرقەراربێت و ، شان بەشانی ئەوەش هوشیاریی مرۆڤ بەپلەیەکی زۆر باڵا بگات و ، مرۆڤبوون بە واتای وشەکە ، کەسایەتیی مرۆڤ لەهەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا پێکبهێنێت . مرۆڤبوون بە واتای مرۆڤێکی پەیوەست بەبەها مرۆڤایەتییەکانەوە کە دەمارگیریی و هەڵاواردنی نەتەوایەتی ، ئایینی ، رەگەزیی ، رەنگی پێست ، جنس و ...هتد ، لە ( هەست و نەست ) یدا سڕدرابێتەوە .
رەنگە ئەو دوو فاکتەرەی سەرەوە ، وەک خۆشخەیاڵییەک لێکبدرێنەوە ، بەڵام ئەمە واقیعێکە رێژەی خەیاڵ تێیدا زۆر کەمترە لەو خۆشخەیاڵییەی بە چارەسەرکردنی سەربازییانەوە گرێدراوە ، چونکە توندوتیژیی ، بەتایبەتی توندوتیژییەک بنەمای فیکری و سیاسی هەبێت ، بە توندوتیژیی بەرامبەر چارەسەر ناکرێت . لە مێژووی بەشەرییەتدا ، هەمیشە دەستبردنی گرووپێک ، رێکخراوێک ، بزووتنەوەیەک بۆ کاری توندوتیژیی ، نیشانەی ئەوەیە بارودۆخێکی توندوتیژ هەیە ، کە زۆر جار دەسەڵات لایەنێکیتی ، ئەمە جگە لەوەی کە تێرۆریزم بزووتنەوەیەکی جیهانییەو هەرجارە لە شوێنێک و دەفەرێکی ئەم جیهانەدا گورجوگۆڵ دەبێت ، وەک ئەوەی ئەمڕۆ عێراق بۆتە شوێنی چڕبوونەوەی ئەم بزووتنەوە تێرۆریستییە جیهانییە .

سیستمی خوێندن ( پەروەردەو فێرکردن ) چ لەسەر ئاستی جیهانی و ، چ لەسەر ئاستی هەر وڵاتێکدا کە دووچاری تێرۆریزم بۆتەوە ، دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر ، بەشێنەیی ، لەم بوارەدا ببینێت .

ئەم سیستمە بۆ خۆی دەبێت گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەردا بێت ، تا بتوانێت لە دوارۆژدا کاریگەریی لەسەر رووداوەکان دابنێت .

ئەو گۆڕانکارییانەی بۆ ئەم سیستمەی دەخوازین و ، بەمەبەستی خاوکردنەوەی تەوژمی تێرۆریزمی دەزانین ، لەم خاڵانەدا بەیان دەکەین :

1 ) مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵ : دەبێت دوو پرنسیپی داڕشتنەوەی سیستمی خوێندن بن . دەبێت منداڵ بەهایەکی مرۆڤانەی بەرچاوی بدرێتێ و ، سیستمی پەروەردە لە خزمەتی ئەودا بێت . پێویستە بۆ ئەم مەبەستە سیستمی گەورەسالاریی هەڵبوەشێتەوەو ، نابێت منداڵ بەهۆی تەمەنیەوە بچەوسێندرێتەوە . دەبێت منداڵ لە توندوتیژیی ماددی و مەعنەوی بەدوور بێت ، مافی منداڵێتی خۆی بزانێت و بەکاریبهێنێت، قوتابخانەش ئەو مەڵبەندە پەروەردەییە بێت کە ئەم مافەی بۆ بەدیبهێنێت و ، کەسایەتییەکی سەربەخۆی لە بیرو رەفتاردا ئێدروست بکات .

سیستمی خوێندن لە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان توخمە بەشەرییەکانداو ، لە ئاستی خوێندکاران و قوتابییاندا ، دەبێت لانی کەم دان بەم جاڕنامەو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەدا بنێت و هەوڵی سەلماندن و پیادەکردنیان بدات :

ا – رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ کە کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 20 ی تشرینی دووەمی ساڵی 1989 دا بڕیاری لەسەردا .

ب – جاڕی جیهانیی مانەوەو پاراستن و گەشەکردنی منداڵ کە کۆنگرەی سەرانی جیهان لە ئەیلوولی 1990 دابڕیاریداو تێیدا پرنسیپی " منداڵان لە پێشترن " ی چەسپاند .

ج – جاڕی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 1948/12/10 دا بڕیاری لەسەردا . د – رێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان و ، رێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە ساڵی 1966 بڕیاردراون .

بەجیددی وەرگرتنی ئەو پرنسیپانەی لەو جاڕنامەو رێککەوتننامانەدا هاتوون لەلایەن سیستمی پەروەردەوە ، وەرچەرخاندنێکی گەورەو چاکسازییەکی ریشەیی دەخولقێنێ و نەوەیەک بۆ دوارۆژ ئامادە دەکات کە تێرۆریزم و هێزە تاریکیخوازەکان نەتوانن بۆ مەرامەکانیان بەکاریان بهێنن .

2 ) پرنسیپەکانی دیموکراسی مەرجێکی دیکەی گۆڕانکاریی و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی کراوەیە ، کە لە سایەیدا سیستمی خوێندن هەناسە بدات و ، لە ئاووهەوایەکی پاک و سازگاردا ، منداڵان گۆش و پەروەردە بکات و ، بۆ ژیانی داهاتوو ئاڕاستەیان بکات .

بۆ ئەوەی سیستمی خوێندن پراکتیکی پرنسیپە دیموکراتییەکان بکات ، دەبێت سیستم و پەیکەرو شێوازەکانی کارو هۆیەکانی پەیوەندیی نێوان دامودەزگاو توخمە بەشەرییەکانی پەروەردە دیموکراتیزە بکرێن . لەم سیستمەدا ( سیستمی دیموکراسی ) بەرپرسە پەروەردەییەکان ، هەر لە یەکەم بەرپرسەوە تا بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاری گرووپ و لیژنەکانی پۆل ، لەسەر بناغەی کارامەیی و لێوەشاوەیی هەڵدەبژێردرێن . هەڵبژاردن ناوەرۆکی دیموکراسییە . پرنسیپی هەڵبژاردنی بێ سانسۆرو دەستێوەردانی لاوەکی ، واتە ئازادیی هەموو تاکەکەسێک لەبڕیارداندا ، دەبێت رێسای دیاریکردنی بەرپرسە پەروەردەییەکان بێت . بۆیە پێویستە سیستمی کۆن لەم بوارەدا هەڵبوەشێتەوەو ، رێسا دیموکراتییەکانی دامەزراندنی ئیدارەیەکی پەروەردەیی و خوێندنێکی هاوچەرخ بکرێتە یاساو ، هیچ کەس و لایەن و دەسەڵاتێک بۆی نەبێت پێشێلیان بکات .

3 ) ئازادی ، بە چەمکە فراوانەکەی ، ئەو پرنسیپە مرۆییەیە کە تیرۆریستان دژایەتی دەکەن . ئازادییەک کە ڕێز لە ئیرادەی بەرامبەر بگرێت و دەمارگیریی لە ئاووهەواکەیدا نەژی ، هەڵبەت تیرۆریستان دژایەتی دەکەن و ، کارە دژە مرۆییەکانیانی ئاراستە دەکەن . هەر بۆ خۆی ، تیرۆریزم و ئازادی ، دوو دژی یەکترین و هەرگیز پێکەوە هەڵناکەن . لەبەر ئەوە دەبێت : ئازادیی بیروباوەڕ ، ئازادیی ڕادەربڕین ، ئازادیی ڕێکخراوبوون ، ئازادیی دەربڕینی سۆزە مرۆییەکان ، ئازادیی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ، ئازادیی لە پراکتیکی لایەنە جیاجیاکانی ژیان ، ئازادیی ڕەخنەگرتن و ناڕازیبوون ، لە بەرنامەو پراکتیکی نێو قوتابخانەو خوێندنگاو زانکۆکاندا ڕەنگبدەنەوە .

بۆ دابینکردنی ئەم ئازادییە ، ئەرکی سیستمی پەروەردەیە هەنگاوی بوێرانە بنێت ، وەکو :

ا – پەیرەوکردنی سیستمی لامەرکەزیی ئیداری لە خوێندندا .

ب – ئازادیی مامۆستایان لە هەڵبژاردنی ڕێگەکانی وانەگوتنەوەدا .

ج – ئازادیی بەڕێوەبەرەکان لە جێبەجێکردنی کاری پەروەردەیی لە قوتابخانەکانیاندا .

د – ئازادیی خوێندکاران لە هەڵبژاردنی ئەو زمانەی بەجیهانی زانست و تەکنەلۆژیاوە پەیوەستیان دەکات.

ها – ئازادیی داهێنان و تۆژینەوەی زانستیانەی سروشت و کۆمەڵ و مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤ .

و – ئازادیی ڕەخنەگرتن و یاخیبوون لە نەریتە کۆنەکان و ، خەبات بۆ ئینتیمایەکی مرۆڤانە بە جیهانی زانست و تەکنەلۆژیای سەردەمەوە .

ز – ئازادیی ڕێکخراوبوون لە دەستەو گرووپ و ڕێکخراوی خوێندکاری و ڕۆشنبیریی و زانستی و کۆمەڵایەتیدا ، لەنێو قوتابخانەو لەسەر ئاستی کۆمەڵیشدا .

هەڵبەت لە وڵاتێکدا ، سیستمی خوێندن ئام ئازادییانە دەستەبەر بکات ، هەموو کارێک لە سایەی یاسادا دەبێت و ، یاسا ئەو ئازادییانە ڕێکدەخات .

4 ) پرنسیپی یەکسانی کۆڵەکەیەکە لەنگەری سیستمی سیاسی وڵات و ، بەو پێیەش سیستمی خوێندن ڕادەگرێت . یەکسانی بەرامبەر یاسا یەکێک لە مەرجەکانی جێبەجێبوونی ئەم پرنسیپەیە . یەکسانیش بەرامبەر یاسا پابەندی بەهرەمەندبوونی تاکەکەسەکانە ، بەبێ جیاوازی ، لە تواناییە ماددی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگا . لە سایەی سیستمێکدا یەکسانی پەیڕەو بکات ، پلەو بەهای هەموو کەسێک لە بەرامبەر یەکتری و ، لە بەرامبەر کۆمەڵگاو ، لە بەرامبەر یاسا دەپارێزرێت . بۆیە ئەم پرنسیپە لە بواری پەروەردەدا بە زەقی خۆی دەنوێنێ بە تایبەتی لەم چەند خاڵەدا :-

ا – پەیڕەوکردنی سەرەتای ( هەلی چوونیەک ) بۆ خوێندن ، هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆو خوێندنی باڵاو ناردنە دەرەوەی خوێندکاران بۆ تەواوکردنی خوێندنیان لە بوارە پسپۆڕییە جیاجیاکاندا لە دەرەوەی وڵات .

ب – یەکسانیی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن ، بەبێ جیاوازی لەسەر بنچینەی نەتەوەیی ، ئایینی ، مەزهەبی ، ڕەگەزیی ، حزبی ... هتد .

ج – ناوەرۆکی بەرنامەکان بە یەکسانی بڕوانێتە پێکهاتە نەتەوەیی و ئەتنی و ئایینی و مەزهەبییەکان و بەراستی ئەم پرنسیپەی تێدا ڕەنگبداتەوە .

د – یەکسانی لە نێوان شارو لادێدا ، لەڕووی خەرجکردن و دابینکردنی بینای قوتابخانەو کەرەسەکانی خوێندن و مامۆستاو هەلومەرجێک کە بۆ خوێندنێکی سەرکەوتوو پێویستە .

ها – یەکسانی لە نێوان کوڕان و کچان لە وەرگرتن و خوێندن و ڕەخساندنی هەلی فێربوون و تەواوکردنی خوێندن و دامەزراندنیان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا .

و – یەکسانی نێوان منداڵانی تەندروست و منداڵانی ناتەواو لەڕووی جەستەو ئەقڵەوە ( کەمئەندامان و کۆڵبیران ) بە هۆی ڕەخساندنی پێداویستییەکانی خوێندن بۆیان و جێکردنەوەیان لە نێو کۆمەڵدا ، دیارە هەریەکەیان بەپێی تواناو ئاستی خۆی .

5 ) بۆ ئەوەی پەروەردەو خوێندنێکی دیموکراتی و ئازادو یەکسان بێتەدی و ، مافەکانی منداڵ و مافەکانی مرۆڤ لە پراکتیکدا ئاوێتەی بیرکردنەوەو کەسایەتیی تاکەکەس و کۆمەڵ بن ، پێویستە سیستمی خوێندنی سێکیولار ( عەلمانی ) ، لە بواری خوێندندا بۆ ئەمڕۆو ئایندە هەڵبژێرین .

سێکیولاریزم لە بواری پەروەردەدا ، جیاکردنەوەی ئایین لە پەروەردەوفێرکردن دەگرێتەوە . واتە دامەزراوەی ئایینی و دامەزراوەی خوێندن هەریەکەیان لە بواری پسپۆڕیی خۆیاندا کار بکەن . لە سایەی سیستمێکی وەهادا ، خوێندن بۆ هیچ ئاینێک قۆرخ نابێت و ، ڕێزی هەمووان پارێزراو دەبێت . پەروەردە دەبێتە پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتی – رۆشنبیریی – زانستی و هەموو کۆمەڵ لە نێو خۆیدا کۆدەکاتەوە . سێکیولاریزم بیروباوەڕی ئایینی هەر تاکەکەسێک ڕێزلێدەگرێت و دەیکاتە مەسەلەیەک کە تەنها پەیوەندیی بە خودی تاکەکەسەوە هەبێت .

سێکیولاریزم ( عەلمانییەت ) سیستمی ژیانێکە یەکسانی نێوان مرۆڤەکان ، بە جیاوازیی ئایین و مەزهەبیانەوە دەستەبەر دەکات . لەم سیستمەدا ، دەوڵەت دەستناخاتە نێو بیروباوەڕی خەڵکەوە . سیستمی خوێندن بە یەکسانی ، بێ جیاوازی ئایینی و مەزهەبی ، بێلایەنانە بەرنامەکانی پێشکەش دەکات .

سێکیولاریزم پەیامێکی مرۆییانەیە ، ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی دەگەیەنێ و ، کۆمەڵ لە ململانێی ئەتنی و ئایینی و مەزهەبی دەپارێزێ .

کۆمەڵگەی عەشایەری – خێڵەکی و تایەفەگەریی لە لایەک و ، سیستمی باوکسالاریی – گەورەسالاریی – پیاوسالاریی کە سیستمی پێکهاتەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە ، سەرچاوەیەکی گرنگ و بەرچاوی تیرۆریزمە . لە سایەی ئەم سیستمە کۆمەڵایەتییەدا ، پراکتیکی چەمکەکانی ئەقڵانییەت ، دیموکراسی ، مافەکانی مرۆڤ ، مافەکانی منداڵ ، مافەکانی ژنان ، سێکیولاریزم ، نەک هەر لەبەردەم هەڕەشەدان ، بەڵکو ڕێگەیان لێدەگیرێت و فەتوای لەناوبردنیشیان دەدرێت ، تا رادەی فەتوای لە ناوبردنی جەستەیی هێما بەشەرییەکانی ئەم چەمکە مۆدێرنانە .

6 ) خوێندن بۆ پیادەکردنی ئەو پرنسیپە مۆدێرنانە لە پەروەردەکردنی نەوەکاندا ، دەبێت پشت بە کۆمەڵگەی مەدەنی ببەستێت ، بەشێوەیەکی کاریگەر بوار بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بڕەخسێنێت ، تا لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵیان هەبێت ، بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و مامۆستایان و نووسەران و رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی دیکە . بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت شێوازی پەیوەندی ئەم ڕێکخراوانە بە سیستمی خوێندنەوە ، بەتایبەتی بە مەڵبەندی خوێندنەوە کە قوتابخانەیە ، گۆڕانکاریی بەسەردا بێت . ئەمڕۆ ئیتر دەبێت دامودەزگای دەوڵەتیی وەک وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە ، سەربەخۆو بێ گەڕانەوە بۆ ئیرادەی مامۆستایان و خوێندکاران و کەسوکاریان ، بڕیارە پەروەردەییەکان نەدەن . دەبێت ئەم دامودەزگایانە لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە چاودێری بکرێن ، ئاڕاستە بکرێن و لێیانبپرسرێتەوە . دەبێت خوێندکاران ، کە تەوەرەی کاری پەروەردەن ، ڕۆڵی سەرەکییان هەبێت و ، هەڵسەنگاندنی پرۆسەی خوێندن و هەڵسووڕاوەکانی ئەم بوارە لە لایەن ڕێکخراوەکانی خوێندکارانەوە ، سەنگ و بایەخی خۆی هەبێت و هۆکارێکی گۆڕانکاریی بەردەوام بێت لەم پرۆسەیەدا .

لێدانی گیانی دیکتاتۆریی لە ئاستی کۆمەڵدا ، لە قوتابخانەوە دەستپێدەکات . ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە قوتابخانەکاندا دەتوانن لە سایەی سیستمی نوێی خوێندن و مۆدێرنکردنی پرۆسەی خوێندندا ، ڕۆڵی بەرچاویان دژی ئەم دیکتاتۆرییە هەبێت و ، بەمەش هاوبەشیی بنیاتنانی تەلاری کۆمەڵگەیەک بکەن کە تیرۆریزم نەتوانێت درزی تێبخات .

7 ) بڕیاردانی چارەنووس ، دەشێت پرنسیپێکی پەروەردەیی بێت و ، لە ئاستی قوتابیان و خوێندکاراندا واتای تایبەتی خۆی هەبێت . ئەم پرنسیپە جیاوازییە فەردییەکان ڕەچاو دەکات و ، دەشێت بینای کەسایەتیی سەربەخۆی خوێندکارانی پێبکرێت . لە پڕۆسەی خوێندندا ڕۆژانە چەندین هەڵوێست لە نێو پۆلەکاندا ، لەنێو چالاکییەکانی قوتابخانەدا ، لە نێو پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانی نێو خوێندنگاکاندا دێتە پێشەوە کە بتوانرێت ئەم پرنسیپەی تێدا بەدیبهێنرێت . هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کە کەسایەتیی سەربەخۆی خاوەن هەڵوێست و بیروبۆچوونی ئازاد بە دەگمەن دەکەونە بازنەی کاریگەرێتی ئەم و ئەوەوە ، بەو ڕێکخراوو دەستەو گرووپانەشەوە کە لاوان بۆ خۆکوژی و کاری تیرۆریستی رادەکێشن .
ڕەخساندنی ژیانی باش و خۆشگوزەران و بەپیت بۆ تاکەکەس و ، ڕێزگرتن لە هەر بەرپرسیارێتییەک کە پێی دەدرێت ، چەند بچووکیش بێت ، نەوەیەکی نوێ دێنێتە کایەوە کە بە ئەقڵی خۆیان بیربکەنەوە ، بەئەقڵی خۆیان ڕەفتار بکەن و ، هەرگیز دەستخەڕۆی ئایدیۆلۆژیی هیچ کەس و گرووپ و ڕێکخراوێک نەبن ، مەگەر بە ویستی خۆیان و ، بەبڕوای تەواوو سەربەخۆی خۆیانەوە بێت . دروستکردنی ئەم کەسایەتییە سەربەخۆیە ، ئەم هاووڵاتییە بەهەڵوێستە ، لە ئەستۆی سیستمی خوێندنەو ، ئەم سیستمەش بە تێکڕای ئەو خاڵانەی خستمانەڕوو ، کە دواخاڵیان بڕیاردانی چارەنووس بوو ، زامنی بەگژداچوونەوەیەکی درێژخایانی تیرۆرە لە هەموو ئاستەکاندا .

کانونی دووەمی ٢٠٠٦

## خۆزگەکان

ڕۆژنامەی ( ئامانج ) لە ژمارە ( 5 ) ی ڕۆژی 2002/7/10 ەوە ، لەهەر ژمارەیەکیدا ، بەپێنووسی " خۆزگەخوازێک " ، چەند " خۆزگە " یەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشە پەروەردەییەکان خواستووە .
خۆزگەکان ، بەگشتی ، سەرنجیان ڕاکێشام و ، دەشێت چ بۆ پشتگیریکردنیان یان بۆ دەرخستنی نەشیاویی هەندێکیان ، چەند وتاریان لەسەر بنووسرێت و ببنە مایەی دایەلۆگێکی پەروەردەیی ، بۆیە لێرەدا چەند سەرنجێکی گشتی تۆمار دەکەم و ، ئەویدیکە بۆ قەڵەمی نووسەرانی بواری پەروەردەو فێرکردن بەجێیە هێڵم .
سەرەتا دەپرسین : بۆچی " خۆزگەخواز " ناوی خۆی نانووسێت ؟ ئەم پرسیارە هەمو ئەو نووسەرانە دەگرێتەوە کە ناوی خوازراو بەکاردەهێنن ، چونکە لەسەردەمێکدا ئازادییەکی

ڕێژەیی بۆ نووسین هەبێت ، یەکێتیی مامۆستایان بە مۆڵەتی ڕەسمی کاربکات ، ئۆرگانەکەی بەئاشکرا دەربچێت ، ناوی خوازراو بۆچی و چ پاساوێکی هەیە؟!

هەموو ئەو خۆزگانەی لە ستوونی " خۆزگە" دا بڵاوکراونەتەوە کۆنن ، گشتییەکانیان بە دەیان جار لە کۆڕو کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنی بەرپرسانی حکومەت و یاداشتی ڕێکخراوو سەندیکا جیاجیاکاندا ، هەتا ڕادەی سوان باسکراون . زۆربەی خۆزگە پەروەردەییەکانیش لە یاداشتەکانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا هەن و ، لە نامیلکەیەکدا بە ناوی ( یاداشتەکانی مامۆستایانی کوردستان ) ، ساڵی 2001 چاپ و پەخشکراون . جگە لەمەش یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەکانی هەیە کە دەبێت لە پێناویاندا تێبکۆشێت و هەموو ڕێگەیەکی خەباتی ڕێکخراوەیی مەدەنی بۆ بەدەستهێنانیان بگرێتەبەر .

یەکێتیی مامۆستایان وەک ڕێکخراوێکی پەیوەند بە مامۆستایان ، دەبێت لە هەموو کاروبارو هەڵسووڕان و ئەجندەیەکی وەزارەتی پەروەردەو دامودەزگا پەروەردەییەکاندا ڕای هەبێت و لە بەرژەوەندیی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و منداڵاندا بێتەقسەو ، وەک هێزێکی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی فشار بۆ دەسەڵات بهێنێت ، تا پەروەردە بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا بباتە ؛ ئەو ئامانجانەی کە لە بەرنامەکەیدا فۆرمۆلەکراوە ، وەک ئامانجی نەتەوەیی و نیشتمانی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ، زۆر بە ڕوونی ، ئاسۆی ئەم قۆناخەی پەروەردەی بۆ نەوەکانی ئیمڕۆ دیاریکردووە . بۆیە ئەو بابەتانەی وەک " خۆزگە " خراونەتەڕوو ، دەشێت وەک داواکاریی و ماف پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێن ، دەشێت وەک بەرنامەی کاری لیژنەکانی : ڕاگەیاندن و ڕووناکبیریی ، پەروەردەو مامۆستا ، لە سکرتارییەت و لقەکانی یەکێتیی مامۆستایاندا بەردەوام جەختیان لەسەر بکرێت و ، بەدوایدابچن و ، لە پێناوی بەدیهێنانیاندا ( دەستەویەخە) ی بەرپرسەکانبن ، نەک لە دوورەوە " خۆزگە " ی بۆ بخوازن .

لێرەدا بەپێویستی دەزانین " خۆزگە " کانی چەند ژمارەیەکی بڵاوکراوەی ( ئامانج ) بە نموونە بخەینە بەرچاو ، تا ڕادەی دەستەوسانییان نیشانبدەین ، چونکە دەکرا لە بری ئەوخۆزگە خواستنانەدا ، خوزگەخواز لە زمانی یەکێتیی مامۆستایانەوە بە جۆرێکی جیددیتر هەڵوێستی وەربگرتایە .

یەکەم / خۆزگەکانی ژمارە ( 5 ) ی ڕۆژی 10 / 7 /2002 ، کە بریتین لە :

" 1 / 1 کردنەوەی خولی بەهێزکردنی قوتابیان ( ئیکمالەکان ) لە وانەکانی ( عەرەبی ، ئینگلیزی ، بیرکاری ) لە پشووی هاویندا .

1 / 2 چاوگێڕانەوە بە پارەی سەفەر بۆ کارمەندانی پەروەردەو سەرپەرشتیاران . . . هتد و ، تەسعیرە بەپێی واقیعی کرێ بوایە .

1 / 3 سکرتارییەت و لقەکان ( خۆزگەخواز مەبەستی ئۆرگانە باڵاکانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانە ) بەردەوامدەبوون لەسەر ئەنجامدانی کۆڕو کۆبوونەوە . . . "

دەکرا یەکێتیی مامۆستایان هەڵوێستی عەمەلی لەم خاڵانە بەم شێوەیەی خوارەوە بوایە ، نەک هەناسەی ساردی بۆ هەڵبکێشێت .

أ -- دەزگای پەروەردەو فێرکردنی بخستایەتە ژێر پرسیارەوە ، سەبارەت بەوەی کە بۆچی دەبێت قوتابییان پێویستییان بە کردنەوەی خولی بەهێزکردن هەبێت؟ دەبوایە بپرسن: قوتابخانەکانمان کاریان چییە ؟ مامۆستاکان چیدەکەن ؟ قوتابییان بۆ لە قوتابخانە ئەو زانیارییە کەم و سادانە فێرنابن ؟ چ پێویستدەکات کاتی پشوو لە خوێندکاران بگیرێت و ، لەبری ئەوەی پرۆژەی بەسوودو ، چالاکیی ڕەهاو گەشتوگوزاری بەکەڵکیان بۆ ڕێکبخرێت ، پشووش هەر ببێتەوە بە دەوامی قوتابخانە ! دیسان دەبوایە خودی دەرنەچوون و ئیکمالبوون پرسیاری لەسەر هەبێت ، فشار بۆ دامودەزگا بەرپرسەکان ببرێت تا لەم دیاردەیە

بکۆڵنەوە ، هۆکارەکانی دەستنیشانبکەن ، پرۆسەی خوێندن بەرەو پێشەوە بەرن و ، ڕێژەی سەرکەوتنی خوێندن لە قوتابخانەکاندا ساڵ بەساڵ بەرەو باڵاو باڵاتر ببەن.

ب -- یەکێتیی مامۆستایان وەک ڕێکخراوێک کە داکۆکی لە مافی مامۆستایان دەکات ، دەبێت سەبارەت بە هەر هۆکارێک کە مامۆستایان زەرەرمەند بکات قسەی هەبێت . بەر لە قسەش ، دەبێت بەرنامەی خۆی بۆ هەر زیانێکی ماددی وشێوەی چارەسەرکردنی هەبێت . دەبێت لە کاتی خۆیدا ، پێبەپێی هەڵچوونی نرخی شمەک لە بازاڕدا ، لە کاتی چوونەسەرەوەی ئاستی بژێویدا ، دەمودەست کاردانەوەی هەبێت ، فشار بۆ دەسەڵات ببات تا مافەکان بە خاوەنەکانیان بگات ؛ ئەگەر بە دەنگیشیانەوە نەهاتن ، ئەوا پێویستە ڕێگای یاسایی و شێوەکانی خەباتی مەدەنی وەک خۆنیشاندان و مانگرتن و ئیمزاکۆکردنەوە . . . هتد بگرێتەبەر ، تا دەسەڵات ناچار بکات بژێوی مامۆستایان چاک بکات ، یان هەر بەرژەوەندییەکیان لێدراوە ، بۆیانبگەڕێتەوە .

ج -- بۆچی سکرتارییەت و لقەکان لەسەر کۆڕو کۆبوونەوەکان بەردەوام نین ؟ کۆڕو کۆبوونەوەکان ، تا نووسینی ئەو " خۆزگە" یە بۆ چ مەبەستێک گیراون ؟ چ سوودێکیان گەیاندووە ؟ ئەگەر دەستپێبکرێتەوە چ سوودێک دەگەیەنن ؟ ئەمە جگە لەوەی ئەو " خۆزگە " یە بۆ نەبێتە داواکاری و لە نێو مەکتەبی سکرتارییەدات باسبکرێت ، لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا بیوروژێنێت ، بڕیاری لەسەر وەربگیرێت ، کاتەکانی دیاریبکرێت ، بابەتەکانی ئامادەبکرێت ، کاردانەوەی لە نێو مامۆستایاندا هەڵبسەنگێنرێت و کاریگەرێتی لەسەر پرۆسەی خەباتی ڕێکخراوەیی لەلایەک و ، لەسەر خوێندن بەگشتی تاچ ڕادەیەکە ، بە ئامرازە زانستییەکانی توێژینەوە پێوان بپێورێت و بزانرێت .

دووەم / خۆزگەکانی ژمارە ( 6 ) ی ڕۆژی 24 / 7 / 2002 کە بریتین لە :

" 1 / 2 خۆزگە بڕیارەکانی کۆنگرەی سێیەمی وەزارەتی پەروەردە جێبەجێدەکراو هەنگاوی بۆ دەنرا .

2 / 2 وانەی کشتوکاڵ بۆ تاقیکردنەوەی گشتیی ( بەکالۆریا ) ی شەشی سەرەتایی دادەنرا .

3 / 2 خۆزگە گرنگیی بە وانەکانی هونەروسروودو وەرزش لە هەموو قوتابخانەکاندا دەدراو بە قوربانی وانەکانیتر نەدەکرا .

4 / 2 خۆزگە وانەکانی سروود زیاد دەکرا . "

دەکرا لە جیاتی ئەم خۆزگانە ، هەڵوێستی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەم جۆرە بوایە :

أ -- بەردەوام لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ، لە ڕێوان چاوپێکەوتنی بەرپرسیارانی وەزارەتی پەروەردەدا ، جەختی لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە بکردایە . دەتوانرا لە ڕێی یاداشتەوە تێڕوانینی یەکێتیی مامۆستایان بۆ ئەو بڕیارانەو چۆنیەتی جێبەجێکردنیان بخرایەتە بەردەمی هەردوو دەسەڵاتی سیاسی و پەروەردەیی نەک خۆزگەیان بۆ بخوازێت .

بڕیاری هەر کۆنگرەیەک ، دەبێتە ئەرکی ئەوانەی بڕیارەکەیانداوە ، بۆیە بڕیارەکانی کۆنگرەی سێیەم لە سلێمانی ئەرکی وەزارەتی پەروەردەو یەکێتیی مامۆستایانیشە ، سەبارەت بەوەی بەشداریی کۆنگرەکەو داڕشتنی بڕیارەکانیشیان کردووە . دەبێت وەزارەت و یەکێتیی مامۆستایان بۆ جێبەجێکردنیان هاوکاریی یەکتری بکەن . سەرباری ئەوەش دەبێت یەکێتی مامۆستایان لەسەر هەر کەمتەرخەمی و پشتگوێخستنێک ڕاشکاوانە قسەبکەن و لایەنی کەمتەرخەم دەستنیشانبکەن و بە جەماوەری مامۆستایانی بناسێنن .

ب -- ڕۆڵێکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ، لەنێو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا ، چاودێرییە . دەبێت یەکێتی ئەم ڕۆڵە بخاتە خزمەتی پرۆسەکەوە ، لە کاتی خۆیدا ، بە ڕێگەیەکی پراکتیکی و زانستی ، چۆنیەتی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و ڕووکاری ڕەوتی پەروەردە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیاریبکات . هەڵبەت دانانی وانەیەک لە ئەزموونەکاندا ، یان گرنگیدان بە چەند وانەیەکی وەک هونەروسروودو وەرزش ، یان

زێترکردنی ژمارەی دیاریکراو لە خشتەی وانەکاندا بۆ یەکێک لە وانەکان ، دەبێت ملکەچی ئەزموونە پەروەردەییەکان و واقیعی پرۆسەکە بێت و ، رێگاو شوێنی جێبەجێبوونی لە چوارچێوەی سیستمەکەدا هەبێت .
زۆر جار " خۆزگە " کان بەجێن و لە هەستێکی دڵسۆزانەوە دەخوازرێت وەک ئەو خۆزگانەی لەسەرەوە نووسیمان ، بەڵام دەبێت محەکی راستی خۆزگەکان و گونجانیان لەگەڵ پرنسیپە پەروەردەییەکاندا لەبەرچاوبگیرێن . بۆ نموونە : ( کشتوکاڵ ) وانەیەکە ، قوتابی بە تاقیکردنەوەی گشتی ( بەکالۆریا ) فێری نابێت . کشتوکاڵ ، جگە لەلایەنە زانیارییەکەی ، وانەیەکی پراکتیکییەو دەبێت لە کێڵگەکان و باخچەی قوتابخانەکاندا قوتابی فێری ببێت ، لەبەر ئەوە خۆزگەیەکی نەگونجاوە ، هەرچەندە ( خۆزگەخواز ) لە ئەنجامی پشتگوێخستنی وانەکە لە قوتابخانەکاندا ئەم " خۆزگە " یەی لەلا دروستبووە . هەروەها وانەکانی هونەرو سروودو وەرزش ، کە لە قوتابخانەکانی ئێمەدا بایەخیان پێنادرێت و ، وەکو وانەی لاوەکی و کاتکوشتن مامەڵەیان دەکرێت و بە قوربانی وانەکانی زمان و بیرکاری و زانست دەکرێن .
هەڵوێست لەم وانانە ، بەرئەنجامی بیرکردنەوەیەکی پەروەردەیی زۆر کۆنە کە دەبێت گۆڕانکاریی پەروەردەیی ئەرکی هەڵوەشاندنەوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ئەستۆ بگرێت ، تا لە نێو پرۆسەیەکی پەروەردەیی چەند ساڵەدا ، باری سەرنجی نوێ لەلایەن مامۆستایان و قوتابییان و کەسوکاریانەوە پێکبێت ، نرخ بۆ ئەو وانانە دابنێن و ، لەڕووی پەروەردەی جوانی و هەست و جەستەوە ، بە بەشێکی گرنگی پێکهاتەی کەسایەتیی منداڵی بزانن؛ شانبەشانی پەروەردەی ئەقڵی و کۆمەڵایەتی و ویژدانیی ، کە تێکڕا بە هەموویان مرۆڤێکی تەواو پێکدەهێنن و ، کەسایەتییەکی دیاریکراوو گونجاوی ئیجابی پێشکەش بە کۆمەڵ دەکەن.
سێیەم / هەندێک خۆزگەی دیکە وەک :
" 3 / 1 خۆزگە میلاکی بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەو هەردوو یەکەی سەرپەرشتیاریی سەرەتایی و پسپۆڕیی گواستنەوەیان لە سەرەتای ساڵدا تەواو دەکرد . ( ئامانج ، ژمارە 8 رۆژی 21 / 8 / 2002 )
3 / 2 خۆزگە ئەو مامۆستایانەی مۆڵەتی بێمووچە وەردەگرن ، یان ژنانی مامۆستا کە مۆڵەتی دایکایەتی وەردەگرن ، لە شوێنەکانی خۆیان دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکانیان دادەنرانەوە . ( ئامانج ، هەمان ژمارەی پێشوو )
3 / 3 / خۆزگە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەربەستی گواستنەوەی خوێندکارانیان نەدەکرد لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە بە تایبەتی بۆ قوتابییانی سێیەمی ناوەندی و شەشەمی ئامادەیی . ( ئامانج ، ژمارە 10 رۆژی 6 / 10 / 2002 )
3 / 4 خۆزگە تەلەفزیۆنەکان فلیمی توندوتیژیان لێنەدەداو زێتر بەرنامەی پەروەردەییان دادەنا . ( ئامانج ، ژمارە 11 رۆژی 6 / 11 / 2002 )
3 / 5 خۆزگە خوێندنگاکان تـوێژەرەوەی دەروونناسی و کۆمەڵناسی بۆ دادەنرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندکاران . ( ئامانج ، هەمان ژمارەی پێشوو)
دەکرێت سەبارەت بەو " خۆزگە " یانەی سەرەوە ، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان هێزی فشار بێت و بە ئامرازە گونجاوەکانی خەباتی رێکخراوەیی ، بۆ هەر یەکێکیان ، بۆچوون و پلان و ئەجندەی هەڵسووڕانی هەبێت . بۆ نموونە ، نەک بە دیاریکراوی :
أ ــ بە رێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەدا ، ساڵانە یەکێتیی مامۆستایان ، بەر لە کردنەوەی قوتابخانەکان ، لەبەر تیشکی ئامارێکی وردی بێهەڵەدا کە بەشی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان ئامادەی دەکەن ، جێگۆڕکێ وگواستنەوەی مامۆستایان ئەنجامبدەن . دەکرێت یەکێتیی مامۆستایان ، بۆ ئەم مەبەستە ، هاریکارییەکی بەرچاوی پەروەردە بکات و ، چاکترین کادیرانی شارەزای خۆی بخاتە خزمەتی ئەم پرۆسەیەوە . دەکرێت بە نووسین و یاداشت و هەر رێگایەکیدیکە ، فشار بۆ پەروەردە

بهێنێت تا سنوورێک بۆ گواستنەوە دابنێن ، کاتی بۆ دیاریبکەن ، بۆ ئاسانکردنی ئەم کارە کۆمەڵێک ڕێسا پێشنیازبکەن . هەروەها دەتوانرێت لێپرسراوێتی بەشی میلاک و یەکەکانی سەرپەرشتیاریی و بەشی ئامارو بەرنامەڕێژیی ، بە سیستمێکی بڕیارلێدراو ، دیاریبکرێت و بۆ چەند ساڵێک سۆراخیانبکرێت ، تا ئەم کارە دەبێتە تەقلیدێکی ئیداری و ، هەموو ساڵێک لەو کاتەدا کە بۆی دادەنرێت ، جێبەجێبکرێت ؛ حاڵەتە پەرتەوازەکانیش کە دواتر دێنە پێشەوە ، چەند ڕێسای بۆ دابنرێت و ، بەجۆرێک چارەسەربکرێت کە بە گشتی کار لە پرۆسەکە نەکات و هیچی لێهەڵنەوەشێنێتەوە . لەبەر ئەوە ، ئەم کردارە ئیدارییە -- هونەرییە خۆزگەی ناوێت و ، ئەگەر بویسترێت ، زۆر بە ئاسانی دەکرێت . هەڵبەت بوونی بارودۆخێکی جێگیریش کارەکە زێتر ئاسانەکات .

ب -- سەبارەت بەو مامۆستایانەی مۆڵەتی بێمووچە وەردەگرن ، بە تایبەتی ئەو ژنانەی مۆڵەتی دایکایەتیی دەکەن ، ئەوە " خۆزگە " هیچیان بۆ بەدەستناهێنێت . دانەنانەوەی ئەو مامۆستایانە لە قوتابخانەکانی خۆیاندا ، پێشێلکردنی ڕاشکاوانەی مافەکانیانە . دەبێت یەکێتیی مامۆستایان لەسەر ئەم مافەی مامۆستایان بەدەنگ بێت وەدەستەویەخەی بەرپرسانی ئەم پێشێلکارییە بووەستێتەوە . دەبێت ئەو ئەقڵییەتەی ئەم " داهێنان "ەی کردووە ، ڕیسوا بکرێت یان لانی کەم لە بەرپرسیارتی بخرێت ، چونکە هیچ پاساوێک بۆ ئەم کارە سەیروسەمەرەیە نییە . مامۆستایانێک کە بە ناچاری ، بۆ هەر کارێک بێت ، بێمووچە مۆڵەت وەردەگرن ، یان بە هۆی منداڵبوونەوە بەپێی یاسا مۆڵەتی دایکایەتی وەردەگرن و ، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا لایەنی پەیوەندیداری باڵا کە پەرووەردەیە ڕەزامەندەو فەرمانی کارگێرییان بۆ دەردەکات ، چ ڕەوایە کاتێک مۆڵەتەکەیان تەواودەبێت ، بۆ قوتابخانەیەکی دوور هەڵیانبدەن و ، بۆ قوتابخانەکەی خۆیان نەیانگێرنەوە .

ئەرکی سەرشانی یەکێتیی مامۆستایانە بەرگری لەم مامۆستایانە بکات و هەوڵبدات مافی خۆیان وەربگرنەوە ، هەروەها ئەرکی سەرشانی ڕێکخراوەکانی ژنانە کە لەم پێشێلکارییە بێدەنگ نەبن و ، بەرگری لەو مامۆستایانە بکەن کە بە هۆی منداڵبوونەوە ، بەپێی یاسا ، بۆ ماوەیەک قوتابخانەکانیان بەجێدەهێڵن .

ج -- سەبارەت بە " بەربەستکردنی گواستنەوەی خوێندکاران " ناتوانرێت بڕیارێکی گشتی و ڕەهای بۆ بدرێت ، لەبەر ئەوە " خۆزگە" کە لەجێی خۆیدانییەو بەو ڕەهاییە کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە .

هەرکەسێک کەمێک شارەزای کاروباری کارگێریی قوتابخانە بێت ، دەزانێت کە داواکردنی قوتابییان بۆ گواستنەوەیان زۆر هۆکاری هەیە ، کە لێرەدا ماوەی ئەوە نییە بە درێژی باسیبکەین ، لەبەر ئەوە دەکرێت بەڕێوەبەرێتی قوتابخانە تەماشای هەر داواکارییەک بەجیا بکات ، هۆکاری داواکارییەکە شیبکاتەوەو ، بەپێی بەرژەوەندیی قوتابییەکە بڕیاربدات . دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەک لە مامۆستایانی قوتابخانەکە ، کە قوتابییەکە بەباشی دەناسن ، لەو داواکارییە بکۆڵنەوە ، دەبێت باوک و دایکی قوتابیش ڕاوێژیان لەگەڵ بکرێت . ئەگەر ( ڕابەری دەروونناسی ) لە قوتابخانەکەدا هەبوو ، پرسی پێبکرێت یان ئەرکەکە بە شانی ئەودا بدرێت ، واتە لە هۆکارەکان بکۆڵێتەوەو دوایی لەسەر ڕاپۆرتی ئەو بڕیاری گواستنەوەو نەگواستنەوەی قوتابییان بدرێت .

د -- تەلەفزیۆنەکان لە سایەی کەشوهەوایەکی لیبراڵدا ، یان باشتر بڵێین ، سەبارەت بە یاساشکێنی و پاشاگەردانیی سیاسی و ڕۆشنبیریی ، هەر یەکەیان پێڕەوی سیاسەتێکی دیاریکراو یان ڕێبازێک دەکەن کە هەڵسووڕێنەرانی تەلەفزیۆنەکەو بەرنامەڕێژانی بەرنامەکانی بۆیان داناوە . ئەو بەرنامەڕێژییەش دیسان لە جیهانبینیی فیکریی خاوەنەکانیانەوە سەرچاوەدەگرێت . ئەو سەرچاوەیەش هوشیاریی کۆمەڵایەتییان دیاریدەکات. دیارە ئەوەش لەسەر نمایشەکانی تەلەفزیۆن ڕەنگدەداتەوە . ئەمە واقیعێکە

تەنها لە شیکردنەوەیدا بەتەواوی هەستی پێدەکرێ ، ئەگینا سەرپێیی ناتوانرێت پەی پێببرێت ، بۆیە بەشاراوەیی دەمێنێتەوەو لەنێو لایەنە هونەرییەکەدا بزردەبێت .

لەڕاستیدا ئەم دیاردەیە ، یان ئەم سیاسەت و بەرنامەدانانە ، نە بە خۆزگەو نە بە ڕێنەنگیی چارەسەرناکرێت . هەروەها لە سایەی شۆڕشی زانیاری و گەیاندنەوە لە جیهانی ئیمڕۆدا ، بە هیواخواستنیش چارەسەر ناکرێت و بەرپێناگیرێت . ئەوە ئەرکی دەسەڵاتی سیاسی و پەروەردەو فێرکردن و ناوەندە رۆشنبیرییەکانە یەکدەست و بەپێی پلانێکی گشتگیری هەمەلایەنەوە بەری ئەو شاڵاوی توندوتیژییە بگرن . دەبێت بەرهەڵستیکردنی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی بکرێتەوە .

دەبێت توندوتیژیی بەرامبەر منداڵان ، توندوتیژیی بەرامبەر ژنان ، توندوتیژیی بەرامبەر نەیارانی سیاسی ، لە هەموو ئاستێکدا نەفرەتلێکراوبێت ، رەفتارێکی دزێوی ناشیرین و شەرمهێنەربێت کە کۆمەڵ بەگشتی ریسوای بکات .

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ، لەوانە یەکێتیی مامۆستایان کە دەستی بە هەموو قوتابخانەکان دەگات ، لەڕێی مامۆستایانی رێکخراوەوە ، دەتوانن رۆڵی خۆیان ببینن و وەک هێزی فشار بەرەنگاری ئەو دەزگایانە بوەستنەوە کە تەلەفزیۆنەکان ئاڕاستەدەکەن و بەرنامەی توندوتیژیی وەک کەرەسەی بەرەوامیی بەرنامەکانیان بۆ منداڵان و ، بۆ کۆمەڵ بەگشتی دەگوێزنەوە . ئەوە شەڕێکی کۆمەڵایەتیی رۆشنبیریی رۆژانەیە کە دەبێت بەرامبەر شەپۆلی توندوتیژیی ، بەشێوەی جیاجیاو لە هەموو ئاستەکاندا بکرێت و ، دەستەوسان لە بەرامبەریدا رانەوەستین .

ها -- خوێندکاران کێشەیان زۆرە . کێشەکانیان بەرەوڕووی کەسوکاریان ، مامۆستاکانیان ، بەڕێوەبەرەکانیان ، ژینگەکەیان بەگشتی ، دەبێتەوە . هەموو ئەو کەسانەی لە بواری پەروەردەو فێرکردندا کاردەکەن کەم و زۆر ئەم کێشانە رووبانتێدەکات ، بەو پێیەش لە بەرامبەر لێپرسراوێتیدا رادەوەستن و خۆیاندەبیننەوە . بە کورتی و لە شیکردنەوەیەکی فراواندا دەتوانین بڵێین : پەروەردەکاران رۆڵی سەرەکییان هەیە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەو جێگیرکردنی هێمنی قوتابخانەکان و ، بەو پێیەش زامنکردنی دیسپلینی کۆمەڵایەتی لە سەرانسەی کۆمەڵدا .

لە قوتابخانە هاوچەرخەکاندا سیستمی ( رابەری دەروونی و ئاڕاستەی پەروەردەیی ) هەیە . ئەم سیستمە پشت بەو مامۆستایانە دەبەستێت کە لە بواری پەروەردەو سایکۆلۆژیدا پسپۆڕن . ئەمە جگە لەوەی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرەکان و مامۆستایان ، هەر یەکەیان شارەزای پەروەردەو سایکۆلۆژین و ئاگادارییان لەو سیستمی رابەریی و ئاڕاستەکردنەدا هەیە . ئەم سیستمە لە جیهانی ئیمڕۆدا کە کێشەکان لە زیادبووندان ، بە تەنها خێزان ناتوانێت چارەسەریان بکات ، هەروەها قوتابخانەش ، تەنها لەڕێی بەڕێوەبەر یان مامۆستاوە ناتوانێت بایەخ و گرنگیی تەواو بە کێشەکان بدات ؛ ناچار بەم سیستمە دەست بۆ ئەو کێشانە دەبرێت و ، بەتایبەتی مامۆستای پەروەردەو سایکۆلۆژیی بۆ دادەنێن ، نەک توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی کە لە سیستمی پەروەردەی ئێمەدا وەک کارێکی رووکەش بەو مامۆستایانە دراوە کە دەرچووی بەشی سۆسیۆلۆژین و ، لەڕاستیدا پسپۆڕی و کارەکەیان شوێنێکیتری هەیە نەک قوتابخانە .

دامەزراندنی سیستمی ( رابەریی دەروونی و ئاڕاستەی پەروەردەیی ) بە " خۆزگە " نایەتەدی ، بەڵکو دەبێت کاری بۆ بکرێت . بڕیاری لەسەر بدرێت . بودجەی بۆ تەرخانبکرێت . زەمینەی فیکری و سایکۆلۆژیی بۆ ئامادەبکرێت . یاساییبکرێت و ببێتە بەشێکی سیستمی پەروەردەو فێرکردن .

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان وەک رێکخراوێک کە مشوورخواردنی پەروەردەو فێرکردنی لە ئەستۆدایە ، دەتوانێت هاندەری ئەم پرۆژەیە بێت و لە هەموو بۆنەکاندا ، لە

هەموو كۆبوونەوەكاندا ، لە گشت كۆنگرەكاندا جەختی لەسەر بكات و لە بەرنامەی خۆیدا وەک ئامانجێكی پەروەردەیی دایبرێژێت و رای گشتی بۆ سازبدات .
" خۆزگە " هەمیشە ئاواتێكە ، ئامانجێكە ، لەكاتی دەستەوسانیدا دەیخوازین . ئەوە لە كانگای دڵی هەر یەكێكەوە سەرەكات ، جا بەشێوەی ئەرێیانە بێت یان نەرێیانە . واتە بە مەبەستێكی باش بێت یان بە مەبەستێكی ناڕەوا . هەڵبەت خۆزگە ئەرێیەكان مەبەستی چاک و ئاواتی باش و نیازی پاكیان لە خۆیانگرتووە ، بۆیە دەبێت ئەو ( خۆزگانە ) لە رێكخراوێكی سیاسی یان پیشەییدا ببێتە بەرنامەو كاری لەسەربكرێت . دەبێت شانی بدرێتەبەرو لە هیچ كۆسپ و تەگەرەیەک سڵنەكرێتەوە ، پشت بەو توێژەی رێكخراوەكە نوێنەرایەتی دەكات ، هەوڵ و تێكۆشان بۆ بەدیهێنانیان بدرێت و ، هەموو ئامرازەكانی خەباتی رێكخراوەیی بۆ بەگەڕبخرێت .

تێبینی

كورتەیەكی ئەم وتارەم ، سەبارەت بەو گۆشەیەی بە ناوی " خۆزگە " لە هەر ژمارەیەكی ( ئامانج ) دا دەنووسرا ، بۆ بڵاوكردنەوە لە ( ئامانج ) دا نارد . بەڵام بڵاویان نەكردەوە . دوایی زانیم كە ئەم گۆشەیە ئەندامێكی مەكتەبی سكرتارییەتی یەكێتیی مامۆستایانی كوردستان دەینووسێت ، بۆیە بەپێویستمزانی وتارەكە ، بۆ سوودی گشتی ، بەم شێوەیە فراوان بكەم ، ئەگینا دڵنیام لەوەی ئەو ئەندامەی سكرتارییەت لە دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێركردن ئەو خۆزگانەی نووسیوە .

كانوونی یەكەمی 2002

## دەربارەی سێیەم كۆنگرەی پەروەردەیی

لە رۆژانی 23 – 25 تشرینی یەكەمی ساڵی 2001 ، سێیەم كۆنگرەی پەروەردەیی لە هۆڵی چالاكیی گەنجان لە سلێمانی بەسترا . وەزارەتی پەروەردە ( ئیدارەی سلێمانی ) بە هاوكاری هەردوو رێكخراوی ( یۆنسسكۆ و یونسیف ) ئەم كۆنگرەیەی سازدا .
وەزارەتی پەروەردە دروشمی كۆنگرەی بە ( گەشەپێدانی پەروەردە ) دیاری كردبوو . بۆ ئەم مەبەستەش ( لیژنەی ئامادەكردنی كۆنگرە ) ی داناو ئەركی رێكخستنی ئەم كۆنگرەیەی پێسپاردن . مامۆستا علی بگ بایز اسماعیل كە بریكاری وەزارەت بوو سەرۆكایەتی ئەو لیژنەیەی خرایە ئەستۆ .

لیژنـەی ئامـادەکردنـی کـۆنگرە دوازدە لیژنـەی بـۆ ئامـادەکردنـی لێکۆڵینـەوەکـانی کـۆنگرە دەستنیشانکرد .

لێکۆڵینـەوەکـان ، یـان راستتر بڵێین ( نووسینەکـان ) ئێجگـار زۆربـوون . جگـە لـە یـازدە تەوەرە سەرەکییەکە ، کەشازدە بابەتی لەخۆی دەگرت ، تەوەرەیەکی دیکەیان بەناوی ( چەنـد بابـەتێکی پـەروەردەیی دی ) دانـابوو ، کـە ئـەویش سێزدە بابـەتی پـەیوەنـد بـە پەروەردەوەی تاووتوێ کردبوو . بابەتەکانی ئەم تەوەرەیەی دواییان کە ژمارە دوازدەی لەسەر بوو ئەمانەی خوارەوە بوون :

1 - نەهێشتنی نەخوێندەواری

2 - خوێندنی تەوزیمی

3 - نەوجەوانان

4 - پەروەردەی تایبەت

5 - کتێبخانەی قوتابخانەکان

6 - چاپخانە

7 - باخچەی قوتابخانەکان

8 - تاقیگەکان

9 - کارگەی دارتاشی

10 - فرۆشگای خوێندنگاکان و خولەکانی بەهێزکردن . ( 2 بابەتە )

11 - رابەرایەتی پەروەردەیی

12 - کارگێریی و دارایی ( 2 بابەتە )

13 - ژمێرەو تەکنەلۆجیا پەروەردەییەکان

<u>کۆنگرەو رۆڵی یەکێتیی مامۆستایان</u>

هەر لە سەرەتاوە وەزارەت داوای هاوکاری لە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان کرد . بەر لە دروستـکردنی لیژنـەی ئـامـادەکردن مامۆستا عـەلی بـەگ پـەیوەنـدی پێـوە کـردم بۆ دانـانی نوێنەرانی یەکێتیی مامۆستایان لە لیژنەکاندا ، داوای ئەوەشی لێکردم وەک سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ببمە ئەندامی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە .

لە راستیدا بەر لەو پەیوەندییە هەندێ زانیاریم لەسەر چۆنایەتی کۆنگرەکەو جۆری بەستنی و ئـەو لایەنـانە هەبوو کە خەرجییەکەیان دابین دەکرد . بۆیە ئـەندامـەتی لیژنـەکەم نـەکرد ، بەڵام گفتی ئەوەم دا کە بە هەموو جۆرێک هاریکاریی وەزارەت بکەم و ، بەهـەموو لایـەک هـەوڵی سـەرخستنی کۆنگرەکـە بـدەین ؛ ئـەگـەرچی ئـەو کاتـە بـەرامبـەر ئـەم کـۆنگرەیـەو ئـەمسـاڵیش بـەرامبـەر چـوارەم کۆنگرە کـە لـە 22 – 24 ئایاردا بـەسترا ڕاموابـوو کـە ئـەم کۆنگرانە کارێکی جیددی نین و مەبەستی سەرەکییان گەشەکردنی پەروەردەو فێرکردن نییە لە کوردستانداو ، دانانی ئەو هەموو تەوەرە سەرەکی و لاوەکییانە زێتر کارێکە بۆ راگەیاندن و ، ئـەگـەر ئـەوەش نـەبێت ، ئـەوا هـەڵگرتنی بـەردێکی ئێجگـار گـەورەیـەو کـورد گـوتـەنی : هەڵگرتنی بەردی گەورەش نیشانەی نەهاویشتنێتی . هەروەها زۆر جار چ بە نووسین و چ لە چاوپێکەوتن وبینینی لێپرسراوەکانی پـەروەردەدا ئـەو راستییەمـان دووپـاتکردۆتـەوە کـە پـەروەردەو فێـرکـردن لـە کوردستـاندا ، لـە یـەکـەم هـەنگـاوی گۆڕانکـاریـدا ، پێویستیی بـە دیاریکردنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی هەیەو دەبێت سەرەتا کۆنگرەیـەکی تایبـەت بۆ ئـەو مـەسـەلـەیـە ببـەسترێت و دواتـر بابـەت و لایـەنـە پـەروەردەییـەکـانی دیکـە لـە کـۆنگرەی دیاریکراوو تایبەتدا رێوشوێنی گەشەکردنیان دابنرێت ، بـەجۆرێـک کـە لـەگـەڵ پرنسیپەکانی فەلسەفە پەروەردەییەکەدا بێتەوە .

سکرتارییەتی یـەکێتیی مامۆستایانی کوردستـان گفتـەکـەی خـۆی بـەجێگـەیانـدو ، بـەپێـی رێنماییـەکـانی سـکرتارییەت ، هـەمـوو لقـەکـان بـەگـەرمـی بـەشـداریی کاروبـارەکـانی

خۆئامادەکرنیان بۆ کۆنگرە کرد ، بۆ لیژنەکانیش ، ئەندامانی سکرتارییەت و لقی سلێمانی بەم شێوەیە بەشدار بوون :

1) لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە — مامۆستا محمد ملا حسین
2) لیژنەی فەلسەفەی پەروەردەیی — مامۆستا سیروان نوری عزیز
3) لیژنەی مەسیرەی پەروەردەیی — مامۆستا احمد علي جواز
4) لیژنەی پرۆگرام و کتێب و هۆیەکانی فێرکردن — مامۆستا هێرش محمد حسن
5) لیژنەی تاقیکردنەوەکان — مامۆستا سلام شیخ کریم
6) لیژنەی سەرپەرشتیاریی پسپۆڕیی و پەروەردەیی( دوو تەوەرەیە ) — مامۆستا قلم فتاح حسن
7) لیژنەی پەیمانگاکان و راهێنان ( دوو تەوەرەیە ) — مامۆستا خلیل ابراهیم وروز
8) لیژنەی خوێندنی پیشەیی — مامۆستا سیروان مصطفی رسول
9) لیژنەی باخچەکان — مامۆستا وردە شمعون داود
10) لیژنەی میلاکی دواناوەندی و سەرەتایی و مامۆستایان ( دوو تەوەرەیە ) — مامۆستا فهمي علي محمود
11) لیژنەی تەنسیق لەگەڵ رێکخراوەکان و بریاری ( 986 ) / خانوبەرەو گەنجینەکان ( سێ تەوەرەیە ) — مامۆستا روونـاک مصطفی رشید
12) لیژنەی وەرزش و هونەری ( دوو تەوەرەیە ) — مامۆستا انور حمە لاو علي
13) چەند بابەتێکی پەروەردەیی دی ( ئەم تەوەرەیە — مامۆستا کمال معروف خدر

بە ژمارەسێرەمو لەراستیدا چواردە بابەت بوو وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ) .

ئەوەی لەم لیستەیەدا سەرنج راکێشی ئەوەیە کە یەک نوێنەری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ئەرکی سەرۆکایەتی لیژنەیەکیان پێنەسپاردووە .

<u>رۆژی دەستپێکردنی کۆنگرە</u>

لە رۆژی بەستنی کۆنگرەدا مەکتەبی سکرتارییەت و نوێنەرانی یەکێتی لە لیژنەکانداو کۆمەڵێک لە ئەندامانی لقەکانی یەکێتی لە شارو شارۆچکەکانەوە بەنیازی بەشداریکردن لە کۆنگرەدا ئامادەی هۆڵی کۆنگرە بووین ، بەڵام بەرەوڕووی دوو هەڵوێستی ناخۆش بووینەوە : یەکەمیان ئەوە بوو ئاگاداری ئەندامانی یەکێتی ، کە لە دەرەوە هاتبوون ، کرابوو کە پارەیان بۆ خەرج ناکرێت ، دووەمیشیان کە کارتی بەرنامەی کۆنگرە دابەشکرا ، لە نێو وتەکاندا جێیەک بۆ وتەی یەکێتیی مامۆستایان دانەنرابوو . ئەم دوو کێشەیە چارەسەرێکی نێوە ناچلیان کراو ، ئاکام بە ناوی مامۆستایانی کوردستانەوە ئەو گوتارەی نووسیبووم خوێندمەوەو دوای دانیشتنەکەی سەرلەبەیانی بە شەخسی و تەنها خۆم بێدەنگ کشامەوەو بە کۆنگرەدا نەهاتمەوە .

ئیمرۆ دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر ئەو کۆنگرەیەدا ، بریارو راسپاردەکانی هێشتا هەر مەرەکەبن و بەسەر کاغەزەوە ماونەتەوە ، بە کردەوە هیچی لێ جێبەجێنەکراوە تا کاریگەریی لەسەر رەوتی پەروەردە هەبێت و هەنگاوێک بەرەو پێشەوەی بەرێت .

هیوادارین بریارو راسپاردەکانی چوارەم کۆنگرە ، کە ئایاری ئەمساڵ بەسترا ، بە دەردی

ئەوانەی کۆنگرەی سێیەم نەچن و ، دەسەڵاتی سیاسی و پەروەردەیی واقیعییانە و بە پەرۆشەوە بیر لە ئەرکی گۆڕانکاریی بکەنەوە ، چونکە ئا بەم جۆرە کۆنگرانە تەنها کات دەکوژرێت و پارە بەفیڕۆ خەرج دەکرێت و بەرهەمێکی بەرچاو بەدەستنایەت .

تشرینی دووەمی ٢٠٠١

# کۆنگرەی پەروەردەیی و خواستەکانی مامۆستایان

ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 سەرەمێکی نوێی لەکوردستاندا لێکەوتەوە . دەسەڵاتێکی سیاسیی شۆڤێنی ڕامالّی و دەسەڵاتێکی خۆماڵیی هێنایە کایەوە . مێژوویەکی پێچایەوە و پەڕەی مێژوویەکی دیکەی هەڵدایەوە . ئەرکی سەرشانی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی لە سایەی دەسەڵاتی نوێدا کاراتر کرد . مامۆستایانی کوردستان و ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەیان لەم بەرپرسیارێتییە مێژووییە بەدەر نەبوون و ، کوردستانی دوای ڕاپەڕین لەبەردەم شێوازێکی نوێی خەباتدا ڕایگرتن و ، سەنگێکی نوێی لەمحەکدانی بۆ دانان .
ڕاپەڕین ئامانجە دێرینەکانی هێنایە بواری پراکتیکەوە ، دەزگا پەروەردەییەکانی بەر ئەزموونێکی گەورە خست . ئەم ئەزموونە لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبوو .
مامۆستایانی کوردستان لەدرێژەپێدانی خەباتی خۆیاندا ، زوو لە ڕۆڵی خۆیان تێگەیشتن . بۆیە مایەی شانازییە بۆیان کە هاوساڵی ئەزموونە مێژووییەکەی خەڵکی کوردستان ریزەکانی ڕێکخراوەکەیان ڕێکخست و ئەو زەنگەی بەدرێژایی ژیانیان ڕۆژانە لەگوێیاندا دەزرنگایەوە ، بەووە بەرنامەی خەباتیان و ئەوا بۆ دە ساڵ دەچێت لە هەموو وەرچەرخانەکاندا بەکاریدەهێنن و ، ئەمڕۆش هەر بەو زەنگە مزگێنی دواڕۆژێکی پەروەردەیی گەشەکردووی هاوچەرخ بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەمن . ئەوان هەر زوو خواستی خۆیان بۆ گۆڕانکاریی لەبەرنامەی کۆنگرەی یەکگرتووی خۆیاندا بەیانکرد .
ئەوان هەر لە سەرەتاوە پێیانوابوو کە سیستمی پەروەردەو فێرکردنی باوی سەردەمی ڕژێم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی گەرەکەو ، دەربازبوون لە ئاسەواری ئەو سیستمەی وەک مۆتەکە

بەسەر کۆڵەی سنگی خوێندکاران و مامۆستایانی کوردستانەوەیە ، پێویستیی بە هەڵوەشاندنەوەو بەرپاکردنی شۆڕشێکی پەروەردەیی هەیە .

یەکێتیی مامۆستایان لە دوای دەیەمین کۆنگرەشیانەوە بە هەمان ڕێبازو شێوازی خەباتی ڕێکخراوەیی خۆیان توانییان واقیعی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا دیاری بکەن . ئەو ڕاستییە نەشارنەوە کە پڕۆسەی خوێندنی تێدا جێبەجێ دەکرێت ، واقیعی کێشە هەمە جۆرەکان ، واقیعی زاڵبوونی سیاسەت و کلتووری پەروەردەیی سەردەمی ڕژێم ، ئەو سیاسەت و کلتوورەی دوای دە ساڵ لە ڕاپەڕین هێشتا حوکمی زۆرێک لە هەنگاوو بڕیارو کارەکانی ڕۆژانەی نێو دەزگاکانی پەروەردەی دەکرد . بۆیە ئا لەم واقیعەوە ئەو ڕاستییەی لەلا گەڵاڵە بوو کە دەبێت یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەی هەرێم هاوکارو هاوئاهەنگی یەکتری لە ئاستی ئەرکی مێژوویی سەرشانیاندا بن و بە تێکۆشانێکی ناوکۆیی لە کوردستانی ڕزگارکراودا پەروەردەو فێرکردنێکی شارستانی و هاوچەرخ بنیاتبنێن ؛ بۆ ئەم مەبەستەش یەکێتیی مامۆستایان لە یاداشتێکدا داوای کرد بە هاوکاری وەزارەت کۆنگرەیەکی پەروەردەیی ئامادە بکەن بۆ دانانی فەلسەفەی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستانداو دواتر لەبەر تیشکی ئەوەشدا ئامانجە پەروەردەییەکانی خوێندن دەستنیشان بکەن ، هەروەها داوای کرد پلانێکی پێنج ساڵەی پشتبەستوو بە ئامارو توێژینەوەی پەروەردەیی بۆ گەشەپێکردنی پەروەردەو فێرکردن دابنرێت و ، پلانەکە هەموو لایەنەکانی پڕۆسەکە بگرێتەوە ، بەمەبەستی بنبڕکردنی کاریگەرێتیی کلتووری سیستمی بەر لە ڕاپەڕین و ، سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کەسایەتیی مامۆستای کوردو ، کەسایەتیی منداڵی کوردو ، چەسپاندنی بەها شۆڕشگێرییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کوردستان لە هزرو هۆش و ڕەوشت و ڕەفتاریاندا ، نەک هەر ئەوە بەڵکو مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیمان لە ماوەی ساڵێک و دوو مانگ لە دەستبەکاربوونی ، بەردەوام جەختی لەسەر گرنگیی کۆنگرەیەکی پەروەردەیی کردۆتەوەو بایەخی بەستنی ئەم کۆنگرەیەی لە دیاریکردنی چارەنووسی پڕۆسەی خوێندندا دیاریکردووەو ، لە وتارێکی ڕادیۆییدا ئامادەیی دەربڕی کە بە هەموو وزەو توانایەکییەوە لەگەڵ وەزارەتدا هاوکاری بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە بکات .

لەسەرەتای ئەمساڵی خوێندنیشداو ، لە یەکەم کۆبوونەوەی دووەم ساڵی کارکردنیدا دیسان مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیمان ، وەک نوێنەری سەرجەم مامۆستایانی کوردستان ، مەسەلەی بەستنی کۆنگرەیەکی پەروەردەیی خستە ئەولەوییاتەکانی بەرنامەی خۆیەوە ، ئا بەم شێوەیە لە بەرنامەی ساڵی ( 2001 – 2002 ) ی خۆیدا باری سەرنجی خۆی دەربڕیوە : " لەبەر ئەوەی خەباتکردن بۆ گۆڕانکاریی پەروەردەیی تەوەرەیەکی سەرەکیی بەرنامەی ساڵی داهاتوومان دەبێت ، پێویستە ساڵی نوێ ، ساڵی پێداچوونەوەی سیستمی پەروەردەو فێرکردن لەهەموو بوارەکاندا بێت . ئەم پێداچوونەوەیە پاش بڕیاردانی سیستمی نوێ لەڕێگەی زنجیرەیەک کۆنگرەی پەروەردەییەوە دەکرێت ، کۆنگرەکانیش دەبێت ( کۆنگرەی بونیادی ) و ( کۆنگرەی چۆنایەتی بن ) " دیارە ئەرکی هەرە گرنگیشمان بۆ دەستپێکی کۆنگرەکان بەدانانی فەلسەفەی پەروەردەیی و چەسپاندنی پرنسیپی یاساسالاریی داناوە . بەم پێیە دەبێت سەرتاپای " سیستمی پەروەردەو فێرکردن ، قوتابخانەو خوێندنگاکان ، قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن بەر گۆڕانکاریی بکەون و بۆ هەر کارێک ، بۆ هەر هەنگاوێک ، بۆ هەر کێشەیەک ، بۆ هەر بەرپرسیارێتییەک ، ئیداری بێت یان هونەری، ڕێسای تایبەت و نیزامی تایبەت و یاسای تایبەت هەبێت بۆ ئەوەی پەروەردەو فێرکردن لە عەفەوییەت و ئیجتیهادو سەپاندنی میزاجی شەخسیی ئەم لێپرسراوو ئەو لێپرسراو ڕزگار بکەین " .

ئێمەی مامۆستایانی کوردستان بە ڕابەریی ئەو یەکێتییە تێکۆشەرەی کە چل ساڵە پەیام و ئاڵای گۆڕانکاریی و پەروەردەیەکی پێشکەوتنخوازانەی هاوچەرخی هەڵگرتووەو ، وەک بەشێکی زیندووی بزووتنەوەی کوردایەتی لەمەیدانی خەباتدایە ، کۆمەڵێک خواست و ئامانجمان هەیە کە لەم کۆنگرەیەدا جەختی لەسەر دەکەینەوەو بەو گیانەوە ئەندامەکانمان

هاندەدەین کە بەشدارییەکی کاریگەر لە کارەکانی ئەم کۆنگرەیەدا بکەن و بۆ سەرکەوتنی تێبکۆشن .

- ئێمە خواستمانە کۆنگرە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دیموکراتیی گونجاو لەگەڵ ئەو قۆناغە مێژووییەی گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی تێدایە پەسەند بکات .
- خواستمانە سەرتاپای پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ، هەموو توخمە ماددی و بەشەرییەکان دیموکراتیزە بکرێن و پرنسیپی دیموکراسی تێیاندا رەنگبداتەوە .
- خواستمانە گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا بێت و ، پەروەردەو فێرکردن ئامرازێکی گرنگی ئەو گۆڕانکارییە بێت .
- خواستمانە یاسا سەروەر بێت ، حکومەتی یاسا باڵادەست بێت ، پرنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی هاوچەرخ ، پرنسیپی باوی نێو کۆمەڵگاکەمان بێت .
- خواستمانە پەروەردەو فێرکردن لە نەخشاندن و چەسپاندنی ستراتیژی ئامانجە نەتەوەییەکانماندا رۆڵێکی بەرچاو بگێرێت .
- خواستمانە پرۆگرامەکانی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا مرۆڤی سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیا پێبگەیەنێت . مرۆڤێک کە بیرکردنەوەی زانستیانە بێت و ، زانست سەرچاوەی زانیاری و هەڵوێستەکانی بێت .
- خواستمانە یاساشکێنی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی منداڵ لەرێگای بەرنامەکانی خوێندنەوە بە منداڵانی کورد بناسرێن و ، لە دژی ئەو یاساشکێنی وپێشێلکردنانەخەبات بکەن و ، نەوەکانی ئیمڕۆو دواڕۆژ نەفرەتیان لێبکەن و هەرگیز ملی پێنەدەن .
- خواستمانە پاشماوەی پەروەردەی دەرەبەگایەتی لە رەگ و ریشەوە هەڵتەکێنین و هەموو جیاوازیکارییەک لەسەر بنەمای فیکرو بیروباوەڕی سیاسی ، خێڵ ، خزمایەتی ، ناسیاوی ، مەحسوبییەت ... هتد ، بنبڕبکرێت و تەنها رابردووی پاک و کەفائەت پێکەوە ، پێوەری سەرەکیی هەڵسەنگاندن و پێشخستن و پێدانی مەسئولییەت بێت چ لە بواری خوێندنداو چ لە سەرتاپای دامودەزگاکانی حکومەتدا .

بۆ ئەم خواستانە . . . بۆ ئەم ئامانجانە . . . بەو نیازو مەبەستانە . . . بانگهێشتی بەشداربووانی کۆنگرە دەکەین ... بانگهێشتی ویژدانی هەموو ئەو مامۆستا تێکۆشەرانە دەکەین کە لەم کۆنگرەیەدا بەشدارن ، هاوبەشییەکی کاریگەر لە کارەکانیدا بکەن و ، بە بڕیارو راسپاردە واقیعی و زانستییەکانیان مەدالیای سەرکەوتن لە یەخەی کۆنگرە بدەن و دواڕۆژێکی پرشنگدار بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا زامن بکەن .

تێبینی : ئەم وتارەم بە ناوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوە نووسی و لە سێیەم کۆنگرەی پەروەردەییدا خوێندمەوە . ئەم کۆنگرەیە لە رۆژانی 23 - 25 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2001 لە هۆڵی سەنتەری چالاکیی گەنجان لە سلێمانی بەسترا . دروشمی کۆنگرەکە " گەشەپێدانی پەروەردە " بوو.

٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١

# سایکۆلۆژیی گونجاندن *

## پێشەکی

هەر لەو ڕۆژەوە مرۆڤ پێ دەنێتە ئەم جیهانەوە پێویستیی بە پاراستنی یەکبینەیی ژیانی هەیە . هەر لە سەرەتاوە ژینگەیەکی دیاریکراو دەبێتە مەڵبەندی ژیانی وچارەنووسی پێوەبەستری .

مرۆڤ بۆ ئەوەی ڕەوتی ژیانی بە ئاسایی بڕوات پێویستیی بە خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەدا هەیە . ژیانی مرۆڤ خۆی بریتییە لە زنجیرەیەکی بێکۆتایی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەدا . ژینگە ، وەک زاراوەیەکی زانستی لە دوو لایەنی سەرەکی پێکهاتووە : ئەویش ژینگەی ماتەری و ژینگەی کۆمەڵایەتییە . خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ هەردووکیاندا ، مەرجی مانەوەی و ئاساییبوونی ژیانێتی . هەر ئاڵۆزییەک لە جۆری پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئەم دوو لایەنەی ژینگەدا دەبێتە مایەی ئاڵۆزیی دەروونی و ڕەوتی ئاسایی ژیانی دەشڵەژێت و وزەو چالاکیی مرۆڤانەی دادەڕووخێت . بۆیە مرۆڤ لە تێکۆشانێکی بێوچاندایە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەدا . ململانێی نێوان مرۆڤ و سروشت لەلایەک و ، لەنێوان مرۆڤ و کۆمەڵ لەلایەکی دیکەوە ، ئەو چوارچێوە ئاساییەیە کە گونجاندنی تێدا یەکلایی دەکرێتەوە . ئەم بابەتە ناوەرۆکی ئەم نووسینە دەبێت کە لەبەردەستاندایە . دیارە بەپێی هەلومەرجی ئەم کۆرسە* بە فریای نەخت و پوختێک لەم بارەیەوە دەکەوین . تەنها هەنگاوێک لە بواری ئەم زانستەدا دەهاوین . ئەو مامۆستایەشی بیەوێت لەکاری پەروەردەیی خۆیدا کارامە بێت و دڵسۆزانە لە خزمەتی منداڵە خوێندکارەکاندا بێت ، ئەوا بەری فێربوونی ئەم زانستە فراوانەو دەتوانێت لە سەرچاوەکانیەوە بەشی خۆی لێهەڵبهێنجێ و زەمینەی کاری خۆی پێ پاراو بکات .

<u>هاندەرەکان و پێداویستییەکانی مرۆڤ</u>

ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەهەرشێوەیەک بن ، واتە ڕەفتاری ژیریی ، جەستەیی ، کۆمەڵایەتی ، هەر یەکێکیان هۆیەکی دیاریکراوی خۆی هەیە . هێزێک یان وزەیەکی ناوەوەی مرۆڤ هەیە کە ئەو ڕەفتارەی لێدەرسکێ . ئەم هۆیەی ناوەوە پێی دەڵێن هاندەر ( Motive ) . کەواتە هاندەر سەرچاوەی ڕەفتارە ، چونکە بارودۆخێکی جەستەیی و دەروونی ئاراستەی ڕەفتار دەکات و رووەو بەدیهێنانی ئامانجەکەی دەبات . ئەم هاندەرە بە ئاسایی کاری خۆی دەکات ، بەڵام ئەگەر هۆکارێکی دەرەکی وروژاندی و تەگەرەی خستە سەرڕێی بەدیهێنانی مەبەستەکەی ، ئەواشپرزەیی و دڵەڕاوکێ ( Anxiety ) و شڵەژانی دەروونی دەخاتەوە.

ئەم هاندەرانە لە دووشێوەی سەرەکیدان :شێوەیەکیان هەستییەو مرۆڤ ئاگای لێیەتی ، شێوەی دووەمیان نەستییەو مرۆڤ خۆی پێی نازانێ .

ئەم هاندەرانە ، بەپەیوەندی لەگەڵ پێداویستییەکانی مرۆڤدا دەکرێن بە دوو بەشی سەرەکییەوە بەمشێوەیە :

1 ) هاندەرە بایۆلۆجییەکان : ئەمانە بریتین لەو هاندەرە سەرەتاییانەی پەیوەندییان بە بوونی جەستەیی مرۆڤەوە هەیەو پێویستیی بە بەدیهێنانی راستەوخۆو هەمیشەییە . برسێتی ، تینوێتی ، دەرهاویشتن ، حەوانەوە ، هەڵمژینی هەوا ، کرداری سێکس ، لەو هاندەرانەن .
ئەم هاندەرە بایۆلۆجییانە پەیوەندییان بەپێکهاتەی فەسلەجییەوە هەیەو هیچ کەسێک لێی بەدەر نییەو دەبێت راستەوخۆ تا رادەی سەرڕێژبوون دابین بکرێن . لەڕووی ئامانجیانەوە جێگیربوون و گۆڕینیان یان نەهێشتنیان لە توانادا نییە .
2 ) هاندەرە کۆمەڵایەتییەکان : ئەم هاندەرانە زۆرن و گەلێک جۆری جیاجیای هەیە ، کە بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و کاردانەوەی لەسەر کەسێک تا کەسێکیدی جیاوازی هەیە ، تەنانەت لای تاکە کەسێکیش بەپێی کات جیاوازی دەبێت .
هاندەری رێزلێنانی کۆمەڵایەتی ، سۆزو خۆشەویستی ، خودناساندن ، دڵنیایی ، پەیوەستبوونی کۆمەڵایەتی ، بەشێکن لەو هاندەرانە .
ئەم هاندەرانە لەرێی کۆمەڵەوە بە تاکەکان دەگەن و فێریان دەبن .
هاندەرەکان ئاراستەی رەفتاری مرۆڤ دەکەن و ، بەدیهێنانی پێداویستییەکان دوا ئامانجی هاندەرەکانە ، بۆیە زاراوەی پێداویستیی(Need) بە هاندەرەوە توند گرێدراوە .
پێداویستی ، کەموکوورییەکی جەستەیی ، کۆمەڵایەتی و دەروونییە کە لەنگەری دەروونی و فیسیۆلۆجی مرۆڤ تێکدەدات و ناچێتەوە دۆخی ئاسایی هەتا دابین نەکرێت و پڕنەکرێتەوە .
ژیانی مرۆڤ لەلایەک و ، ژیان بە دڵنیایی لە هەموو سەرێکەوە بە رادەی دابینکردنی ئەو پێداویستییانەوە بەندە .
پێداویستییەکان ، هەروەک هاندەرەکان دەکرێن بە دوو بەشی سەرەکییەوە :
1 ) پێداویستییە بایۆلۆجییەکان .
2 ) پێداویستییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان .
پێداویستییە بایۆلۆجییەکان لە پێداویستییەکانی خواردن و خواردنەوە ، سێکس ، خەوتن ، دەرهاویشتندا خۆیاندەنوێنن . پێداویستییە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەکانیش لە دڵنیایی و پەیوەستبوون و رێزلێنان و خۆشەویستی و فێربوون و خۆناساندن و خاوەنداری و سەرکەوتن و سەربەخۆیی تاکەکەس و هاوڕێیەتیدا رەنگدەدەنەوە .
دەروونی بێ گرێ و گۆڵی مرۆڤ بە رادەی بەدەستهێنانی ئەم پێداویستییانەوە بەندە ، بۆیە هەر کۆسپێک لە بەردەم ئەم پێداویستییانەدا بێت ، نەگونجاندن ( Maladjustment ) دروست دەکات و بارودۆخێکی نالەبار بۆ لایەنی دەروونی مرۆڤ دێنێتە کایەوەو ژیانی ئاسایی لێدەشێوێنێ ؛ بەبێ دابینکردنیشی لە کایەیەک یان چەند کایەیەکی کەسێتیی مرۆڤدا ، ئاڵۆزی و پاشان نەخۆشیی دەروونی لە پێکهاتەی ئەو کەسێیەتییەدا بنج دادەکوتێ .

<u>گونجاندن و نەگونجاندن</u>

**گونجاندن چییە؟**

**گونجاندن** ( Adjustment ) بەچەمکە زانستییەکەی نیشانەیە بۆ بارێکی جەستەیی و دەروونیی ئارام ، دوور لە دڵەڕاوکێ و شپرزەیی و دوودڵی .بارێکی ئاساییە کە لەگەڵ ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی تاکدا دێتەوەو لەو ئاستە دیاریکراوەی خۆیدا دەیهێڵێتەوە .
دابینبوونی پێداویستییەکان و قایلبوونی هاندەرەکانی ناوەوە نیشانەی گونجاندنن . واتە ئەو هۆکارانەی هاندەرەکان دەورووژێنن بەئەنجام دەگەن و دەبنە مایەی دامرکاندنەوەی ئەو هاندەرانەو پڕبوونەوەی پێداویستییەکان .
بەپێچەوانەی گونجاندنەوە ، نەگونجاندن بارودۆخێکی جەستەیی یان دەروونیی هەمیشەیی یان کاتییە لە بێتوانایی و سەرنەکەوتن بەسەر گیروگرفتەکاندا ، بەتایبەتی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان ؛ بەڕادەیەک ، نە خەڵکی ئەوەی لێ رەچاو دەکات و نە خۆشی وەها لە خۆی رادەبینێ .

کاتێک مرۆڤ لە جەنجاڵی ئەم ژیانەدا ناتوانێت بە دڵنیایی بژی و هەموو تواناوشارەزایی و کارامەیی خۆی بۆ بەکارناهێنرێت و بەرەورووی شکان بە دوای شکان دەبێتەوە ، کەلەبەرێک لە نێوان ئەوو ژینگە ماتەری یان کۆمەڵایەتییەکەدا دروست دەبێت و لە کۆمەڵێک رەفتاری ئاڵۆزدا تیشکدەداتەوە . ئەم بارە دەروونییە نەگونجاندنی پێدەگوترێت .

**بوارەکانی نەگونجاندن**

بە بەرینی ژیان ، بوارەکانی نەگونجاندن هەن . لەبەر ئەوە ، لە هەر گۆشەیەکی ژیاندا ئەو کەلێنە کەوتە نێوان هۆکارو ئامانجەکانی هاندەرەکان و پێداویستییەکانەوە ، نەگونجاندن دروست دەبێت . بوارەکانی پەیوەندی ناوماڵ ، پەیوەندیی برادەرایەتی ، پەیوەندییەکانی کار ، پەیوەندی سیاسی ، باری ئابووری ، بیرکردنەوەی ئایینی و فەلسەفەیی ...هتد ، بوارەکانی نەگونجاندنی خێزانی ، خوێندن ، کار ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، فەلسەفەیی ... هتد ، پێکدەهێنن .

**هۆکارەکانی نەگونجاندن**

دیارە هۆکارەکانی نەگونجاندن زۆرن . لەوەپێش ئاماژەمان بۆ هەندێکیان کرد . کاتێک ئەو هۆکارانەقووڵەبنەوە کار لە کەسێتیی مرۆڤ دەکەن . دەروونی دەگرنەوە . هۆکارە دەرەکییەکان لە ناوەوەدا جێگیر دەبن . هەندێکیان هەست پێیدەزانێت و هەندێکی دیکەیان – کە ئەمانەیان مەترسیدارترن – لە سنووری نەستدا پەنگدەخۆنەوە . ئەم بارە دەروونییە بنج دادەکوتێ و خاوەنەکەی تووشی ورە دابەزین و خامۆشبوونەوەی دەروونی دەکات ، تا ئەو رادەیەی هەندێ جار دەبێتە مایەی تێکچوونی مێشک یان تێکچوونی رژێنەکان لە لەشدا .

مرۆڤی ئاسایی ، واتە مرۆڤی گونجاو ، بەئاسانی و ، هەندێک جار بە بیرکردنەوەو چاک بەکارهێنانی ئەزموونەکانی ژیانی رابردووی ، دەتوانێت گیروگرفتەکان چارەسەر بکات . ئەمە یەکسەر بە پێچەوانەی مرۆڤی نەگونجاوەوەیە ، کە لە ئاستی گیروگرفتەکاندا دەستەوسانەو بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە پەنا دەباتە بەر راکردن و بەگژداچوون و راکێشانی بەزەیی و سۆزی کەسەکانی دەوروبەری .

ئەوانەی بەمشێوەیە هەڵوێست لە گیروگرفتەکانیان وەردەگرن ، ململانێ ( Conflict ) (یەکی دەروونی توند بەسەریاندا زاڵە . رەگەکانی ئەم ململانێیە بۆ سەردەمی منداڵی خۆیان راکێشاوە . ئەم ململانێیە لە چەندین دیاردەدا زەقدەبێتەوەو ناسنامەی دەروونیی ئەو کەسە دیاریدەکات .

**دیاردەکانی نەگونجاندن**

مرۆڤی نەگونجاو ، دەروونی کۆیلەی هەرەسهێنان و ململانێ و دڵەڕاوکێ و دامرکاندن ( Frustration ) دەبێت . ئەم روواڵەتە دەروونییانە کاریتێدەکەن و لە چەند دیاردەیەکی ئاشکرادا دەکەونەڕوو .

دیاردەکان لە یەکتری جیاوازن ، پلەی توندو خاوی جیاجیایان هەیە ، ماوەی سەرهەڵدان و مانەوەی خۆیان هەیە ، هەر بەوپێیەش چارەسەرکردنیان یان مانەوەیان بێ چارەسەرکردنی دیاردەکان لەگەڵێک رفتاردا دەردەکەون ، هەر لە نینۆک خواردن و میزبەخۆداکردن و لاساری منداڵەوە تا سەر درۆکردن و دزی و دوودڵی و وەسواسی و گۆشەگیری و لادانی جنسی و تاوانکردن . شێتبوونیش لانی ئەوپەڕی دیاردەی نەگونجاندنە و ، لەم بارەدا مرۆڤ لەخۆی و کۆمەڵ نامۆ دەبێت و مەترسییەکی گەورە بۆ سەر خۆی و کەسوکاری و گشت کۆمەڵ دروست دەکات .

لێرەدا هەندێک تایبەتیتر لەو دیاردانە دەدوێین بەتایبەتی ئەوانەیان کە پەیوەندییەکی بەرچاویان بەبابەتەکەمانەوە هەیەو دەشێت لە نێو خوێندکارو فێرکارەکاندا بەدییان بکەین و لەفێرگەکاندا بینەڕێمان .

1) ململانێ

بەگشتی ،ململانێ بریتییە لە دوو هاندەری دژ بەیەک کە ناتوانرێت هەردووکیان لەیەک کاتدا پڕبکرێنەوە. هەروەها وەک بارێکی دەروونی ، تا رادەیەک سەقامگیر لە شڵەژان و دڵەڕاوکێ پێناسە دەکرێت . بەم پێیە ململانێ جەنگێکی ناوخۆیە لەکەسێتیدا ، نەبوونی یەکێتی و هاوکێشەیەکی هەمیشەیی دەروونییە ، قڵیشان و هەرەسهێنانی کەسێتییە ، بەیەکداچوونی دژەکانی ناوەوەیە .

ململانێ یاسایەکی بنەڕەتیی ژیانە . ئەم یاسایە کار لە دەروونیش دەکات . مانەوەی یان چارەسەرکردنی بەندە بەوشێوەیەی رەفتاری لەتەکدا دەکەین . رەفتارکردنەکەش پەیوەندی بە رادەی ناسینییەوە هەیە .

ململانێی دەروونی تایبەتمەندی خۆی هەیە ،شێوەی جیاجیای هەیەو ، بەوپێیەش ناوی جیاجیای لێنراوە لەوانە :

1/1 – ململانێی دەستپێشخستن ( صراع الاقدام ) .
2/1 - ململانێی دەستکێشانەوە ( صراع الاحجام ) .
3/1– ململانێی دەستپێشخستن و دەستکێشانەوە ( صراع الاقدام والاحجام ) .

شێوەکانی ململانێ

هەندێک لە زانایانی سایکۆلۆجی شێوەکانی ململانێی دەروونی بەم چەشنە ریزدەکەن :-

1/1 – ململانێی دەرەکی .
2/1 – ململانێی ناوەکی .
3/1 – ململانێی کاتی و تێپەڕ یان هەمیشەیی و جێگیربوو .
4/1 – ململانێی سادەو ئاڵۆز .
5/1 – ململانێی هەستی و نەستی ( الصراع الشعوري واللاشعوري ) .

هەر ئەم زانایانە لایان وایە ، ململانێی دەرەکی هیچ زیانێک نابەخشێت ئەگەر مرۆڤ بەرهەڵستی بکات و لە ناخیدا جێگەیەک بۆ خۆی نەکاتەوە وەک : " گرانی ، هەژاری ، یاسا ، سەقەتی ، نەخۆشیی بێچارە ...هتد .)

ئەوان ململانێی ناوەکی بەگرنگ وەرەگرن و بەمەترسی دەزانن . جگە لەمەش ، ململانێی نەستی بە هۆکارێکی سەرەکی تێکچوونی کەسێتیی مرۆڤ دەزانن و هەموو نەخۆشییە دەروونی و ژیرییەکان بۆ ئەم هۆکارە دەگێرنەوە .

2 ) دامرکاندن

کاتێک مرۆڤ لەوە دەگات کە کۆسپێک رێگری دابینبوونی پێداویستییەکانێتی و لەنێوان ئەوو ئامانجەکانیدا تەگەرەیە ، یان پێشبینی لەوە دەکات و هیوای بە جێبەجێبوونیان نامێنێت ، تووشی بارێکی دەروونیی خامۆش و داتەپیو دەبێت . ئەم بارە دەروونییە لە زانستی سایکۆلۆجیدا بە دامرکاندن ( الاحباط ) ناو دەبرێت . گەیشتن بەم بارە دەروونییەش بەندە بە روانگەی خودی مرۆڤەوە بۆ هاندەرەکانی ، بیروباوەڕی ، پێداویستییەکانی ، ئەزموونەکانی ، بڕوابەخۆبوونی . ئەم بارە دەروونییە لە ئاوێتەی بڕوابەخۆنەبوون و بڕوا بەکۆمەڵ دۆڕاندنەوە پەیدا دەبێت . ئەم بڕوانەمانەشێوەی دامرکاندنەکە بەم چەشنە دادەڕێژێت :

1/2 - دامرکاندنی دەرەکی : ئەم چەشنەیان لە سێ دیاردەدا خۆی دەردەخات :
1/1/2- نەداری دەرەکی ، وەک : ( هەژاری ، نەخوێندەواری ) .
2/1/2 - بێبەشبوونی دەرەکی ، وەک : ( نەمانی دەستکەوتێک یان هەڵپێچانی بارێکی گونجاو ) .
3/1/2 - کۆسپی دەرەکی ، وەک : ( بوونی هۆکارێکی گەورە لەبەردەم ئامانجەکاندا جا ئەو هۆکارە ماددی بێت یان کۆمەڵایەتی ) .
2/2 – دامرکاندنی ناوەکی : ئەم چەشنەیان لە سێ دیاردەدا دەردەکەوێت :
1/2/2 - نەداری ناوەکی ، وەک خەوشی جەستەیی و زگماکی یان ئیفلیجی ...هتد .

2/2/2 - بێبەشبوونی ناوەکی ، وەک : کوێربوون ، کەڕبوون ، نەمانی هەر ئەندامێکی لەش لەناکاودا .

3/2/2 - کۆسپی ناوەکی ، وەک : ئارەزووکردنی بەئەنجامگەیاندنی دوو کاری هاوتا لەڕووی بەهاو ویستەوە.

3) دڵەڕاوکێ

دڵەڕاوکێ ( القلق ) ترسێکی ناوەکییە لە نادیارێک یان لە هەڵوێستێکی نوێ یان لە ڕووداوێک کە یەکلاییکردنەوەی لەدەستی مرۆڤدا نەبێت و بەگەڵێک هۆکارەوە بەند بێت کەلەژێر رکێفی دەرچووبێت یان زیانی لێرەچاو بکات .

سەرچاوەی دڵەڕاوکێ ناخی مرۆڤ خۆیەتی . ترس ، جا ئەو ترسە بەهەرشێوەیەک بێت ، هۆکاری بنەڕەتیی دروستبوونیەتی . مانەوەشی بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی شڵەژانی دەروونی و پاشان بە نەخۆشیی دەروونی دەشکێتەوە .

دیاردەکانی دڵەڕاوکێ ئاشکران و زۆربەی لە ڕەفتاردا دەردەکەون و رواڵەتی جەستەییان هەیە وەک دڵەکوتێ ، هەناسەبڕکێ ، ئارەقەکردنەوە ، سەرگێژبوون و وڕبوون ، هەستکردن بە ماندوویەتی ، سکچوون ، میزەچوڕکێ ، ڕشانەوە ، لەهۆشخۆچوون ، هەڵلەرزین و دانەچۆقێ ، زووهەڵچوون و پەرتوبڵاوی هۆش و بێئۆقرەیی ... هتد .

4 ) کپاندن – Repression

کپاندن ( الکبت ) بریتییە لە دوورخستنەوەی هۆکارەکانی بزواندنی دوودڵی و بیرەوەری ناخۆش و ناشیرین و هەندێک هاندەری هەستی و پاڵپێوەنانی بەرەو دیوی بێئاگایی لە هۆشدا . ئەم دوورخستنەوەیە بەشێوەیەک ئەنجام دەدرێت کە نە بە زمان و نە بە بیرکردنەوە بواری دەربڕینی دەبێت .

کرداری کپاندن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هێواشکردنەوەی رادەی دڵەڕاوکێدا . ئەم کردارە لە منداڵییەوە دروست دەبێت .

منداڵ لەکاتی هەوڵدانیدا بۆ بەدیهێنانی هاندەرەکانی ناوەوەی ، بەرەوڕووی دەسەڵاتێکی دەرەکی دەبێتەوە . ئەم دەسەڵاتە باڵایەرێگری ئارەزووەرەهاکانی ئەو دەبێت . لەڕێگای سزادانەوە بەشێکی ئەو هاندەرانەی بۆ نایەتەدی تا بەرە بەرە ململانێی نێوان ئەوو دەسەڵاتە باڵاکە دەگەڕێتەوە بۆ ناخی خۆی . ئەم گەڕاندنەوەیە بەرەو ناخ لەشێوەی ململانێیەکی ناوەکیدا دەبێت تا لەنگەری خۆی دەگرێت . ئەم لەنگەرگرتنە کپاندنی هاندەرەکانی پێدەڵێن . واتە بەشی هەست بەجێیەهێڵن و لە بەشی نەستدا جێدەگرن .

ململانێ دەروونییەکان ، چ لە منداڵیدا دوای قۆناغی جێگرتنی کردارەکە و ، چ لە گەورەبووندا وەک مرۆڤێکی پێگەیشتوو ، بەشێوەیەکی شاراوەو نادیار خۆیان لە ڕەفتاردا دەردەخەن.

گومان لەوەدا نییە کە کپاندن ئاسەواری زیانبەخشی هەیە ، چونکە هاندەرە کپکراوەکان بە سستی نامێننەوە بەڵکو دەبزوێن و خۆیان لە سنووری هەست دەدەن ؛ هەر کە بەرپەرچی کۆمەڵایەتیش درانەوە ، شڵەژانی دەروونی پێکدەهێنن یان گرێ دەروونییەکان چڕتردەکەنەوەو دەبنە مایەی نەخۆشیی جەستەیی و دەروونی و لادان لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و تەنانەت تاوانکردنیش .

<u>شێوازەکانی بەرگری یان شێوازەکانی نەست بۆ گونجاندن</u>

چۆن مرۆڤ بەرەوڕووی زۆرانبازییە دەروونییە جیاجیاکان رادەوەستێت ؟

بۆ بەرپەرچدانەوەی دیاردە دەروونییەکانی نەگونجاندن ، نەست پەنا دەباتە بەر چەند شێوازێکی بەرگری و بەو هۆیەوە تەنگوچەڵەمە دەروونییەکان چارەسەر دەکات و ئارامی بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە .

ئەم شێوازانە مەبەستێکی نەخشەبۆکێشراوی نییە ، بەڵکو بەبێ بیرکردنەوەو بەرنامە جێبەجێ دەبێت و کاریگەرێتی کپاندن و دڵەڕاوکێ و ململانێ و دامرکاندن لەسەر مرۆڤ کەمدەکاتەوەو بەو هۆیەوە درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆی دەدات .

ئەم شێوازە نەستییانە شوورەیەکی بەرگرین لە ئاستی گشت تێکچوون و شپرزەبوونێکی دەروونی وەک : رامان و هەڵچوون و هەستکردن بە کەموکووڕی و ڕەشبینی و شەرمنی و ترس و خۆبەکەمزانین وگۆشەگیری و گومان و ... هتد ، کە بەبێ ئەم میکانیزمە ژیرییە ژیان بەسەرنابرێت و لە خانەی مەحاڵدا دەبێت .

ئەم شێوازانە بەشێوە ئاساییەکەی میکانیزمی ژیریی هەموو یەکێک پێکدەهێنێت ، بەڵام دەرکەوتنی بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر ، بۆ خۆی نیشانەی تەنگوچەڵەمەیەکی دەروونی ئێجگار قووڵە .

شێوازەکانی بەرگری زۆرن بەڵام زاناکان بەپێی تایبەتمەندییەکی گشتی ، لەسێ گرووپدا کۆیان کردوونەتەوە، کە بەوشێوەیە ریزبەندییان پێدەبەخشن :

یەکەم /شێوازەکانی هێرشبردن

1/1 پڕکردنەوە Compensation

هیچ مرۆڤێک نییە لایەنێک لە کەسێتییەکەیدا کەموکووڕی تێدا نەبێت ، بۆیە پڕکردنەوە ( التعويض ) ، هۆکاری قەرەبووکردنەوەی ئەو کەموکووڕییەیە . بەڵام ئەم شێوازە هەندێک جار لەڕادەبەدەر خۆی دەردەخات و وەک کاردانەوەیەکی هیچ و پووچ دەکەوێتەڕوو . ئەمەش نیشانەی ئاڵۆزی و کوێریی گرێی کەموکووڕی و خۆبەکەمزانینە .

2/1 پاساودان Rationalisation

پاساودان ( التبرير ) دۆزینەوەی هۆیەکی بەجێیە بۆ رەفتارێکی نالەبار یان هەڵەیەک یان کارێکی خەوشهەڵگر ، بەوشێوەیە مرۆڤ خۆی لە ئەنجامی ئەو رەفتارە دەرباز دەکات و خەوشەکانی دادەپۆشێت و لە سەرزەنشتی کۆمەڵ خۆی دەپارێزێ .

3/1 بەماڵداسوون Projection

بە ماڵداسوون ( الاسقاط ) شێوازێکی دیکەی نەستە بۆ خۆقورتارکردن لە تەریقی و کەموکووڕی و دڵەڕاوکێ و دوودڵییەک کە بە هۆی رەفتارەکانییەوە مرۆڤ تووشیان دەبێت . هەندێک : خەوشەکانی ، ئارەزووە دزێوەکانی ، ترسەشاراوەکانی کەموکووڕییەکانی بەملی خەڵکیدا دەسوێ و دەستی خۆی بەوان دەسرێت ، یان دەیانخاتە ئەستۆی چارەو بەخت و ناوچەوان و شتی کە ، بۆ ئەوەی خۆی لێ بێبەری بکات . بەم شێوەیە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی خۆی دادەماڵێت و لە گەردنی کەسانیدیکە یان بەپاڵ شتی دییەوە دەنێت .

4/1 تێهەڵکێشبوون Identification

تێهەڵکێشبوون یان یەکانگیربوون ( التقمص ) بریتییە لە خۆدیتنەوە لە کەسێتییەکی دیکەدا . واتە توانەوەو تێهەڵکێشبوونی کەسێتییەکە لە کەسێتییەکی کەدا . کەسێتیی دووەم نموونەی هەرە باڵای کەسێتیی یەکەم دەبێت لە یەکێک لە بوارەکانی ژیاندا ، وەک ئەوەی کە کەسێتییەکی سەرکەوتوو بێت لە بەدیهێنانی ئامانجێکدا کە ئەمیش هەمان پەرۆشیی هەبێت بۆ ئەو ئامانجە . بەم خۆتێهەڵکێشکردنە لە کەسێتیی دووەمدا هاندەرەکانی خۆی دابیندەکات .

5/1 دەستدرێژی Aggression

دەستدرێژی ( العدوان ) بریتییە لە خۆئازاردان یان خەڵکی ئازاردان یان هەرشتێک کە هێمایان بێت و بتوانێت پێیان بڕژێت .

دەستدرێژی ، لەشێوەی : دەستدرێژیی جەستەیی ، جنێودان ، پیلانگێڕان ، پاشقولگرتن ، سووکایەتیپێکردن، ناتۆرەلێنان ، پاشملەقسەکردن و تەنانەت نوکتەی رووشێنەروقسەی بەتوێکڵ و شت شکاندن و پژاندن و دڕاندن ...هتد ، دەردەکەوێت .

هەندێ جار دەستدرێژی لە کەسی مەبەستەوە دەگوێزرێتەوە بۆ هەر شتێک نیشانەی ئەو بێت . هەروەها دەشێت شێوازێکی سەرەکی دەستدرێژی بەرەو خودی مرۆڤ بگەڕێتەوەو

هەندێ رەفتار بنوێنێت و زیان بەخۆی بگەیەنێت ، واتە خۆی ئازاربدات . ئەم بارە تایبەتییەی دەستدرێژی کاتێک ڕوودەدات کە ڕووەو نەرمەوە بواری جووڵانەوەی نەمابێت .

دووەم / شێوازەکانی کشانەوە

1/2 گۆشەگیری Introversion

گۆشەگیری ( الانعزال ) دوورکەوتنەوەی مرۆڤە لەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییانەی کە دوودڵی و دڵەڕاوکێی تێدا دەبزوێت ، بە نیازی خاوبوونەوەی رادەی ئەو شڵەژانە دەروونییەی ئەنجامی هەڵوێستەکە دەبێت .

مرۆڤ بۆ ڕاگرتنی هاوکێشەی ناوەوەی گۆشەگیر رادەوەستێ تا لە ئاستی ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییانەدا ، کە ئەزموونی تاڵیان بە گەرووداکردووە ، دووچاری تێشکان نەیەت .

2/2 دەستبەرداری Resignation

دەستبەرداری یان خۆبەدەستەوەدان ( الاستسلام ) بریتییە لە ملکەچبوون بۆ ڕووداوەکان و وازهێنان لە هەوڵدانی خۆگونجاندن لەگەڵیاندا . ئەم شێوازە بەرگرییە لەشێوەی دەبەنگبوون و گوێپێنەدان و مشوورنەخواردندا دەردەکەوێت .شێوەیەکە لە سەلماندنی بێتوانایی و دەستەوسانبوون لە ئاستی بزوێنەرەکانی هەڵوێستی کۆمەڵایەتیدا . لەناواخنیدا خۆبەدەستەوەدانێکی مەترسیداری دەروونییە بەرامبەر دەرووبەرو رەوتی ژیان و گرفتەکانی سەرێی ئەو رەوتە .

3/2 وشکهەڵاتن Fixation

وشکهەڵاتن ( الجمود ) سووربوونی مرۆڤە لەسەر پەیرەویکردنی رەفتارێکی دیاریکراوو ، دووپاتکردنەوەی ئەو رەفتارەو ، هەوڵنەدان بۆ گۆڕینی . ئەم سووربوونە وشکهەڵاتنی دەروونی پێکدەهێنێت ، ئەم رەفتارە ئارامکردنەوەی دەروونیی خاوەنەکەی دەبێت لە ئاستی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی کۆششی گەرەکە . جۆرێکە لە دەستبەرداربوونی رۆڵی کەسێتی لەو گێرمەوکێشە جۆراوجۆرانەی گۆڕانکاریی دەیهێنێتە پێشەوە .

4/2 زیندەخەو Day-dreams

زیندەخەو ( أحلام اليقظة ) بریتییە لە زنجیرە چیرۆکێک کە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی دەگێڕێتەوەو بابەتەکەشی دەربارەی خۆیەتی . لە رووی زانستەوە کۆمەڵێک وەڵام و بەدەنگەوەهاتنی جێگرە بۆ وەڵام و بەدەنگەوەچوونێکی واقیع کە لە ئەنجامی بێتوانایی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات ؛ ئەوەی لە واقیعدا تواناى بەسەریدا نییە لە خەیاڵ و زیندەخەودا لەژێر رکێفی خۆیدا دادەنێت . کەمێکی ئەم شێوازی بەرگرییە ئاساییەو مرۆڤ زۆرجار پەنای بۆ دەبات ، بەڵام زۆرینەیەکی دەبێتە نەخۆشییەکی دەروونی کە چارەسەرکردنی ئاسان نییە .

5/2 بەدواداهاتن Regression

بەدواداهاتن یان گەڕانەوە کردارێکی نەستییە بۆ بەرگریکردن . مرۆڤ لەم رێیەوە بەدوادادێت و دەگەڕێتەوە سەر ئەو شێوازانەی لە منداڵیدا بەکاریهێناون .

رەفتاری منداڵانە و گەڕانەوە بۆ سەردەمێکی پێشووتر لە رەفتاردا ئەرکێکی گرنگ دەبینێت لە کایەی گونجاندن لەگەڵ ئەو گیروگرفتانەدا کە چارەسەرکردنێکی ژیرانەیان بۆ نادۆزرێتەوە ، هەروەها بۆ دوورخستنەوەی هەستکردنە بە سەرنەکەوتن لە ئاستی ئەو گیروگرفتانەدا .

هەندێک دیاردەی نەڕەنەڕو گریان و لاساری نیشانەی ئەم کردارە نەستییەن .

سێیەم /شێوازەکانی بەزەیی‌راکێشان

1/3 هستیریا Hysteria

کۆمەڵێک دیاردەیەکە ئەندامێکی لەش یان چەند ئەندامێک یان مێشکی مرۆڤ پەکدەخەن و توانای هەستکردنی لێدەبڕن و بەرپرسیارێتی لەدەستدەدەن . بەم پێیە لە رەخنەی کۆمەڵ دەیپارێزن .

بەگشتی هستیریا هۆیەکە بۆ چارەسەرکردنێکی کاتیی ململانێی دەروونی . شێوازێکە بۆ راکردن لەو هەڵوێستانەی دەبێت وەڵامیان پێبدرێتەوە . هەروەها رێگایەکی نەستییە بۆ سەرنجڕاکێشان و بەزەییپێداهاتنەوە .

## 2/3 وەسواسی Obsession

وەسواسی ( الوسواس ) بیرێک یان ئارەزوویەکی تەواو زاڵە بەسەر مێشکی مرۆڤداو بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت بیری لێنەکاتەوەو لەخۆی دووربخاتەوە . مرۆڤ خۆی دەزانێ کە ئەم بیرکردنەوەیە یان ئەم ئارەزووە هەڵەیەو سوودی نییە ، بەڵام ناتوانێت بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و ، دەست بداتە هەر شتێکیش بەنیازی بیرچوونەوە ، بیرکردنەوەکە خۆی بەسەریدا دەسەپێنێتەوەو مێشکی جەنجاڵ دەکات .

## 3/3 ناچاریی Compulsion

ناچاریی ( القهر ) لە ناوەرۆکدا کردارێکە وەکو وەسواسی ، بەڵام ئەمیان رووەو بە ئەنجام گەیاندن دەچێت. لەم شێوازە نەستییەدا ، مرۆڤ بێ ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا هەبێت ، دەست لە کارێک دەدات کە ئەو بیرە یان ئەو ئارەزووەی پێدەرببڕێت گەرچی بێسوودی و بێبایەخیی کارەکەشی لەلا ئاشکرایە . هەندێ رەفتار لە بواری هەندێ خوودا ، کە بەردەوام دەبێت و مرۆڤ لەسەر پەیڕەوکردنی دەمێنێتەوە ، نموونەی ئەم شێوازەی بەرگریکردنن .

## 4/3 فۆبیا Phobia

فۆبیا یان نەخۆشیی ترسەکان ( المخاوف المرضیة ) ترسێکی نابەجێیەو مرۆڤ ناتوانێت هیچ بەهانەو بیانوویەکی لۆژیکی و ژیریی بۆ بدۆزێتەوە . ئەم ترسە کارێکی خراپ دەکاتە سەر مرۆڤ و ، بەپێی رادەی زۆری و توندیی ترسەکە ، گونجاندنی دەشێوێنێ .

فۆبیا نەخۆشییەکە لەسەردەمی منداڵیدا تووشی مرۆڤ دەبێت و لەگەڵ گەورەبوونیدا ئەویش قووڵترو پەرەسەندووتر خۆی دەنوێنێ . باوکان و دایکان و دەوروبەری منداڵ ئەم ترسە گەورەیە لە منداڵدا دروستدەکەن و لێی بەرپرسیارن . چارەسەرکردنیشی ئاسان نییە ، مەگەر لە نەخۆشخانەکانی چارەسەرکردنی دەروونیدا نەبێت .

ئەرکی شێوازەکانی بەرگری

شیوازەکانی بەرگری گەلێک ئەرک جێبەجێ دەکەن . تایبەتمەندی ئەم شێوازانە ، وەک لەوەپێش ئاماژەمان بۆ کرد ، خۆڕسکن ، نەستین و رکێفیان بەدەست مرۆڤەوە نییە . ئەم تایبەتمەندییە بۆتە هۆی سپاردنی چەند ئەرکێک پێیان کە لە خزمەتی پاراستنی هاوکێشەی دەروونیی مرۆڤدا بن . گرنگترین ئەو ئەرکانە بریتین لە :

1 ) کەمکردنەوەی دوودڵی و شپرزەیی دەروونی کە هاوشانن لەگەڵ تەنگوچەڵەمە دەروونییەکاندا .

2 ) باری شانی مرۆڤ لەژێر قورسایی تەگەرە ماددی و مەعنەوییەکانی ژیاندا سووک دەکەن .

3 ) لەو خەوش و کەموکووڕییە دزێوە شاردراوانە دەیپارێزن کە لە کەسێتیدا هەیە .

4 ) مرۆڤ لە هەستی کەموکووڕی و خۆبەکەمزاسین دەپارێزن .

5 ) لەو ئازارو ژانانە دەیپارێزن کە لە جەستەی خۆیەوەو لە هەڵوێستی خەڵکیشەوە پێیدەگەن .

6 ) یارمەتی دەدەن تا بەرگەی باری گرانی ژیان و تەنگوچەڵەمەکانی بگرێت .

7 ) یارمەتی دەدەن بۆ خۆشاردنەوەو هەڵاتن لە چنگ ئەو ململانێیانەی یەخەی دەگرن .

8 ) کەمێک ئارامی و دڵنیایی کاتیی پێدەبەخشن .

نیشانەکانی گونجاندن

بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤی گونجاو لە مرۆڤی نەگونجاو ، بۆ ناسینەوەی رادەی گونجاندن چەند نیشانەیەکی گشتی هەیە کە ئەم خاڵانەی خوارەوە هەندێکیانن : -

1 - رادەی سەلماندنی راستیی تواناو وزە تایبەتییەکانی .

2 - ڕادەی ئاساییبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی .
3 - ڕادەی سەرکەوتنی لەکارەکەیداو قایلبوون پێی .
4 - ڕادەی کارامەیی لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا .
5 - چالاکیی هەمەلایەنەو گشتی لە بوارە جیاجیاکاندا .
6 - ئەندازەی بەدیهاتنی هاندەرو پێداویستییەکانی .
7 - جێگیربوونی ڕێبازی ژیانی .
8 - بەرپرسیار بێت بەرامبەر کردارو بڕیارەکانی و ئەنجامەکانی لە ئەستۆی خۆی بنێ .

گیروگرفتەکانی گونجاندن لە قۆناغی منداڵیدا

بەگشتی منداڵ گیروگرفتی گونجاندنی هەیە .منداڵ هەر لەو ساتەوە پێدەنێتە ژیانەوە ، دەخرێتە نێو کردارێکی کۆمەڵایەتییەوەئەویش کرداری رامبوونی کۆمەڵایەتییە ( التطبیع الاجتماعي ) . لە پرۆسەی ئەم کردارەدا بەرەنگاری داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە ، دەکەوێتە زۆرانبازی لەگەڵیاندا ، تا دوا ئاکام لەنگەری دەروونیی خۆی دەگرێت و وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵە رەوتی ژیانی ئاسایی خۆی دەدۆزێتەوە.

هەر لەم پرۆسەیەدا دەشێت تووشی نەگونجاندن ببێت و گیروگرفتی قووڵ سەرەڕێگەی پێبگرێت . ماڵەوەو ئەندامەکانی ، قوتابخانەو ئەندامەکانی ، کۆڵان و بازاڕو ژینگە کۆمەڵایەتییەکە کاری تێدەکەن و ئاڕاستەی چۆنیەتی گونجاندن یان نەگونجاندنی دەکەن .

باری جەستەیی خۆی ، واتە تەندروستی و پێکهاتەی بایۆلۆجی و ژینگە فیزیکییەکەشی رۆڵی خۆیان لەو گونجاندن و نەگونجاندنەدا هەیە . بۆیە منداڵ لەم قۆناغەدا مامەڵەیەکی تایبەتی دەوێت ، بەتایبەتی ئەو راستییە زانستییەش دەزانین کە رەگی گەلێک شڵەژان و تێکچوونی دەروونی لە قۆناغی منداڵیدا بنج دادەکوتێت .

ئەگەر ئەو راستییەی سەرەوە بۆ هەموو منداڵان گشتی بێت ئەوا بۆ منداڵانی کوردستان تایبەتییەو بۆ منداڵانی گوندەکان زۆر تایبەتیترە سەبارەت بە هەموو ئەو کوێرەوەرییانەی بەسەریاندا هاتووەو ، ئەو راتڵەکانە دەروونییانەی چەندین جار لەناو خێزانەکانیاندا ، لەناو گوندەکانیاندا ، لە کاتی راگواستندا و لەکاتی ئاوارەیی چەند جارەدا تووشی بوون . ئەم بارە تایبەتییە پێویستیی بە رەچاوکردن و بەتەنگەوەهاتن هەیە .پێویستیی بە ئارامی و هێمنی و کرداری زانستییانە بۆ چارەسەرکردنیان هەیە تا بتوانن ئاسایی ببنەوەو مرۆڤی تەندروست و دەروونندروستیان لێدەرچێت .

لەم بەشەدا هەندێک لەو گیروگرفتانە ریز دەکەین کە منداڵان لەم قۆناغەی ژیانیاندا دەیان بێت ، لەشێوەی چالاکیدا وەک سیمینار لێی دەدوێین و بە دیاردە دەروونییەکانی نەگونجاندنەوەیان دەبەستینەوە . * هەروەها هەوڵدەدەین چەندین گیروگرفتی نوێ دەستنیشان بکەین تا بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونی ناسین و لێکۆڵینەوەو چارەسەرکردنی گیروگرفتە گشتییەکان بگەینە کوێرە گرێی ئەم گیروگرفتانە لە ژیانی منداڵداو ، بیخەینە سەر دەسگای شیکردنەوەو بیانرەوێنینەوە .

لیستی گیروگرفتەکان

ترس
شەرمکردن
تووڕەیی
دەستدرێژی
ئیرەیی
دڵەڕاوکێ
درۆکردن
دزیکردن
دیارنەبوون لە قوتابخانە

خۆدزینەوە لە قوتابخانە
دواکەوتن لە خوێندندا
نینۆک خواردن
میزبەخۆداکردن
زمانگرتن **
تێبینی
* ( سایکۆلۆژیی گونجاندن ) یەکێک لە وانەکانی ئەو کۆرسە پەروەردەییە بوو کە بۆ یەکەم جار رێکخراوی ( یونسیف ) دوای راپەڕین ، لە کۆتایی ساڵی 1992 دا ، لە بەشی ئامادەکردن و راهێنانی پەروەردەی سلێمانیدا کردییەوە . ئەو مامۆستایانەی بەشدارییان لەم کۆرسەدا کرد ، ئەوانە بوون کە بۆ چەند ساڵێک ، بەهۆی بارودۆخی عێراق و کوردستانەوە لە قوتابخانەکانیان دابڕابوون . نووسین و گوتنەوەی ئەم وانەیە بە من سپێردرا . ئەم نووسینەم بۆ ئەو کۆرسە ئامادەکرد و ئەو کاتە بۆ بەشداربووانی کۆرسەکە بە تایپ و رۆنیۆ چاپیان کرد .من لەبەر هەندێ کاروباری خۆم بۆم نەکرا وانەکە بڵێمەوە ، بەڵام هەر لەسەر ئەم نووسینە مامۆستا مصطفی کمال حمەرەش( یادی هەر زیندوو بێت ) گوتیەوە .
** ئەم چەند دێرە بۆ بەشداربووانی کۆرسەکە ئاراستەکراوەو زێتر بۆ پراکتیکی بابەتەکانی پێشەوەیە بەسوودوەرگرتن لەو لیستە گیروگرفتانەی منداڵان هەیانە .

سەرچاوەکان

1 ) د . احمد عزت راجح ، اصول علم النفس ، دارالقلم ، بيروت ، لبنان .
2 ) د . سيد عبدالحميد مرسي ، الارشاد النفسي ، الطبعة الأولى ، 1976 ، مكتبة الخانجى ، القاهرة .
3 ) د . ابراهيم مهدي الشبلي وآخرون ، المشكلات التربوية في المدرسة الإبتدائية ، الطبعة الرابعة ، 1983مطبعة وزارة التربية رقم (1 ) ، بغداد .
4 ) د . عبدالجليل ابراهيم الزوبعي ، علم نفس الطفل ، الطبعة السادسة ، 1987 ، مطبعة وزارة التربية رقم ( 2 ) أربيل .
5 ) د . ابراهيم عبدالحسن الكناني وآخرون ، علم النفس العام ، الطبعة الأولى ، 1987 ، مطبعة وزارة التربية رقم ( 3 ) ، بغداد .


تشرینی یەکەمی 1992